
سروە

ئەدەبی - فەرهەنگی

٨

ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی
ئینتیشاراتی صلاح الدینی ئەیووبی

گۆواری ئەدەبی - فەرهەنگی سروە - ساڵی دووهەم ژمارە ٨ زستان ١٣٦٥ - نرخ: ١٥ تمەن



موناجات

«مەولەوی»

باعیس وجوود جە ماە تا ماهی
دەلیل ئیسبات سونع ئیلاهی

زیای بینایيم ، نوور چەمانم
سەرمایەی حەیات دین وئیمانم

من وێم مزانوو بێ ئەمریم کەردەن
ئیتاعەی فەرمان عەبدیم نەبەردەن

عومرم سەراپا غەرق غەفڵەتەن
زاد ئاخرم بار خەجڵەتەن

بەڵام مشیۆ تۆ وە فەزڵەکەی وێت
کردەی من نەبۆ بەهانە پەرێت

ئیغماز کەی جە گرد نابەکاری من
جە رووسیایی و بەدکرداری من

پەی من کافی یەن ئەی گرد ئینفیعال
بۆ بە رەحم وێت بکەرەم پامال

مەدیە وە تۆمار کردەی وێەردەم
بدیە وە زەردی روخسار ئاوەردەم

هەرچەند شایستەی عەفوت نەداروون
رووی شەرمەندەگی وە دەرگات ماروون

جە بەحر کەرەم بێ بەشم مەکەر
شەڕ نەفسانی جە راگەم لابەر

تا بە فەزڵ وێت بوانیمەوە
جە دەس هەوای نەفس بسانیمەوە

بەڵکم جەی ئاخر پەی وێم فکرێ کەم
تەدارەک پەی چەند تەزبێح زکرێ کەم

بەڵام بەو شەرتە چەنیم قبووڵ کەی
بەهانەی ئەسباب عەفوم وسووڵ کەی

نەفس بەدکردار ، بێ دین بەدبەخت
شووم سەرگەردان خەیاڵات سەخت!

پەی چێش عادەتت وە گوناە کەردەن
ژار مەحروومی رەحمەتت وەردەن

راگەی حەقیقەت جە ویرت شیەن
یادت پەی مەحبووب حەقیقی نیەن

مەوتەن ئەسڵیت نە خاتر لوان
مێخ مۆبەتت نە رووی خاک کوان ؟

دایم گرفتار ئارەزووی خامی
یەکسانەن پەرێت نیکی وبەدنامی

گا خەریک دەرد هەوای مەجازی
گا مەشغووڵ کەسب کیبرو نیازی

گا غەرق هەوای وەسڵ نازاری
گا حیرەت زەدەی روخسار یاری

هیچ هۆشت نیەن حەق خەبەردارەن
فەردا رۆی حیساب میزان کارەن

فکرێ کەرەوە ، وادەی لواتەن
وەخت شێویای شەوق سەوداتەن

باوەرە وە دەس زادێ پەی سەفەر
وێت نەو سەفەردا بێ تۆشەسەکەر


وە دەرگای حەق بەر رووی پەشیمانی
عوزرئاوەری کەر کردەی نادانی

بەڵ لیباس عەفو بکەرۆت خەڵات
جە وەخت مەردەن بدەرۆت نەجات

وە نسیوت بۆ سەرمایەی ئیمان
نەوی وە ریشخەند سوخریەی شەیتان

وە رۆی مەحشەردا بگێڵی دڵشاد
جە قەید عیسیان دڵت بۆ ئازاد

نێوەرۆک







گۆواری ئەدەبی ـ فەرهەنگی
سروە
ناونیشان: ارومیه ـ چهارراه دانش ـ جنب ژاندارمری ـ مرکز نشر فرهنگ و ادبیات کردی : انتشارات صلاح الدین ایوبی .
تلفن ۲۵۸۰۰

چاپ: از شرکت ایرانچاپ
تلفن: ۳۲۸۱



بەناوی خوا

قسەیەک لەگەڵ خوێنەرانی بەڕێز

وێڕای سڵاو، سەرکەوتنی هەموولایەک بەئاوات دەخوازین هەر وەک دەزانن بەدەرچوونی ئەم ژمارەیە "سروە" دووەمین ساڵی ژیانی خۆی هەڵدەبوێرێ. دووساڵ کە سات بەساتی پڕلە حەول وتێکۆشان وبەربەرەکانی لەگەڵ گیروگرفتەکان بوو. ئەم دووساڵە قەڵەم لە حەول وتەقەلادابوو بەڵکوو بتوانێ قەرەبووی سووچێک لە بێ بەشی مێژوویی ئەم گەلە بکاتەوە. دووساڵی پڕجموجووڵ وهیوا وهومێد، ئەنگیزەیەک بوو بۆشکاندنی تەلەسمی دێوەزمەی زوڵم وزۆر، جەژنی پچڕانی زنجیری رزیوی کۆیلەتی لەدەست وپێی ئەوانەی کە زۆرلێکراوی و بەش خوراوی یان بارمەهای درێژەدانی حکوومەتی ئەو نامەردە لامەزەبانەیە کە شەرەفی ئینسانەتی لە لایان بێ مانا بوو وبۆ عەیش و نۆشی زۆرتر ژیانی هەزاران ژن وپیاو وگەورە وبچووکیان کردبوو بەژار. بەڵێ ئەم دووساڵە بۆ مێژووی ئێمە

دووسەدەنا دووهەزار ساڵ بوو **بەڵام لەم دووساڵە پڕتێکۆشانە ـ دا هێزێک دنەی دەدایـن باری قورسی کاروگیروگرفت بەلامانەوە سووک بێ ولە گەڵیان هەڵکەین . ئەویش هەستی ڕەزامەندی وپشتیوانی وچاوەڕوانی ئێوەی ئازیز و بەڕێز بوو. ئەگەرچی لە کۆمەڵە نامەکانی خۆتاندا شانازی بەڕێوەبردنی ئەم جووڵانەوە مەزنەفەرهەنگی یەـ تان بەئی ئێمە دەزانی بەڵام دەبێ دان بەوەدا بێنین کە ئەگەر پشتیوانی ولایەنگری ولوتفی ئێوە نەبوایە، قەت نەماندەتوانی بەری ئەم نەمامە پیرۆزە بەچاو ببینین** ئێمە لەبەرامبەر ئەم هەموو لوتف وخۆشەویستی یەدا چمان نیە پێشکەشتانی بکەین تەنیا ئەوەمان لەدەست دێ چەندی پێمان بکرێ بۆ گەشە ونەشەی ئەم نەمامەپیرۆزە تێ بکۆشین

که دەستمان بە کار کرد پێمان وانەبوو لە ماوەیەکی کورتدا دەتوانین گۆوارێک بەم چەند وچۆنەوە دەربکەین بەڵام هەوەڵ ژمارەی سروە پێشاندەری پێشوازی ولایەنگری خەڵک بوو، پێشوازی یەکی بێ وێنە . هەزاران سروە لە ماوەیەکی کەمدا نەیاب بوو. سروە وەک شەپۆلێک بڵاو بۆوە سنوور وکەوشەنی هەڵبوارد و لەهەموو شوێنێکی وڵات و زوربەی وڵاتانی دەرەوە بە دیداری دۆست وبرادەران شاد بوو .ئەم بڵاو بوونەوەیە لە هەل ومەرجێکدا بوو کە کەمترین تەبلیغاتی بۆ نەکرابوو، زۆرکەسیش هێشتا نەیانزانیبوو . ئەوددەم پێمانزانی کە قورسایی سەرشانمان سەدهێندەیە پەیمانمان بەست تاوەدی هێنانی ئاواتە مێژوویی یەـ کانی گەلی خۆشەویستمان دەست لەتێکۆشان شل نەکەین .

ماموستای خوالێ خۆشبوو ئاڵا هەڵگری ئەم خەباتە لە حاڵێکدا فرمێسکی شادی تک تک بەرەوپیری ئەم فەرمایشانەی دەچوون،دەیگوت "ئەگەر عومرێک مابێ لە پێناوی ئەم ڕێبازەم ناوە"

دوای بڵاوبوونەوەی هەوەڵ ژمارەی سروە کاروانی پیرۆزبایی وپەیام و وتار و شیعر بەرەوناوەند بەڕێ بوو. کاروانێک کە لە هەموو شار و شارۆچکە وگوندێک ، لە هەموو کووچەو کۆڵانێک موسافیری بوو. کاروانێک کە ئەوین و لوتف ودنەدان وهاوکاری و پشتیوانی وچاوەڕوانی داهاتوویەکی باشتروروونا کتر هاوسەفەری بوو. ئێمە لە سەرمان بوو بەرەوپیری ئەو میوانانە بچین ومیوانداری یان لێ بکەین . بەڵام بەدەستی بەتاڵ ونەبوونی ئیمکان و کەمئەزموونی چمان پێدەکرا ؟

یارمەتیمان لە خوداویست کەلکمان لەدیاری **مەعنەوی** خوێنەرە پڕشۆرودڵسۆزەکان وەرگرت ودەستمان بە ژمارە دوو کرد. بەمحاڵە کە ئێمەی تێدا بووین لێمان روون بوو کە ماوەی دەرچوونی سروەی (۱و۲) لانی کەم سێ مانگە ، بۆیە بڕیارماندا تا هەل و مەرجێکی باشتر پێک دێ سروە بەسێ مانگ جارێک دەربکەین . بەم شێوە گۆوارەکەمان بەرە بەرە بڵاو کردەوە.

لە ساڵە وەختی سروەدا ماموستاهێمن بەجێی هێشتین و زەبرێکی توندی لە کارەکەماندا وتا رادەیەکی زۆر وەپاش کەوتین .بەڵام بە یارمەتی خودا و هیممەتی دۆستان وخوێنەران ژمارە پێنج مان (ئەگەرچی درەنگ" لە تیراژێکی زۆردا بڵاو کردەوە ولە ماوەیەکی کەمدا نەیاب بوو.

لە حاڵێکدا هەموو حەول ودەولمان بۆباشترکردنی وەزع وبەهێزترکردنی بناخەی کار بوو ،پەیمانمان دا سروە بە وەختی خۆی بگاتە دەست خوێنەران بەڵام کەمبوونی کاغەز وزینک لە بازاڕدا کۆسپی هەرەگەورەی سەر، ڕێگامان بوو. سەرەڕای تێکۆشانێکی زۆر بۆ ئەوەی هەنگاومان خۆشتر بێ بەداخەوە سروەی ژمارە شەش لە هەموان درەنگتر گەیشتە دەست خوێنەران چون

زۆریشیان چاوەڕوانی کێشابوو لە ماوەیەکی کورتدا ئەویش تەواو بوو، لێبڕاین دیسان چاپی بکەینەوە. لەم نێوەدا سروەی ژمارە ٧ تەواو بووو دەستی خوێنەرانی ئەویندار و خۆشەویستەکانی ماچ کرد و ئێستا ئەوە دوامین ژمارەی سالی دووەمتان لەبەر دەستە کە هیوادارین درەنگ نەگەیشتبێتێ.

هەلێکە وهەلکەوتووە تا سەبارەت بەم هەموو کەم و کووڕی یە داوای لێ بووردن و چاوپۆشی بکەین. هەروەک پێشتر رامانگەیاندووە ئێمە چمان لەباراندا نیە تا ئەم هەموو لوتف و پشتیوانی یەی ئێوە قەرەبوو بکاتەوە، بەرجی ئەوە کە حەول بدەین سروە باشتر و پڕنێوەرۆکتر بکەین. لەم نێوەدائەگەر خوا یاربێ و پشتیوانی بێدریغی ئێوە درێژەی هەبێ (کە هیوامان بە هەردووک لا هەیە) عەزممان جەزم کردووە تا بە هیوای خودا لە سالی داهاتوو یانی لە ژمارە نۆوە سروە مانگانە دەربکەین. ئەمکارەهەرچەندە لەچاو وەزعی ئێستای ئێمە بەرزەفڕیە بەلام لەبەرامبەر لافاوی داخوازی پەیتا پەیتای بەزمان وبەنامە وتەلەفونی ئێوە بچووکترین کارێکە کە لەدەستمان دێ وبە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین. بەمجۆرە سروە دەبێتە مانگانە. ئەلبەت رەنگ بێ کەمبوونەوەی ماوەی دەرچوونی گۆوار ببێتەهۆی کەمبوونەوەی لاپەڕەکانی بەلام بە پێی ئەم بەرنامە کە بۆمان دارشتووە تێدەکۆشین لەباری چۆنەتی ـ

ئەو مەسەلە کە چارەنووسی ئەم جوولانەوە بەستە بە چارەنووسی یەک یا چەندکەسی دیاری کراوە هەلەیەکی ئاشکرا و بەرچاوە.

یەوە گۆوارەکە بەرینە سەرو بابەتی جۆراوجۆری زۆر تێ باوێین (هەلبەت وێرای پاراستنی مەبەستی فەرهەنگی ئەدەبی بوونی گۆوارەکە) و داخوازی ئەو بەرێزانە لە سەرچاو دابنێین و بۆ بانگەوازەکەتان بلێین "سەددەق"

قەلەم بەلاساری دەیەوێ بگەرێتەوە شوێنی پێشووی خۆی کەوایە دەبێ بلێین کە لە راستیدا بوون ومانی سروە و هەموو ئەم شۆڕشە پیرۆزە فەرهەنگی یە بە ئێوە و پشتیوانی ئێوە بەستەیە.

ئیمرۆ بۆ هەموان بەتایبەتی بەرێوەبەرانی سروە روون و ئاشکرایە ئەم جوولانەوە، مەزنە بەکەسێک یا چەند کەس رانەوەستاوە وسەرچاوەی ژیانی دلی پاکی خەلک و ئەویندارانی رووت وبێ ریای ئەوە کە دیمەنی ئینسانی خۆیان لە بەرامبەر پەلاماری فەرهەنگی رۆژهەلات ورۆژئاوا لەدەست نەداوە ونەیاندوڕاندووە. ئەوان پێویستی یان بەناساندن نیە. لە هەموو شوێنێکی خاکی پیرۆزی کوردستان زانست ومەعریفەتی رەسەن وبایی داریان لە سینەدایە ولە تالان وبڕۆی رۆژگار پاراستوویانە.

ماموستایانی گەورەی فەرهەنگ وئەدەبی کوردی ـ خوا ئاگاداریان بێ، لە گەشە و خۆگرتنی ئەم جیهادەپیرۆزەدا دەورێکی بەرچاویان بووە بەلام ئەوەی ئەوانیشی وەجمو جوول خستووە ولەشی کەنەفت و کەلەلایانی حەیل کردۆتەوە و گیانی تازە ورووحی تازەی پێ بەخشیون، ئەوگری و یارمەتی وچاوەڕوانی دل و دەست وچاوی خەلکە.

ماموستای بەراستی سووژەی

شیعروئەدەبی خۆی لە بەسەرهاتی راست ودروستی کوێرەوەری تێکۆشان،خاترجەمی ورحەت وسحەت هەڵس وکەوت و چارەنووسی تاڵ و شیرینی ئەم خەڵکە وەرگرتووە و زۆر خۆی لەبەندی خەیاڵی پڕ و پووچی زەیندا نەبەستۆتەوە. بە کورتی ئەومەسەلەکەچارەنووسی ئەم جووڵانەوە بەستە بە چارەنووسی چەند کەسی دیاری کراوە هەڵەیەکی ئاشکرا و بەرچاوە.


وەفاتی لەپڕی مامۆستا هێمنی رەحمەتی لە هەل و مەرجێکدا بوو کە باری هەرە قورس لەسەرشانی ئەو پیرە بوو. بەڵام هەروەک خۆی تێبینی لەسەر بوو و هەموو بەچاوی خۆمان دیتمان پاش مەرگی ئەو نە تەنیا کارەکان مەحتەل نەبوون وسروە نەکەوت بەڵکوو هەستی پاک و پشتیوانیٓ هەموولایەنەی خەڵکی وەفادار بەم شۆڕشە رەسەنە فەرهەنگی یە هانی داین لە هەوەڵین ژمارەی "سروەی بێ مامۆستا"دا سەرەڕای بەرنەدانی ڕێگەی پێشوو بەزیاد کردنی "ویژەنامە" لەخزمەتکارێکی بەراستی کە گیانی لەرێگەی خزمەت بەخەڵک ونیشتمان و ئامانجەکەی بەخت کرد رێز بگیرێ ودیسان "سروە" درێژەی درایە.

ئێستا بەفەزڵی خوای مەزن وبە هیممەتی هۆ- گران ولایەنگرانی،"سروە" لە هەموو شەقام وکووچە و کۆڵان وبنکەیەکدا بنەگر بووە ولەجاران جوانتر چلچرای مێژووی تاریکان و رەشاییەوخوری دۆڵ ودەرەی ، ساردی هەرێمی دوورەدەستە. ئیمرۆ باسی سروە شەوچەرەی هەر کۆڕوکۆبوونەوەیەکی فەرهەنگی لە دەرو ژووری وڵاتە

بەراستی ئەرکی پاراستنی دەستکەوتەکانی ئەم شۆڕشە پڕشکۆیە گرانە.چ بارێکی قورسە کۆڵەوباری چاوەڕوانی مێژوو! بەراستی زایەڵەی زەنگی کاروانی تەنیایی و خەیالاوی بڕست وبڕشتی ئەم بارەی نیە ولە سەرشانی هەموانە وبەبێ جۆش وخرۆشی هەموان پێک نایە .

" خوایە بۆخۆت بیپارێزی"

ئێستا بەفەزلی خوای مەزن و بە هیممەتی هۆگران ولایەنگرانی "سروە"لە هەموو شەقام و کووچەوکۆڵان وبنکەیەکدا بنەگر بووە ولەجاران جوانتر چلچرای مێژووی تاریکان ورەشایی یەوخۆری دۆڵ ودەرەی ساردی هەرێمی دوورەدەستە. ئیمڕۆ باسی سروە شەوچەرەی هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەکی فەرهەنگی یە لەدەر و ژووری وڵات.



بسمه‌تعالی سرمقاله

سخنی با خوانندگان عزیز

با سلام وآرزوی توفیق برای یکایک شما ، همانطور که میدانید با انتشار این شماره ،"سروه" میرود تا دومین سال حیات خود راپشت سر گذارد. دوسالی که تلاش رنج ومبارزه با مشکلات لحظه لحظه‌اش را به هم پیوند میداد. دوسالی که قلمها سخت مشغول بودند تا بلکه گوشه‌ای از محرومیت تاریخی این مردم را جبران نمایند. دوسالی که سراسر شور بود وغوغا ، امید بود و انگیزه برای شکستن طلسم عفریت ستم وجشن گسستن زنجیر فرسوده اسارت ازپای مردمانی که مظلومیت ومحرومیتشان

بروانە لاپەرەی ٧۶

بێگانە پەرستی

... جا ئێمەی کوردی ماڵ وێران بەناشکوری خودا نەبێ، ئەگەر وەک گەلانی دیکەی خوداپێداو، تا ئێستا بۆمان نەلواوە بەزمانی خۆمان بخوێنین وخوێندەوارەکوردە زاناوتێگەیوەکان، بەزمانی کوردی بنووسن وئەزموونی گەلانی ترمان بەکوردی تێ بگەیەنن وکتێبخانەی خۆماڵیمان، زۆرئاوەدان و قەوغابێ. دیسان نابێ لامان وابێ بەتەواوی بەش براوین. گەلێک پەندوئامۆژگاری نرخداری کەونارامان، بە میرات بۆماوەتەوە، دەماودەم فێریان کردووین و، نەفەوتاون ئەگەر بیانکەینە رێبەر و رێ شاندەرمان، کەمتر تووشی هەڵە دەبین و لە زۆر تەڵەی سەر رێگە خۆ دەربازدەکەین. زۆرلە باپیرانی ژیرمان، ئەزموونی ژیانی خۆیان، بەچەند رستێکی لەشان سووک دەربڕیوە و، هەر یەکەی گەنجینەیەکن. پێویستە سەریان دەینەوەوبەهرەیان لێ هەڵکرێنین و، بیانکەینە مامۆستای خۆمان. بۆ نموونە فەرموویانە :

(هەرکەس بکا بێگانە ـ پەرستی، ئاخری هەر دەهێنی نوشوستی.)

بێگانە بەوکەسە دەڵێن : خەڵکی وڵاتی خۆت نیە، نامۆیەکی لاپرەسەنە، وە زمانێکی تر داخێوێ، خووی، ئاکاری ئیمانی، دەراوی زاری، دەگەڵ ئیمان ورەوشت ورەفتاری تۆ پێچەوانەن.

«مامۆستا هەژار»

نەتیناسیوە، نایناسی. زاڵمە دەستدرێژکەرە. وڵاتەکەت داگیردەکا، دەیەوێ هاووڵاتی یانت، خزمانت، دەروجیرانت، بکاتە بەندە و کۆیلەی خۆی. بەروبووی وڵاتەکەی خۆت بەدەستی خۆت رەنێو بێنێ وبیبا بۆخۆی رەنجی ساڵی کوروکاڵی نیشتمانت بەرێتەوە وڵاتی خۆی. مایەی ژیانت تەنانەت زمانەکەشت لێ بەربەستکا و بەیەکجاری بێ هەستت کا....

ئەمجۆرە داگیرکەرانە ناویان لێ نراوە **ئیستیعمار**، کەبەراستی ژەهری مارن..... ئیستیعمار هەرئەوە نیە قژی زەردوچاوی شین بێ ولەرای دەریاوە هاتبێ. **هەر هێزێکی دەستدرێژکەر بۆسەر گەلێکی زەبوونتر ئیستیعمارە.** جابا چاوی وەک قیل رەش بێ وتووکی بە رەنگی خەڵووز بێ (مەسەلەن بەعسی وسەددامیش وئەوانەی وەکوو ئەو دەکەن ئیستیعمارن).

ئەوداگیرکەرە بێ فەرەی لە وڵاتەکەی تۆ خەفتاوە، دەزانێ زۆر هاسان نیە

داگیری کا . دەزانێ کە دانیشتوانی وڵاتەکە بۆ پارێزگاری لە ماڵ و نامووس وگیانی خۆیان و کەس وکاروروواڵ وکاڵ و ماڵیان،بەگژیدا دێن و دەیکووژن .ئەو مەسەلەشی بیستووە، گوتوویانە : **دەسکی بیور لە دار نەبێ دارناقەڵشێ .....**

دێنێ هەرلە خەڵکی نێوخۆی وڵاتەکە چەند کەسانێک بە پووڵ دەکڕێ و دەیانکاتە قوڵەچۆماغی دەستی خۆی وبەڵاگەردانی باڵای وبەگژ گەلی هاوخوێنی خۆیاندا دەکاو هەرلایەکیان بەکوشت بچێ قازانجیەتی و دەبێتە مایەی سەرکەوتی . نەقڵی کابرای خۆی بەبێگانە دەفرۆشێ بەسەرهاتی کەوی راوە .کڕیارەکەی لە دان وئاو تێری دەکاو فێری دەکا : لە حەشارگەدا بخوێنێ و کەوەکانی هاوڕەگەزی بە دەنگی خۆیەوە بێنێ و دەنێو داوانیان هاڵقێنێ . بەڵام تاکەی قەدر وحورمەتی دەمێنێ ؟ تا کەوی لەوی چاتریان گیرناکەوێ ، تاخۆی لەخوێندن ناکەوێ ولە کەو فریودان ناسرەوێ .... هەر رۆژێکی پەکی کەوت : کابرا بەگۆشتکەو فێرەکە، دەگەڵ چەند کەوێکی گیراو سەری دەبڕێ ولەسەر پڵاوی دادەنێ . با نەڵێین کەو... بڵێین تاژی ،تاژی راوێ.قەڵادەی ئاوریشمی خاوی پرزەنگوڵەی لە ملدایە.راو بۆئاغای نامۆ دەکا . بە پرتاو هات و چۆ دەکا . کەروێشکی سیخوار لەپشتی بەیەکەم هەڵپە بۆ دەگرێ .لەچەم مڵ ومۆی بۆ دەکا ،پەلەوری بۆ وەکو دەکا ،زۆر خۆشەویستە لای ئاغا ،ڕێگەی دەدەن لە سل کەر بێ .خوێری دەکرێ، تاژی یەکی دەمگەرم وتازەلە شوێنەکەی ئەو دادەنرێ . ئەویش دەشێ بەپیری وبە زەمین گیری بقروسکێنێ وکەس بە ئێسکێک نەیلاوێنێ تا لە کەند وبوودرێکدا بە ناهومێدی دەتۆپێ ...

رەنگە ئێستە خوانەخواستە یاخوا داروبەرد گوێی کەڕبێ!

دەسکی بیور لە دار نەبێ دارناقەڵشێ

دەوروبەری وەتاغدا بحەپێ وراوێچکە بکا ، بەرماو بخوا ، هەمیشە تێروتەسەل و تەڕ و بەل بێ .شەوانە بۆحەسانەوە لەنێو قەڵاغداوەرکەوێ، جێی گەرم ونەرمی بەرکەوێ . سەگەلی گوند هەموو ئێرەیی پێ بەرن ،ئەوێرن لێشی بمرێنن یا پارووی لە دەم برفێنن .ئاخۆ ئەوخۆش رابواردنەی چەند دەمێنێ ؟ ئەگەر پیر بوو ،ئەگەرچڕنووک وپەنجەی سوان ،ئەگەر گیرگەی لەکار کەوت ،ئەگەر دەمگەرمی یەکەی نەما ، چی بەسەر دێ ؟.... کەس کاری بە تاژی یەک نیە هەر سەولەخۆری

ئەگەر کاورایێ کوردزوان، لە کوردستاندا دەس کەوێ هەر چەند باوەڕ ناکەم هەبێ .. خۆی بە دوژمنی داگیرکەر واتا بەهێزی ئیستیعمار فرۆشتبێ ،ئەم وتارەی من بژنەوێ ،لە ئاوێنەیەک بنەوێ وتەرحی خۆی وەبەرچاو کەوێ ،بە ئاوەزی من پێ بکەنێ وبزەیەک لێوی ببزێوێ ودەمی دڵی بورتێنێ : کە ئەم قسەقۆڕانە چین! خۆ من نە کەوم نە تاژیم ، من زەلامم بەسوێڵم زەمین دەکێڵم ،زیت و وریا و خاوەن فێڵم ،لە شوێن ژیانی خۆش وێڵم .مایەی خۆشی

ژینم دەوێ ، چەک وئەسپ و زینم دەوێ .گەربۆ داگیرکەر کار نەکەم، باری لاری بۆ بار نەکەم ،وەکوو خۆم گەڕەکمە ناژیم .ئێستا والە سایەی ئاغام خوا نەیبڕێ دەوروبەرم لێم دەترسێ ،کەس ناوێرێ لێم بپرسێ بۆ وادەکەم ! خواردن زۆرە، دراو کۆمە دنیاکە بە کەیفی خۆمە .

بەڵام ئەگەر ئەو کوردە نەجیمزادەیە! هەر تۆزێک بیربکاتەوە، ئاوڕ لە دوارۆژ داتەوە و خۆی تەواوبەسەرکاتەوە، ڕەنگە تێ بگا کە هەزار خۆزگەی بە تاژی .کەو یا تاژی دوو حانەوەری بێ بیرن ،ڕاوکەر وبەراوگیراویش بیر لە تۆڵە ناکەنەوە و ئەوی ئەمڕۆ بەسەریان دێ ،سبەی لەبیریان چۆتەوە. بنیادەم چی ؟ کێ خرایەی دەگەڵ بکا لە بیریەتی ... ئەگەر گەل وخزمفرۆش ئەمڕۆش دەستەڵاتی هەیە و ئازار و حەزرەبەی دەدا، کینەی لە دڵدا هەڵدەگرێ تا ئەو هەلەی کە دەتوانێ تۆڵەی خۆی لێ بکاتەوە.

ئەوکابرا نەجیمزادەیەی کە دەبینێ بێگانە پشتی دەخورێنێ ودزی گەل وخزمانی خۆی دەکاردێنێ ،دەبێ ئەوەندە تێ بگا کە **قشقەڵە بەخۆڕایی پشتی نێرەکەر ناخورێنێ!** ڕۆژێک دەبێ قشقەڵەهەڵفڕێندرێ وپشت خورێنی گیر نەکەوێ ، یا گریمان هەڵنەفڕێنرا وتوانی خۆی سەقامگیر بکا وکەس نەمێنێ کشەی لێ بکا .بێگانەی وڵاتداگیرکەر چۆن دەبێ ئەوەندە کەربێ ، پوول و پارەو پارووی چەور بدا بە نێرەزەلامێک کە هیچ کاری پێ نەماوە !ئەگەر دار شەق و پەق کرا وسووتێندرا، هۆرە و کلکەتەور وتەشوێ فرێ دەدرێو دەکار ناکرێ .ئەوجار ئەگەر زەلامی خۆفرۆش کەرە، کاورای زەلام کرِ کەر نیە. باش دەزانێ ئەوکاورا خوێڕی و ناکەسەی کەسی خۆی بە پارەداوە ،هەررۆژێکی بێگانە- یەک بەکرێی بگرێ و پارەی زیاتری بداتێ ،دەیفرۆشێ و بەگژیدا دێ . بە دەردی "سەعدی" گوتەنی :**دامێن تەڕێک تەماح بکاتە دایکی خۆی ،چلۆن لە ژنی بێگانە دەپرینگێتەوە ؟!**

لەم بارەوە لە کتێبی المستطرف)دا چیرۆکێکی زۆر خۆش وپڕکاکڵ هەیە ،دەڵێ :

شاپووری شای ئێران گەمارۆی شارێکی دابوو (ناوی شارەکە حەزەرە) ، دیواری شار لەوە بەرزوپتەوتر بوو بۆی بگیرێ .کیژی پاشای شاری دوژمن چاوی بە شاپوور کەوتبوو ،عاشقی ببوو .وڵامی نارد :

ئەگەر بەڵێنم پێ بدا کە **دەمخوازێ وادەکەم ئەم شارە بگرێ .بەڵێن درا، کیژ دەراوی هاتنە نێوی دەستنیشان کرد. لەشکر ڕژایە شارەوە ،باوکی کچی پاشای کوشت وخوێنی ئاپوورەی زۆر ڕشت وکیژەکەش بەمراد گەیشت وکەوتە نێوپەردەی بووکێنی .شاپوور هاتلەگەڵی** بنوێ ،دیتی دۆشەک خوێناوی - یە. بووک لە وەرامی شاپووردا کە پرسی ئەو خوێنە چیە ؟ گوتی تاقانە و نازدار بووم ،دایک وباوکم بەشیرو هەنگوین و مێشک منیان پەروەردە کردووە .لەشم ئەوەندە ناسکە بەلاسکە گوڵ و ریحانەی نێو پێخەفەکەم زامار بووم .شاپووور بانگی لە حەلاب کرد :

وەرە سەری ئەم بێ ئەمەگەم بوبڕە .باوک و دا کی ئاوایان بەخێو کردووە بە بێگانەی بەکوشت داون .سبەی ڕۆژێ چۆن ئەمەگی بۆمن دەبێ وبە کەڵەگایەکی دیکەم بەکوشت نادا ؟!

بەڵێ خوێنەری خۆشەویست باپیرانمان بەخۆڕایی نەیانگوتووە :

"هەرکەس بکا بێگانەپەرستی ئاخری هەردەهێنێ نوشوستی "

دوکتور ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم

قامووسی زمانی کوردی



لەچەرخی بیستەمدا کە زمان وفەرهەنگی کورد بەپێی ئاڵ وگۆڕی کۆمەڵایەتی و مێژوویی گەشەی کردووە و بووژاوەتەوە ، ژمارەیەکی بەرچاو قامووسی جۆراوجۆر بڵاو کراونەوە. بەڵام لەبارەی زانستی قامووسی نووسیندا بەرهەمێکی ئەوتۆ بڵاو نەبۆتەوە .

مێژووی فەرهەنگ نووسین بە زمانی کوردی دەگەڕێتەوە سالانی (١٦٢٨- ١٦٨٣) پاش ئەمە **مۆریزیۆگا رزۆنی** لە ساڵی (١٧٨٧) دا لە پاشکۆی کتێبە رێزمانی یەکەیدا فەرهەنگێکی ئیتالی - کوردی بڵاو کردۆتەوە .

بێجگە لەوانە ئەم فەرهەنگانەی ژێرەوەش بڵاو بوونەوە :


فەرهەنگی زانیاری ، نووسینی ماموستا عەبدولقادر بەرزەنجی .

فەرهەنگی کشتوکاڵ نووسینی ماموستا مەعروف قەرەداغی .

فەرهەنگی زانیاری نووسینی ماموستا کەماڵ جەلال غەریب .

ژمارەیەک زاراوەی جوگرافی ، نووسینی ماموستا غەفوور رەشید .

فەرهەنگی زاراوەی پارێزگای سلێمانی ، لە لایەن دەستەیەکەوە نووسراوە



لیستەی چوارەمی زاراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد .

هەندێک زاراوەی زانستی نووسینی ماموستا جەماڵ نەبەز

دوابەدوای ئەمانەش چەند فەرهەنگێک بۆچاپ ئامادە کراون وەک :

فەرهەنگی کوردی (سۆرانی) رووسی کە بەشی کوردی دانشکەدەی رۆژهەڵاتناسی لێنینگراد بە سەرپەرستی ک . ک کوردۆیۆف ئامادەی کردووە .

فەرهەنگی کوردی کۆڕی زانیاری کورد .

فەرهەنگی فریزیۆلۆژی (زاراوە ناسین) زمانی کوردی نووسینی دوکتۆر ماکسیمی خەمۆ .

فەرهەنگی کوردی - رووسی ی . ئا ئۆربیلی کە لە دانیشکەدەی رۆژهەڵات ناسی لێنینگراد بۆ لە چاپدان ئامادە دەکرێ .

ئەگەر بەوردی سەیری ئەو فەرهەنگانە بکەین دەبینین بەم جۆرە نووسراون :

١- کوردی - کوردی

٢- کوردی - زمانی بێگانە

٣- کوردی - چەندزمانی بێگانە

٤- زمانی بێگانە ـ کوردی

جگە لەمانەش فەرهەنگی زاراوە وەی دیکەش زۆر نووسراون .

١- فەرهەنگی کوردی بەکوردی

لەم ڕیزەدا **فەرهەنگی ماموستا شێخ محەمەدی خاڵ** ـ مان هەیە کە لەسێ بەرگدا نووسراوە . بەرگی یەکەمی ئەم فەرهەنگە ، سالی (١٩٦٠) لە سلێمانی بلاو بۆتەوە . بەرگی دووهەم سالی (١٩٦٤) وبەرگی سێ یەم سالی (١٩٧٦) دیسان لە شاری سلێمانی دەرچوون . ئەم فەرهەنگە تەنیا فەرهەنگێکە کە بە یەکەمین فەرهەنگی تەواوی کورد دەژمێردرێ . هەروەها ماموستا جگەرخوێن دووبەرگی فەرهەنگی کوردی لە سالی (١٩٦٢) دا بە ناوی **"فەرهەنگا کوردی"** لەچاپ داوە .

ماموستا گیوی موکریانی فەرهەنگێکی بۆچاپ ئامادە کردووە بەناوی **"بـــو کورد ستان"** . ماموستا ئاورەحمانی زەبیحی بەرگێکی **لەقامووسی کوردی** (ئەو واژانەی بە پیتی "ء" دەست پێدەکەن) لە سالی (١٩٧٧) دا لە بەغدا لەچاپ داوە بەرگی دووهەمی (ئەو واژانەی بە پیتی "ب" دەست پێدەکەن) لە سالی (١٩٧٩) دا لەشاری بەغدا دەرچووە. حەمیدی ئیزەدپەنا فەرهەنگێکی بە ناوی **" فەرهەنگی لەک ولوڕ"** لە سالی (١٩٧٨) دا لە بەغدا بەچاپ گەیاندووە .

٢و٣- فەرهەنگی کوردی،زمانێکی بێگانە یا چەند زمانی بێگانە :

لەم بارەوە چەند فەرهەنگێک هەن کە لەژێرەوە، باسیان دەکەین :

* **فەرهەنگی کوردی (کرمانجی ژوروو ـ زازا)** بە **رووسی** نووسینی پیۆتر لێرخ لە ١٠٨ لاپەڕەدا .

* **فەرهەنگی کوردی بە فەڕانسی** نووسینی ئا . ژابا کە پازدەهەزار واژەی تێدا کۆکردۆتەوە ئەم فەرهەنگە لە لایەن فردینا ندیۆستی لە سالی (١٨٧٩) دا بلاو بۆتەوە . هەر ئەونووسەرە فەرهەنگێکی ـ تری **کوردی بە فەڕانسی و رووسی** داناوە کە هێشتا بلاو نەکراوەتەوە .

* س . ئا . ریا . **فەرهەنگێکی کوردی ـ ئینگلیزی** وەک پاشکۆیەک بۆ کتێبە ڕێزمانی یەکەی خۆی نووسیوە .

* **فەرهەنگی کوردی ئەلمانی** نووسینی ئا. سۆ سین .

* **فەرهەنگی کوردی ،رووسی** نووسینی س . ئا یەگیزارۆف

* **فەرهەنگی کوردی عەرەبی** نووسینی یوسف زیائەدین پاشا ، خالیدی . لە ئەستەمۆڵ بلاو بۆتەوە .

* **فەرهەنگۆکی کوردی ئینگلیزی** نووسینی شاکر فەتاح ،سالی (١٩٣٤) لە رەواندز بلاو بۆتەوە .

* **کۆلکە زێڕینە کوردی فارسی ـ عەرەبی ـ فەڕەنسی ئینگلیزی** نووسینی ماموستا گیوی موکریانی لە سالی (١٩٠٠)دا لەچاپ دراوە . کە لە سالی (١٩٦٦) دا دووبارە چاپ کراوەتەوە .

* هەمان نووسەر فەرهەنگێکی تری لە سالی (١٩٦١) دا بلاو کردۆتەوە کە **کوردی ـ عەرەبی یە** ونزیکەی سی هەزار واژەی تێدا کۆ کراوەتەوە .

* **فەرهەنگی کوردی ،فارسی عەرەبی** نووسینی ماموستا شێخ محەممەدی مەردۆخ کورد ـ ستانی لە سالی (١٩٠٦) دا لە تاران دەرچووە .

* **فەرهەنگی کوردی عەرەبی ـ فارسی** نووسینی ماموستا ع . سەجادی لە سالی (١٩٦٢) دا لە بەغدا بلاو بۆتەوە .

* **فەرهەنگی کوردی ـ تورکی** نووسینی مووسا عەنتەر لە سالی ١٩٦٧ دا بلاو بۆتەوە .

* **فەرهەنگی کوردی ـ رووسی** نووسینی ماموستا چ .خ . بەکایۆف سالی (١٩٥٧) لە مۆسکۆ بلاو بۆتەوە .

* **فەرهەنگی کوردی ـ رووسی** نووسینی قەناتی کوردۆ ساڵی (١٩٦٠) لە مۆسکۆ بڵاو بۆتەوە.

* **فەرهەنگێکی کوردی ئینگلیزی** وەک پاشکۆی کتێبێکی رێزمانی ساڵی (١٩٢٢) لە بەغدا چاپکراوە.

* **فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی ـ فەرانسی** نووسینی جۆیس بلۆ ساڵی (١٩٦٥) لە پاریس بڵاو کراوە.

* **فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی** نووسینی مامۆستا تەوفیق وەهبی و س. گ. ئەدمۆندز، ساڵی (١٩٦٦) لە شاری لەندن بەچاپ گەیشتووە.

* **فەرهەنگی کوردی ئینگلیزی** نووسینی ئێرنیست ماکاریوس لەساڵی (١٩٦٧) دا لە میشیگان چاپکراوە.

* فەرهەنگێک بە ناوی **"ئەستێرەگەشە"** کە **کوردی عەرەبی یە** لە ساڵی (١٩٧٧)دا لە لایەن فازیل نیزامەدین بڵاو کراوەتەوە.

٤-فەرهەنگی زمانی بێگانە بە کوردی.

* یەکەمین فەرهەنگ لەم رەدەیەدا فەرهەنگە **عەرەبی کوردی یەکەی** ئەحمەدی خانی شاعیری بەناوبانگی کوردە کە بە شیعر دایناوە وویستوویەتی منداڵانی کورد فێری زمانی عەرەبی بکا. تاریخی نووسینی ئەم فەرهەنگە دەگەڕێتەوە ساڵانی (١٦١٨تا ١٦٨٣)ی میلادی.

* **فەرهەنگی عەرەبی کوردی** بە ناوی **"ئەحمەدی"** نووسینی شێخ مارفی نۆدێ ساڵی (١٧٩٠) بڵاو کراوەتەوە.

فەرهەنگی فەرانسی رووسی ـ کوردی نووسینی ئا. ژابا کە هێشتا بڵاو نەبۆتەوە.

* **فەرهەنگی رووسی ـ کوردی** نووسینی سی. ئا. بەگیزا رۆف چوارهەزار وشەی تێدا بڵاو کراوەتەوە.

* **فەرهەنگی رووسی ـ کوردی** نووسینی دوکتۆر س. و. فاریزۆف.

جگە لەم کۆمەڵە فەرهەنگانە وتار ونووسراوی بەنرخی دیکەش لە بارەی واژە و زاراوەی کوردیدا زۆر نووسراون بۆ نموونە دەتوانین باسی لیستەی ئەوزاراوە کۆمەڵایە ـ تی وسیاسی یانە بکەین کە مامۆستا جەلادەت بەدرخان لە گۆواری "هاوار" دا بەناوی **فەرهەنگۆک** بڵاوی کردوونەوە.

* ی. ب. سووەن لەساڵی (١٩١٣) دا لەپاشکۆی کتێبە رێزمانی یەکەی خۆیدا فەرهەنگۆکێکی **ئینگلیزی کوردی** نووسیوە و بڵاوی کردۆتەوە.

* هەر هەمان نووسەر لەساڵی (١٩١٩) دا فەرهەنگێکی **ئینگلیزی ـ کوردی** بڵاو کردۆتەوە.

* گیوی موکریانی فەرهەنگی **کۆڵکەزێرینە**"ی بە **کوردی ـ فارسی ـ عەرەبی فەرانسی ـ ئینگلیزی** نووسیوە کەساڵی (١٩٦٦) لە هەولێر بۆجاری دووەم لەچاپدرایەوە

* **فەرهەنگی مەهاباد کوردی ـ عەرەبی** نووسینی گیوی موکریانی چاپی هەولێر (١٩٦١).


* فەرهەنگی **عەرەبی کوردی** گیوی موکریانی بەناوی **"رابەر"** ساڵی (١٩٥٠) لە هەولێر دەرچووە.

* **فەرهەنگی رووسی کوردی** نووسینی ش. ف نیکیتین ساڵی (١٩١٦) بڵاو بۆتەوە.

* فەرهەنگی **عەرەبی کوردی** بە شیعر بە ناوی **"دووڕشتە"** لەسەر **"نەوبەهاری"** ئەحمەدی خانی نووسینی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس ساڵی (١٩٧٠) لە بەغدا بڵاو بۆتەوە.

* لەماوەی ساڵەکانی (١٩٣٠ تا ١٩٣٣) دووفەرهەنگی **ئەرمەنی ـ کوردی** لە ئێرەوان بڵاو بوونەتەوە کە بەهەر دووکیان نزیکەی (٣٠٠) لاپەڕە دەبن.

* **فەرهەنگی ئەرمەنی کوردی** بە (٣٥٢) لاپەڕە و (٢٣) هەزار واژەوە ساڵی (١٩٥٧)



بەیتار

«مامۆستا حەقیقی»

جارێکی دەڵێن ژنی فەقیری
چۆ خزمەتی خانمی وەزیری
پێی گوت شووەکەم گەلێ فەقیرە
پێویستی بە کۆمەگی وەزیرە
کارێکی موناسبی بداتێ
بێچارەیە زۆری خێر دەگاتێ
چووپێی گوت وەبیستی ناردی هێنای
دی موستەحەقە گوتی لە رێی خوای
دەت نێرمە رەوەی بەنێوی بەیتار
مەخولێوە لەوانە جیدی بێکار
گیا زۆرتری خاوەنی خەواسن
گیا هەڵکەنەکان ئەوان دەناسن
لەوبەندەنە هەڵکەنە لە مانە
ویشکی کەوە بیخە نێو هەمانە
هەرمابن و ئەسپێ دیت نەخۆشە
واسەی مەکەشین و رەش مەپۆشە
نەختێ لەگیا کەتی بنێ دەم
چابووئەوەچاک نەبوو جەحەندەم
دوای ماوەیەکی فەقیری تابین
بۆنەبوو پزیشکی ئەسپ ومابین
ئەمجارەکە فیلی شا نەخۆش بوو
شا خۆشی دەویست ولێی پەرۆش بوو
گوتیان لە رەوەی هەیە پزیشکێ
عەقڵی بە هەموو شتێکی دەشکێ

شا گووتی وەزیر بنێرە بابێ
دەرمانی بداتێ بەڵکە چابێ
سوارێکی هەنارد وپیادەیەک هات
وێستا بووجەمات و فیل و شامات
کابرا سەری لەو جەماتە سورما
قەت فیلی نەدیبوو واقی ورما
دەم داچەقی لووتی فش بووچا وزەق
وەک خولخولە یەک لەدەوری مەزرەق
سوورا و خولی دانەشەش نەحەوجار
ترسی هەبووبۆی بەرێ پەلامار
شا پرسی ئەرێ وەزیر چ باسە
ئەودوکتورە بۆچی وا هەراسە؟
تێ فکرە قسەی وەزیری دانا
چ جوان و عەقڵ پەسندی دانا
لێی سوورە کە فیل هیلاکە قوربان
چارەی نیە خۆی دەکاتە قوربان
شا رۆیەوە ژوورو ئەهلی دەربار
رۆیشتن و ما، وەزیرو بەیتار
پێی گوت ئەرێ ئەی پزیشکی نادان
پێم نەگوتی دەوا بە چارەوادان؟
ئیتر خول و سوورە کەت لەچی بوو
قوربان بە سەرت خەتا لە وی بوو
خۆمن قسەکانی تۆم لە بیر بوون
بۆم لێک نەدەبۆوە لای سەروقوون
دەخولامەوە لای سەری پەیاکەم
تا بیخەمە ناو دەمی گیاکەم
هەندیلە سەرێکی ئەوسەری میسل
فەرقێکی نیە سەرو بنی فیل
پاشی وەکو سەردەچێ و سەری پاش
پێی پانی بە عەینی لینگەبەرداش
لەومەسئەلەدا هەمانە وێنەد
ئەمما گەلێ مەسنەوی وەخوێنە
گوێ هەڵخە لە کوێرەکان ببیسە
فیل کۆڵە کەیە و بەرەوگوریسە
تۆ ژیری لە خۆت مەکە قیاسێ
زۆر کەس هەیە گا بە گون دەناسێ

ئێمەو باوەڕ



شتێکی سەلماوە کە کردەوە وئاکاری هەر مرۆیەک لە بیروباوەڕی یەوە سەرچاوە دەگرێ .بیروباوەڕی مرۆ چ نێوەرۆکێکی هەبێ بەکردەوە نیشانی دەدا . جووڵانەوەی مرۆ بەپێچەوانەی بیروبڕوای خۆی وئاکارێکی کە باوەڕ پەسندی نەبێ شتێکی خراپە و دەتوانم بڵێم ناشگونجێ . هەر کۆڕوکۆمەڵێک وەبەرچاو بگرین لە کۆمەڵی گوند و شارەوە بگرە تا وڵاتێک ،بگرە ئەندامانی چکۆلەترین بنکەی کۆمەڵ کە خێزانە ، بیرو باوەڕیان چۆن بێ ولەسەر چ بناغەیەک دامەزرابێ ، ئاکاروکردەوەیان هەروا دەبێ. بە تەعبیرێکی دی ئەقیدە و کردەوەی هەر ئینسانێک و هەر کۆمەڵێک پێوەندێکی نەپساو ولەپچڕان نەهاتوویان پێکەوە هەیە .

هەرکەس فامی کردبێتەوە وچاک وخراپ لێک هەڵاوێرێ و بزانێ باوەڕێکی هەیە ، ناتوانێ لەفەرمانی باوەڕی خۆی دەرچێ . بەو مەرجە باوەڕەکەی ساغ و تەواو بێ . دەنا فەرماندەرێک کە مەرجی فەرماندەری تێدا نەبێ ، فەرمانی بۆ بەڕێوە ناچێ و بە فەرماندەر ناناسرێ .

لێرەدا رەنگە خوێنەری ئازیز بپرسێ : ئەگەر ئەم قسە راستە بۆچی زۆرکەس بەپێچەوانەی مەرامی خۆی دەجووڵێتەوە ؟ بۆچی زۆرکەس کەخۆیان بە مسوڵمان دەزانن وبیروباوەڕی ئیسلامی یان هەیە ، زۆر کردەوەی واش دەکەن کە خراپەوئیسلام بە پەسندی نازانێ و مەنعی کردووە ؟

وەڵامی ئەو پرسیارەئەمەیە کە ناتوانین بڵێین ئەو مسوڵمانەی کارێکی غەیرە ئیسلامی دەکا بیروباوەڕی پتەوی هەیە یان ئەگەر هەشیبێ لەوکارە ناڕەوایەدا لەدەستی نادا . من بەپێی بۆچوونی خۆم لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام،پێموایە هەرکەس کارێکی ناڕەوا بکا و بشزانێ ناڕەوایەوئاینەکەی بەرگری لێ کردووە ، بێ گومان یا ئیمان وباوەڕی پتەونیە یا ئەگەر هەیبێ لەوکاتەدا لەدەستی دەدا وئیمانەکەی زەبوون وناتەواو دەبێ . یەکێک لە بەڵگەکانیشم لەسەر

ئەم بۆچوونەی خۆم ئەم فەرمایشتەی پێغەمبەرە (د. خ) کە فەرموویەتی:" لایشرب الشارب حين يشربها وهو مومن" یانی ئینسانی بە ئیمان ئارەق ناخواتەوە. ئەگەر بێتوو ئارەق بخواتەوە ئیمانی لە دەست ئەدا .یان لانی کەم ئیمانی بەوە نامێنێ کەئارەق حەرامە چون بەرای هێندێک لە زانایانی ئیسلام ، ئیمان یا باوەڕ،کەموزیاد دەبێ و هەرلە پلەیەکدا نامێنێتەوە. هێندێک لەبەڵگەی ئەو زانایانەش بریتی یە لە :

١- ئایەتی ژمارە (١٢٤)ی سوورەی - التوبه - کە دەفەرموێ "...و هەر کاتێک سوورەیەک دەهاتە خوار هێندێک لە دوورووو (منافق) -ەکان دەیانگوت کێ لەئێوە ئیمانی بەم سوورەیە زۆر بووە ؟ بەڵام ئەوانەی ئیمانیان هێنابوو بەهاتنی ئەو سوورە ئیمانیان زۆر دەبوو ومزگێنی یان بەیەکتری دەدا ." وەک دەبینین خودا لەبەرپەرچ دانەوەی قسەی دوو رووەکاندا کەبۆ گومڕا کردنی خەڵک دەیان گوت دەفەرموێ بەهاتنی ئەو سوورەیە ئیماندارەکان ئیمانیان زیاتر دەبوو.

٢- ئایەتی ٢ی سوورەی "الانفال" کە دەفەرموێ : "مسوڵمانان کەسانێکن کە ئەگەر باسی خودایان لا کرا دڵیان دەترسێ وهەرکاتیش ئایەتی خودایان بەسەردا خوێندرایەوە ئیمانیان پێ زیاد دەبێ وپشت بەخودا دەبەستن"بەئاشکرا ئەمە بەڵگەیەکە بۆئەوەی کەئیمان زیاد دەبێ .

٣- سێهەم بەڵگەی ئەو زانایانە ئایەتی (٢٦٠)ی سوورەی (البقره)یە کە دەفەرموێ "...ئەی محەمەد لە نێو یارانتدا باسی ئەوکاتە بکە کە ئیبراهیم عەرزی خودای کرد: ئەی پەروەردگاری من پیشانم بدە چۆن مردووان زیندوو دەکەیەوە؟ خوداش فەرمووی : ئیمانت بەزیندوو کردنەوە نەهێناوە ؟ ئیبراهیم فەرمووی : بەڵی ئیمانم هێناوە بەڵام دەمەوێ دڵم لەسەر ئەوئیمانە قایمتر و پتەوتربێ .

٤- بەڵگەی چوارەمی ئەو زانایانەحەدیسێکە کەحەزرەتی عومەر ریوایەتی کردووە و دەفەرموێ :"بەڵی ئەنانەت ئیمان وازیاد دەکا هەتا خاوەنەکەی دەباتە نێو بەهەشتەوە. واش کەم دەکا هەتا خاوەنەکەی دەباتە نێوئاگری جەهەننەمەوە."

بۆ روونترکردنەوەی ئیمان من رام وایە کە ئیمان دوو قۆناغی هەیە . یەکەم قۆناغی ئیمان بریتی یە لە ناسینی شت .دووەم بریتی یە لەوەرگرتنی ئەوشتە بەدڵ . دەجا رەنگە ئینسان ئەوشتەی ئیمانی پێی هەیە بەباشی نەیناسێ یان ئەگەر بیشی ناسێ بەدڵ وەری نەگرێ کە دەبێتە زەبوونی ئیمان. هەروەها دەکرێ بە تەواوی بیناسێ وبەدڵیش وەری بگرێ ، بەڵام لەبەر چەند هۆیەک رەنگە هێندێ جار لەدڵی خۆی دەری باوێ وبیخاتە پشتگوێ کە دەبێتە کەمبوونەوەی ئیمان .

دێینەوە سەرباسەکە و بەعیبارەتێکی دی دەڵێم ئاکارو کردەوەی هەرتاک و کۆمەڵێک پێوەندی توندی بەبیروباوەڕی ئەوتاک وکومەڵە وچەندەتی، و چۆنەتی ئەوبیروباوەڕەوە ، هەیە . یانی ئەو باوەڕە لە باری چۆنەتی یەوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی زۆروکەمی وتەواوونا تەواوی،ئەگەر باوەڕێکی باش بێ هەر کردەوەیەک لەو مەرامەوە سەرچاوە بگرێ بەکردەوەیەکی باش وپەسندکراو دەناسرێ و سوودی بۆتاک وکۆمەڵ دەبێ . ئەگەر باشیش نەبێ کردەوەکەش باش نیە وسوودی بۆ کەس نابێ .هەروەها ئەگەر لەباری

چۆنەتی (کیفیت)یەوە بیرو باوەڕێکی باشی بێ بەڵام لە باری چەندەتی(کمیت) یەوە ناتەواو بێ دیسان ئاکارێکی باش وبەرچاوی نابێ ئەگەریش ئەسەری چاکی هەبێ تەنیا بەپێی لێ هاتوویی وهێز و توانای خۆی ئەوتەئسیرە دادەنێ بەکورتی وبە کوردی کەم لە کەمی وزۆر لە زۆری.

دەتوانین بڵێین پێوەندی نێوان کردەوە وبیروباوەڕی ، مرۆ وەکو پێوەندی فڕۆکە وفڕۆکەوان یا گەمی و گەمیوان دەچێ . ئەگەر فڕۆکەوان و گەمیوان بە باشی لەکاری خۆیاندا شارەزا بن ئەوە بێ ترس وهەڵە رێی خۆیان دەپێون وتووشی کەند و کۆسپیش نایەن .

هەڵبەت مەبەستم لەئیمان باوەڕە بەگشتی . جا چ باوەڕ بە خودا وژیانی دوای مردن و باوەڕ بە بنەڕەت وسەرچاوە ـ کانی مەزەب بێ ، چ باوەڕ بە راستی ودروستی هەر کار و کردەوەیەک یا هەر مەکتەب و مەرام وفکرێکی تر بێ .

بەهەر شێوەیەک بێ "باوەڕوئیمان" ئەسەری گرینگ لەسەر خاوەنەکەی دادەنێ .رۆحی هیواداری و فیداکاری ولەخۆبوردوویی ونەشکانی پێ دەبەخشێ . دڵخۆشی دەک وپەژارەودڵە کوتەی لێ دوور دەکاتەوە وبۆ بەرەرەکانی کۆسپ و گیروگرفت بەهێزی دەکا .

هەرچەند هەموو مەرامێک زۆر تەئسیر دەکاتە سەر خاوەنەکەی بەڵام باوەڕ و ئیمان ئەگەر"مەزهەبی" بێ ئەسەری زۆرتر وبەهیواتری هەیە .

لەوەڵامی ئەم پرسیارەدا کە چۆن ئیمانی مەزهەبی تا ئەو رادەیە دەتوانێ ئارامی و بێ باکی وهیواداری بە ئادەمیزاد ببەخشێ ؟ (ویلیام جێمس) دەڵێ : ئارامی و راوەستاوی بەردەوامی بن دەریا قەت بە شەپۆل و تۆفانی سەرێی ناشڵەقێ." کەمەبەستی ئەوەیە ئیسانی خاوەن بڕوا هیچ شتێک کاری لێ ناکا وبەهیچ جۆرێک ئارامی وهیواداری خۆی لەدەست نادا .

باوەڕی مەزهەبی تەنیا لەسەر خوو وخدە و ئاکاری مرۆ ئەسەر دانانێ ، زۆر نەخۆشی هەن کە جگە لە ئیمانی مەزهەبی هیچ شتێک چارەسەریان ناکا .

دوکتۆر (کارل ژنک) لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی (مرۆی ئەمرۆ بەشوێن خوادا) دەنووسێ : لەماوەی سی ساڵی رابردوودا خەڵکی نەتەوە پێشکەوتووەکان سەریان لەمن هەڵێناوە وسەدان نەخۆشم لەوان چارەسەر کردووە .لەنێو هەموو نەخۆشەکانمدا کە لە تەمەنی سی وپێنج ساڵ بەرە و سەر دەژیان کەسێکم وەدەست نەکەوت کە نەخۆشی یەکەی بەهۆی لەدەستدانی ئیمانی مەزهەبی نەبێ . بە دڵنیاییەوە دەتوانم بڵێم نەخۆشی رووحی هەموویان ئەوە بوو کە رێ و شوێنی ئاینەکانی خۆیان لەدەست دابوو .هیچ کام لەنەخۆشەکان هەتا مەرامێکی مەزهەبی یان قەبووڵ نەکرد چاک نەبوونەوە هەر بۆیەش (ویلیام جێمس) دەڵێ:"ئیمان لەو هێزانەیە کە مرۆی پێ دەژی و نەبوونی ئیمان بەمانای مەرگ و نەمانە ."

بەڵام با ئاوڕێک بدەینەوە سەرخۆمان وبزانین بڕوامان چیە وئەو بیروباوەڕە لەباری چۆنەتی وچەندەتی یەوە چۆنە . ئەگەر بیروبڕوایەکی تەواو و باشە بۆچی بەردەوام کاری دزێو وناڕەوا لەناو کۆمەڵەکەماندا روودەدا . کەم کاروکردەوەمان هەیە کە زیانی تاک وکۆمەڵی تێدا نەبێ .بۆچی کەسمان لە کەس رازی نیەوهیچمان لە هیچمان ئەمین نین وتەنانەت خوشک و براش کەمتر بڕوایان بە یەکترە ؟

بەهیچ جۆرێ لە زیان گەیاندن بەیەکتر ناوەستین درۆ ودەلەسەوبوختان بۆیەکتر هەڵدەبەستین . شەیتانی و دووزمانی یەکتر دەکەین. جنێووقسەی ناحەز بە یەک دەڵێین .ماڵی یەکتر دەدزین وداگیر دەکەین ، چاومان بڕیوەتە ماڵ وناموسی خەڵک وهەتا بۆمان بلوێ زیانیان پێ دەگەیەنین. بەدڵ دڵمان پێکەوە پاک نیە وئارەزوومان ئەوەیە کەس هیچی نەبێ و هەموشتێک بۆخۆمان بێ . بەختەوەری یەکترمان بە دڵ پێ خۆش نیە . بەزیان وزەرەری یەکتر سەرودڵخۆشین .

سپاس بۆخودا کە لەنێو مسوڵمانان‌دا ئینسانی زۆر چاکیشمان هەن وئەرکی خۆ شیان بەباشی بەڕێوە دەبەن . قسەکەی منیش نەبێنە غەیبەت وبوختان ولەباتی چاک کردنی کارەکە خراپتری بکەم! من مەبەستم هەموو کەس نیە بەڵکوو لەگەڵ زوربەی خەڵکمە و مەسەلەکە بەگشتی دەخەمە بەرچاو .

مەبەست ئەمەیە ، مادام ئێمە سەلماندوومانەوئاشکرایە کە چاکی وخراپی کردەوە و ئاکاری ئینسان پێوەندی بەچۆنەتی بیروباوەڕیەتی . لەلایەکی دیکەشەوە دەبینین کە ئێمەی مسوڵمان لەبەر چیە ئەو هەموو ئاکارە ناحەز و هەڵە وتاوانەمان لەنێو دایە. ئاکا بیروباوەڕەکەمان لە باری چۆنەتی یەوە بێ کەڵکە وبۆکاری خراپ وزیان هێنەر هانمان دەدا ؟ یان ئاکا لەباری چەندەتی یەوە ناتەواو وبێ هێزە وناتوانێ لەخوو و خدە وداب ونەریت وفکر و کردەوەی خراپ لامان بدا و رووومان بکاتە چاکە ؟

بێ گومان وەڵامی پرسیاری یەکەم "نا"یە . چون،سپاس بۆ خودا ئێمە مسوڵمانین وبیروبڕوامان ئیسلامی یە و ئیمانمان بەخوداوفەرموودە ـ کانیەتی . ئیمان بەمانەش سەرەڕای ئەوە کە شتێکی تەبیعی وئاشکرایە ئەقڵ و زانستیش دەیسەلمێنێ . بۆ هەر کردەوە وئاکارێکی باش هانمان دەدا . رێگای چاک و خراپمان بۆ جیا دەکاتەوە .بۆ ئەوەی رێگای چاکە بگرینەبەر وسەربەرزی هەردوو دنیا وەدەست خۆمان بخەین، لە بەرانبەر کاری باشدا مزگێنی بەهەشتی پێ داوین . لەسەر کاری خراپیش، هەڕەشەی ئاگری جەهەننەمی لێ کردووین. بەڵام وەڵامی پرسیاری دووهەم (بەڵێ)یە . هیچ شک لەوەدا نیە کە ئیمانی ئێمە لەباری چەندەتی یەوە کەموکووڕی هەیە وهێندە بەهێز وپتەو نیە کەنەهێڵی شەیتان و هەوا و هەوەس ورەگەزپەرستی و خۆویستی لەرێ لامان بدەن و بمانخەنە چاڵی خیانەتەوە . هێندە بەهێز نیەبمان هێنێتە سەر رێگای راستکە سوود و قازانجی بۆتاک وکۆمەڵ تێدا بێ وهەردوولا لە ناتەبایی و ناکۆکی دوور بخاتەوە .

لێرەدا بەم نەتیجە گەیشتین ،خراپەی ئێمە لەوە سەرچاوە ناگرێ کە بیر و باوەڕمان پووچ و خراپە و ئەقڵ وزانست نایسەلمێنێ و بەشتێکی باشی دانانێ ، هی ئەوەیە کە ئیمان و ئەقیدەکەمان پتەو نیەو زۆر بەبڕوا نین . جا کە ئێمە دەردمان ناسی ودەرمانیشمان بۆ دوزی یەوە ، دەبێ بێ راوەستان ئەو دەرمانە دەکار بێنین ودەردەکان چارەسەر بکەین . مەبەست لەوەیە کە دەبێ هەوڵ بدەین ئیمان وباوەڕمان پتەوو قایمتر بکەین وبە لێهاتوویی مەسەلەکەشی بکەینەوە و ئیسباتی بکەین تا بزانین لە کوێوە هاتووین وئەرکمان چیە وبۆکوێ دەچین ؟

حوکمی ناڕەوا

وەرگێڕ: عەبدوڵلا زێڕین

ڕۆژێک لەرۆژان پیاوێکی پیروئیختیار ،چوو بۆ لای حەکیم وگوتی :

"زۆر ناسازوکەمتاقەتم ، پیاوی چابە عیلاجم بکە! ".

حەکیم موعایەنەی کردوگوتی :

– دوێنێ شەو چت خواردووە؟.

گوتی : هیچ.

گوتی : ئەدی ئەم



بەیانی یە ؟

گوتی : هیچ .

حەکیم بۆی دەرکەوت کابرا جگە لە پیری وبێ تاقەتی هەژار وبرسیشە ولەوانەیە هەرئێستا بەلادابێ . زۆری زگ پێی سووتا . بۆئەوەی غەمباری نەکا ،گوتی :

– مامەگیان! ئەم نەخۆشی یەی تۆ ،دەواودەرمان وپارێزی پێ ناوێ .بۆئەوەی چاک بیەوە ،هەرکارێکت پێ خۆش بوو بیکە ،ئیشتیات لەهەرچی بوو بیخۆ ، بە کەیفی خۆت رابیوێرە! ".

کابرا گوتی :

– فەرمایشتەکەت راستە بەلام من ئیشتیام لەهەرچی بێ ناتوانم بە کەیفی خۆم لێی ڕاکێشم ،چونکە شک نابەم . حەکیم کزەی لەجەرگ هات .چونکەپێی خۆش نەبوو بەم ئاخیری عومرە خەم و خەفەتی زۆرتر بکا ،گوتی :

–مەبەستی من ئەمەیە کە بیرلەم جۆرە شتانە نەکەیەوە وهەر چۆنێک بۆت دەکرێ ، دڵی خۆت خۆش بکەی ولەقەدەر حاڵ ،ئامانج وئاواتەکانت وەدی بێنی .

کابرا گوتی :

– خودا خێرت بنووسێ یارەبی راوەستاوبی ، چونکە منت ئاسوودە کرد . ئەڵبەتە خۆم دەزانم قەت ئاواتم وەدی نایەن".

حەکیم گوتی :

– بەڵێ مامەگیان. وایە ئیشەڵڵا خودا شفات دەدا . ئێستاش کوێت پێ خۆشە بچۆ هیوادارم بەمراد بگەی ".

کابرا گوتی :

– دەمەوێ بچمە سەیران ".

حەکیم گوتی :

– زۆر چاکە برۆ ئەسپاردەی خودابی".

بیرە رۆیشت .قسەکانی حەکیم زۆری کارلێ کرد .بەرەو دارستانی دەمرووبار کەوتە رێ .بە ئەسپایی دەرۆیشت وسەیری دیمەنی جوانی بەهاری دەکرد . هێندێک پێچوو ،تەماشای کرد ئەوە دەروێشێکی زل وچوارشانە خەریکە دەست وچاوی دەشوا . چاوی بەپشت ملی پان ولووسی دەروێش کەوت ،لەدڵی خۆیدا گوتی :

– وەڵڵا بابە ئەم پشت ملە بابەتی ئیشە ،تەح.... چەند



لەبارە! "، لەوودەمەدا قسەکانی حەکیمی وەبیر هاتنەوە کەدەیگوت :

"چت پێ خۆشە بیکە".

هەنگێ قۆڵی هەڵماڵی و بە ماتەمات چووە پێش وبە هەموو هێزی خۆی ئیشێکی لە پشت ملی دەروێش راکێشا ، پاشان دایە قاقای پێکەنین دەروێش بەزەحمەت خۆی پێ راگیرا ،تۆزێکی مابوودەچۆمە-

که بکەوێ .لێی ڕاست بۆوه ، ویستی بیرازی بکا ،بەڵام تەماشای کرد زۆر پیره .ئەگەر لووتی بگرێ لەوانەیه گیانی دەرچێ .لەبەر ئەمه توند دەستی مامەپیرەی گرت و گوراندی :

" بەدبەختی ماڵ وێران! لە گیانی خۆت بێزاری ئاوا دەکەی ؟ هیچ پێت عەیب نییه پێدەکەنی ؟ چما شێت بووی؟!

پیره گوتی :

– وەڵڵاهی خۆشم نازانم بۆچی وام کرد ، لەخۆڕا ئیستام هەستا ،بەڵام پێکەنینەکەی ئەوەیه نازانم شەقەکەی ملی تۆ بوو یا ئی دەستی من ؟!".

ئەمەی گوت ودیسان دەستی کرد بە پێکەنین . دەروێش ئەوەندەی تر رقی هەستا وگوتی :

– ئێستا حاڵیت دەکەم!"

ئەوجا توند دەستی گرت و رایکێشا، بۆلای قازی .

دەروێش رووداوەکەی لە نووکەوه بۆقازی گێڕاوه و گوتی :

– جاقوربان ئەمه شکایەتی من، ئەمەش کابرای بێ شەرم .ئەگەر دەفەرمووی باتۆڵەی لێ بکەمەوه ، ئەگەر نا، بفەرموون چ بکەین ؟

–جەنابی قازی ! من بۆیه لێم نەدا ،گوتم دەستی لێدەم گیانی دەردەچێ ".

قازی چاوێکی لە کابرای پیرکرد ،زانی بەکاری تۆڵە نایه .ناعیلاج رووی لە دەروێش کردو گوتی :


– براگیان ،ئەم پیاوه زۆر پیره ،بۆئەوه نابێ تۆڵەی لێ بکەیەوه . شتێکی لێ بێ بەسەرتدا ساغ دەبێتەوه ئەگەر هێزی لەبەردا بوایه هەقی خۆی بوو، بەرای من واباشتره لێی خۆش بی .

پێشینیان گوتوویانه :

" ئەو لەزەتەی لە بەخشیندایه ، لەتۆڵەئەستاندندا نییه" .

دەرۆێش گوتی :

بەخشینی چی ؟! جەنابی قازی ئەم حوکمه حەق نییه ، سۆزیخەڵک ئەمه ببیسن ئیتر کەس بە کەس نابێ . چاوی سپی ،ملی ماسێ ! وەڵڵا



هەرگیز نایبەخشم!

قازی گوتی :

– هەر ئەوەیه گوتم ،ئەم کابرایه نەخۆش وپیرو پەک کەوتەیه ، هائێستا ،ها تاوێکی تر بەلادا بێ،باشتر ئەمەیه وازبێنی .

دەروێش گوتی :

– من دڵم بەمکاره رازی نییه .

قازی رووی‌لەپیره کردوگوتی:

– چەندت پووڵ پێ یه ؟"

پیره گوتی : هیچ .

قازی گوتی :

– بەیانی چت خواردووه ؟".

پیره گوتی : هیچ .

قازی رووی کرده دەروێش :

– ئەمکابرایه برسیشه شەپلاغەیەکی لێداوی خۆهیچت لێ کەم نەبۆتەوه .لێی گەڕێ وازی لێ بێنه . ئەی تۆ چەندت پووڵ پێ یه ؟.دەروێش گوتی : " شەش دینار".

قازی گوتی :

– زۆرچاکه ،نیوەی ئەم پوولەشی بدەیه ،لێی گەڕێ با بڕوا پاروەنانێک بخوا ، خودا خێرت دەنووسێ .

دەروێش زۆربه ناقایلی گوتی :

– چاک پێوه بووین !

بڕوانه لاپەڕەی ٣٣



زێدی من

مەحموود مەحموودی


گوندی "گۆشخانی" کەوتۆتە نێوان شاری سنەومەریوان . (۹۶) کیلۆمیتر لە سنە و (۴۵) کیلۆمیتر لە مەریوان دوورە .ئەم گوندە راستەوخۆ ناچێتەوە سەر رێگای ئەسڵی مەریوان وسنە . جادەیەکی (۳) کیلۆمیتری لە بەرانبەری "رەزاو" دەیخاتە سەر رێگاکە گۆشخانی سەربە ناحیەی "سەوڵ ئاوا "ی مەریوانە و لەلای راستەوە لەگەڵ "سەوڵ ئاوا" و"تەرخان ئاوا" ، لە لای جەنووبەوە لەگەڵ "رەزاو" و"کەڕئاوا" دراوسێ یە .

بە ئاماری "شووڕای ، ئیسلامی گۆشخانی" لە ساڵی ۱۳۶۴ ی هەتاوی کۆچیدا ، ئەم دێ یە بریتی یە لە (۲۲۷)ماڵ و (۹۴۶) کەس .

گۆشخانی کەوتۆتە داوێنی کەژوکێوی بەرزی وەک "کورە ـ میانە" ،ئەم کێوانەش سەرچاوەی هێندێک کانین کە ئاوەکەیان بۆ دەوروبەری دێ یەکە دێتەخوار ویەک دەگرن ودەبن بە رووبارێک ، رووبارەکەش دەرژێتە نێو چۆمی رەزاو .

جووتیاری گۆشخانی بۆ داشتنی زەوی یەکانیان زۆریان جۆگە هەڵبەستووە . تەنانەت بەشێکی زۆر ئاوی گوندەکە بە جۆگە دەڕوا بۆ کەڕئاوا . خەڵکی رەزاویش ئاوی خواردنەوەیان بە بۆری (لوولە) لە کانی یەکانی گۆشخانی بۆخۆیان راکێشاوە . "هەوار"و"گوڵبەن"و"ئاغەگەورە" لە کانی یەکانی ئەم گوندەن. بەداخەوە لەبەر بچووک بوونی زەوی یەکان وکۆچ کردن بۆ شار ، کشت وکاڵی گۆشخانی بە برەو نیە .گۆشخانی هەم بەراوی هەیە هەم دێمە . گەنم ، جۆ تووتن ،شەوەر،پیاز ، نۆک سێوک (پەتاتە) ،.... لە گوندی گوشخانی رەنێو دێن .

گۆشخانی لەچاو دراوسێکانی دارودرەختی زۆرە . بەهاران دیمەنی بە شینکە وگیا و گوڵی رەنگاورەنگ دەڕازێتەوە وبەڕای خەڵکەکە لەگەڵ بەهەشت رقەبەری دەکا .هاژەی



کانیاوان ،ورینگەی ماڵان سروەی فێنکی بەهار ،گوڵی ئاڵ ووالا،دارودرەختی چڕوپڕ ،

میوەی جۆراوجۆر وبەلەزەت و سێبەری ماندووحەسێنەوەی ئەم راستی یە دەسەلمێنن .


زمانی خەڵکی ئەم گوندە کوردی گۆرانە ،ئەڵبەتە بن لەهجەی هەورامی زۆری کار تێکردووە . هۆی ئەمەش نزیکی وتێکەڵاوی دانیشتووانی لەگەڵ هەورامی یەکانە .

خەڵکی گۆشخانی هەموو واجیباتی ئیسلام بەجێ دێنن ودین بۆ هەموو کاروبارێکی ژین رێ پێشاندەریانە .مزگەوتێکی گەورەشیان هەیە کە سونەتی رابردووی هەرماوە . ئاوی بۆری یان هەیە کەچی بەئاوی حەوز دەسنوێژ هەڵدەگرن .گوندەکە کتێبخانەی نیە بەڵام لە قەدیمەوە خەڵک وەدوو فێربوونی عیلم وزانستکەوتوون وزانای گەورەشیان لێ هەڵکەوتووە .ئێستاش خەڵک خوێندنیان بەلاوە زۆرگرینگە .

منداڵانی گۆشخانی تا سێهەمی راهنمایی لەوێ دەخوێنن ،بەداخەوە هێشتا دەبیرستانیان بۆدانەناوە .

لەمچەند ساڵەی دواییدا ئاووبەرقیان بۆ کێشاوە و "بێهداشت"یشی لێ یە بەڵام هێشتا وەکار نەکەوتووە .

خەڵکی گۆشخانی ماڵیان لە بەردوخشت سازکردووە . لەم دوایانەدا لەبەر ئەوە کە خشت هاسانتر دەست دەکەوێ و لە بەرد زێک وپێکترە زۆرتر لە خشت کەلک وەردەگرن . خانووی گۆشخانی وەک پلیکان بەسەر یەکەوەن. ئەویش چەند هۆی هەیە .



یەکەم: لەبەر ئەوە کە بە ئاتەگی شاخەوەیە .

دووهەم: خەڵکەکە بۆ پاراستنی گیان وماڵی خۆیان پاڵیان وێک داوە .

سێهەم: لەبەر هەندێک بەڵاو مسیبەتی تەبیعەت وەکوو لافاو .

ئەم گوندە لە پێشدا لە شوێنێک بوو کە ئێستا پێی دەڵێن "گۆشخانی کۆن"وناوی هەریل ئاوا بوو .هەریل یا هەرای وشەیەکی هەورامی یە بەمانای جاو .خەڵکی ئەم گوندە قوماشێ جاویان لە لۆکە سازدەکرد .لەبەر ئەوە کاری خەڵکی ئەم گوندە بەرلەوە کە پارچەی جۆراوجۆر وتازە باو بێ ،جاوتەنین **بوو ،گوندەکەشیان ناو ناوە** هەریل ئاوا .

ئەودەم کە دێ ودێهاتی ئێمە بە چنگ ئاغا وخانەکانەوە بوون ئەم گوندە ناوی"ئەحمەد سوڵتان" بووە . وەختێک میوان بۆ گوند دەهاتن خان نەیدەدیتن بۆیە دەستووری دا بیگوێزنەوە بۆ شوێنی ئەمڕۆی گۆشخانی .

لەبەر ئەوەش کە لە قەڵای خان زۆر نزیک بووە ناویان ناوە"گۆشخانی" ئەم وشەیەش هەورامی یە ولەراستیدا "گۆشۆخانی"یانی " شانی قەڵای خان" .

لە گۆڕستانی ئەم گوندە قەبری "خاتوون فاتمە" و "مەحموودبەگ"ی مەشهوور بە "ئاغاگەورە"ی لێ یە .خاتوون فاتمە ۱۲۲ ساڵ و مەحموود بەگیش ۱۱۲ ساڵ لەمەوبەر مردوون .

ڕەخنە و

نیە لە مومکینی ئیمکان خەتا و سەهوی نەبێ
بە غەیری خاجەیی دیوانی (عالم الاسما)

لەم بەشەدا کە زۆریش سەرنجی خوێنەرانی بەڕێزی ڕاکێشاوە دوو مەبەستمان لەبەرچاوە : یەکەم: ئەوەی کە بە هاوکاری هەموو خوێنەرە بەئەمەگەکانمان هەڵەی ژمارەکانی ڕابردوو ڕاست بکرێتەوە . دووەم : پێشنیاری خوێنەر بە هەموو ئەو کەسانەی کە بۆسروە دەنووسن یا دەیانەوێ بنووسن ڕاگەیەندرێ . لە ڕاستیدا ئەم لاپەڕە دەبێتە هۆی پەیوەندی گرتنی خوێنەرانی سروە و ئەو نووسەرانەی لە دوور و نزیکەوە شت بۆ سروە دەنووسن .

محەمەدی شانەزەری :

١– بابەتی شانۆگەری کوردی لەمچەند ژمارەیەدا بەرچاوم نەکەوتووە .

٢– بابەتی وەرگێڕان لە زمانەکانی دیکەوە (بابەتی باش و بەکەلک بۆ بەهێزتر کردنی گۆوارەکە) .

٣– بابەتی مێژوویی کە پەیوەندی بە مەسەلەی کوردەوە هەبێ .

٤– کەم کردنەوەی بابەتی ئایینی، و زۆرکردنی مەتڵەبی زانستی وەکوو :ڕەوانشناسی ، جامیعەشناسی،و داب و ڕەسمی گەلانی‌تر .

شنۆ : کاک غەفوور سەلیمی

شوێنێکی تایبەت بۆ ئاساری باستانی و تاریخی کوردستان بکەنەوە .

شیراز : کاک پێشڕەو سولەیمان

ئەگەر گۆوارەکە ئەدەبی و فەرهەنگی‌یە – ئیتر وەرزش کاری بەوە چیە ؟

سەقز : کاک عەبدوڕەحمان گوڵستانی

ئایا دەتوانن تاریخی‌وەدی هاتنی میللەتی کوردو ڕابردووی سیاسی بنووسنەوە ، ئەگەر دەکرێ لەهەر ژمارەیەکدا باسی لێ بکرێ.

بۆکان: کاک عەلی خوسرەوی

تەرحەکان حاڵەتی تەبیعیان نیە و کاریکاتۆری تەواویش نین.

گرشیلانی مەهاباد : کاک قادر ڕەحیمی

باسی کۆمەڵایەتی بکەن و داب و ڕەسمی خراپ وەک ژن بە ژنە و شیربایی بەکاری دزێو و خراپ بەخەڵکی ڕاگەیەنن . هەروەها باسی جێگا وشوێنی تاریخی کوردستان بکەن .

تاران: کاک سەیدئەحمەدحوسێنی

لە گۆوارەکەدا چیرۆکی درێژیش بڵاو بکەنەوە ، لەسەر ژیان و شیعرەکانی قانیع بنووسن. لەبارەی حەجوزەکات و . . .لە کتێبی (فقه محمدی) مەقالە بنووسن.

ورمێ: حوسێن ئەمیرحوسێنی

لە گۆوارەکەدا ٤ پەڕە بۆ وەرزش زۆرە– هەروەها بۆچی لە سروەدا کتێبی باشمان پێ موعەرەفی ناکەن،عەکسی مامۆستا هێمنم بۆ بنێرن.

باختەران: کاک ساناو

لەچاپی کتێبی شامی کرماشانی – هەڵەی زۆری تێدایە ئەوانەی چاپیان کردووە ئاشنایی‌یان دەگەڵ زمانی کرماشانی نەبووە .

بۆکان: م.ع.ئازاد

چیرۆکی شیردا بۆدا پیردا لای ئێمە (بۆکان) بڕێک جیاوازی هەیە لەگەڵ نووسراوەکەی ئێوە .

محاڵی ئەنزەل: کاک عەبدولقادر کوردی.

جوابی هەر مەتەڵێک لە ژمارەیی دوایدا بنووسنەوە و فەرهەنگۆک لە ئاخری گۆوارەکە پێویستە .

بۆکان:کاک کەماڵ ئەحمەدی

ئەگەر دەگونجێ لەسەر وەزنی شیعروقافیە مەقالە بنووسن . بەشی ئێمەوخوێنەر

پێشنیار ٧

بەختی ورد چاپ بکەن و چەند لاپەڕە بگرێتەوە.

ڕەحیم قەڵاتی گەڵۆانی

بە بۆنەی وەرزی بەهارەوە عەکسی جوان ورەنگی لە گۆوارەکەدا چاپ بکەن. هەر وەها لەسەر وەزعی(اقتصادی) کوردستان مەقالەی باش بنووسن.

بەزد: **کاک مووسا محەممەد ڕەواندزی**

ئەگەر دەکرێ ژیاننامەی شاعیران و ئەدیبانی کوردستان بە گشتی بنووسرێ.فەرهەنگۆک لە ئاخری گۆوارەکەدا پێویستە بنووسرێ.ئەگەر بە باشی لە هەر ژمارەیەکدا چەند پرسیاری باش بنووسن تا خوێنەران بەدوایابچن و ئەگەر جایزەشی بۆ لە نەزەر بگرن چاکترە،ماوەی دەرچوونی مجەلەکە زۆرە.تکایە بیکەن بە مانگانە،جەدوەلەکەتان زۆر سەختە- سێخانەی جەدوەلی ژمارە چوار خاڵییە وبۆ پرسیار.چۆنەتی ژیان و مەرگی ماموستا هێمن بنووسنەوە و وێنەیەکم بۆ بنێرن.

مەهاباد:**کاک م.ک.**

. بەیتی لاس و خەزاڵ و شاعەبدولعەزیزی داسنی و... لە سروەدا زۆرتر چاپ بکەن. وێنەی شاعیرونووسەری کوردلە لاپەڕەی نێوەڕاستی سروەدا چاپ بکەن و ئوسلووبی شیعر و نووسینیان باس بکەن.

سەقز: **کاک حەسەن خانزادی**

١- نەبوونی هیچ جەشنە باسێک لەسەر شانۆ و شانۆگەری لە گۆوارەکەدا.

٢- بەشێک لە دەسکەوتی ئەدەبیاتی هەندەران بەشێوەی وەرگێڕان.

٣- لاموایە ئەبێ چەند لاپەڕە بۆ لێکدانەوەی(نەقد) ئەو شیعروچیرۆکانەی کە چاپ دەکرێن تەرخان بکرێ.

سەقز :**کاک سادق عیرفانی**

بەدیتنی گۆواری سروە شاگەشکە بووم بەڵام وێنە کێشراوەکان وەک چیرۆک و بابەتە جوانەکانی گۆوارەکە یەک ناگرنەوە،تەرحەکان زۆر ئاسانن و شارەزایی خۆی تێدا نانوێنن.

کاک سەیدجەمال شوکری:

١. پێشنیارم ئەوەیە لەبارەی تاریخی و مێژووی کوردی زیاتر بدوێن .لەسەرباسی ئاسنگەری بدوێن.

٢- ماوەی دەرچوونی کەم کەنەوە " ئی گۆواری سروە".

بۆکان:**کاک حامیدئەحمەدی**

١- چەند لاپەڕەیەکی گۆوارەکە تەرخان بکەن بۆ ڕەخنەی خوێنەران.

٢- چەن لاپەڕەیەک بە لاوانی تازەپێگەیشتوو. بدرێ.

٣- بەڕێزان وەک مستەفا بەگ) هۆنراوەکەیان لە گۆشەیەکدا چاپ بکرێ.

باختەران:**کاک محەممەد ڕەوانسەری**

١- گۆواری سروە بکەنە مانگانە.

٢- چەند لاپەڕێک فرەتر بەشیعر و پەخشان تایبەت بدەن.

٣- باسی جوغرافیای کوردستان - جێژنی مەولوود باسی ژیانی سەلاحەدینی ئەیووبی پێوەندێکی بە گۆواری سروەوە نیە.

بانە: **کاک تاهیریوسفی**

باوەش کردنەوەی لاپەڕەکانی سروە بۆ گشت بابەتێکی زانستی وەک مێژوو فەلسەفە و بابەتەکانی دی ڕێگایەکە بۆ گەیشتنی سروە بە گۆوارە بەنرخەکانی سەردەم.

هەمەدان:**کاک جەعفەرقادری**

مانای وشەکان لێبدەنەوە وێنەی قەدیمی یا نەخشەی کوردستان چاپ بکەن.

سەقز: **کاک عەلی ئەمیری**

لەبارەی جوغرافیای سەقز لە گۆواری ژمارە١-٢-٣-٤- بە داخەوە لە **قەڵای قەدیمی کڵێپە** کە من خەڵکی وێم،**کانیەکی لێیە بەناوی کانی" قەڵعە" و کانیەکی دیکەی لێیە بەناوی "کانیەکۆرە" و قەڵایەکە**

خەراپ بووە کە لە ئاساری سەقز تاران نیشانە گوزاری بۆ کراوە ،تکایە لە گۆواری سروەدا بینووسن.

سنە :**جەلیلی پوورشاد :**

١ـ باسی شەڕی قارەمانەتی کوردەکان هەروەک دەوری عوسمانی٢٠ـ قەلای دمدم . . .مان بۆبنووسن * لەبارەی ئاساری مێژوویی کوردستانەوەبدوین * ئەگەرئیمکانی هەیە سروەبکەنە مانگانە * جەدوەلەکان زیاد بکەن * تۆزێ لە ژیانی گەورەکانی کورد بدوێن * ڕێنوێنیم بکەن چۆن شیعر بلێم * شیعروچیرۆکم زۆرهەیە بلێن تا بۆتانی بنێرم .

تەکاب :**ڕەسوولیخزرزادەـتەها مامەبایزیدی ـ کاکانی**

ئەگەر دەکرێ سەبارەت بە ڕەسمی ناپەسەندوناحەزی وەک ژن بەژنە بدوێن.

ناوچەی مەریوان: **ڕەحیم مەعرووفی**

١ـ باسێکی تایبەتی بۆ مافی ژنان لە بەرانبەری پیاواندا چون من پێم وایەلە کوردستاندا پیاوان نەتەنیا هیچ ڕێزوئیحترامم بۆ ژنان دانانێن بەلکوو وادەزانن ئەگەر ئیحترامیان لێبگرن سووک دەبن * باسێک لەبارەی چۆنەتی پەروەردەکردنی منالانی ساواوشێوەی هەلسە و دانیشتن لەگەل ئەواندا بۆ ئەوەی بەباشی تەربیەت بکرێن ئەگەر ویستتان دەتوانم لەم بارەوە هاوکاریتان بکەم .

ئەگەر دوولاپەڕەتان تایبەت دا بە ژنان باسێکی لەسەر چۆن دروستکردنی چێشت و بایەخی ئەو شتانەی وا تێی دەکرێ بنووسن* بۆچی لە گۆوارەکەدا ناوی شاعیری بەناوبانگ مامۆستا قانیع نابرێ؟ * پرسیار :«دەکەم، دروستە یا"ئەکەم".سوپاس هەلەیە یا سپاس."سۆما"یانی چی؟

بۆکان: **سەعادەتی یووسفی**

سروە بکەنە مانگانە .وێنە و نەقاشییەکانی سروە ڕەنگی بن * لاپەڕەکانی شیعروژمارە تەنزەکان زۆرتربن * لەهەر ژمارەیەکدا داب و شوێنی زەماوەندی ناوچەیەکی کوردستان بەوێنەوە چاپ بکەن * چەند کورتەچیرۆک و چەند پارچە شیعر و مەتەلم هەیە ئەگەر قەبوولی بکەن بە دیاری بۆتانی دەنێرم چاپی بکەن.

بۆکان :**مستەفانیعمەتی**

بۆ سروە بەوەختێکی مشەخەس بلاو ناکرێتەوە؟،ئەگەر لەباری مالییەوە کەمایەسیتان هەیە پێموایە لایەنگر و خوێنەری سروە یارمەتیتان دەدەن * لەهجەوشێوەزمانی سروە وەک کامیەک لە لەهجەکانی کوردییە ؟ئایا تەواوی خەلکی کوردستان لێ حالی دەبن و کەلکی لێ وەردەگرن ؟ ئایا لەهجەیەکی سەرانسەری

ڕەخنە و

کە تەواوی کوردستان لێی‌حالی بن هەیە ئەگەر هەیە بۆچی کەلکی لێ وەرناگرن * چەند کەلیمە و جملەمان خوێندەوە کە پێموایە خەلکی لای سنە و دەوروبەر لێی حالی نابن وەکوو کەلیمەی"لەکن" "لەمێژ" و کەلیمەی دی * من پێموایە ئەو وشانەی ریشەی فارسی و عەرەبییان نیە لەهەر لەهجەیەکدایە بەنێوی کوردی کەلکی لێوەرگرن * سروە بکەنە مانگانە .

سەقز :**کاک عەلی سەلامی**

لە لاپەڕەی ٤١ی سروەی ژمارە چوار کاک سەلاحی عەرەبی لە (پیرەداردا) نووسیویەتی :بەهارهات و هاوین ڕۆیی ،بەنەزەری من کە بەهار بێت وەرز خۆش دەبێ، بەلام ئەم نووسیویەتی (سەرماگەڕایەوە) دوای ئەوە زستان پێش بەهارە نەوەک هاوین.

تێبینی: من ئامادەم کە هەرشتێکی بەنرخم دەسکەوێ بۆتانی بنێرم ،بۆ ئەوەی ئێوە بلاوی بکەنەوە .

خانێ : **ئەبووبەکرئەحمەدی**

لەبارەی مەسایلی فەرهەنگی ،ئەدەبی ،مێژوویی ، فۆلکلۆری و . . .ناوچە جۆربە

پێشنیارە ٧

جۆرەکانی کوردستان شت بنووسن و لێکۆڵینەوە بکرێ * چەند لاپەڕەیەک تەرخان بکرێ بە مەسایل و چیرۆک و شیعر و پەخشان و ... بۆ منداڵان و نەوجەوانان * ئەگەروێنەکان و سەردێڕەکان ڕەنگی چاپ بکرێن دیمەنێکی جوانتر دەدەن بە گۆوارەکە وئەگەر بەو پێیە قیمەتیش زیاد بکرێ گرینگ نیە * گۆواری سروە بکرێتە مانگانە .

شنۆ : **محەمەدعەرەب**

بۆچی شاعیر و نووسەری بەڕێز مامۆستا هەژار ج نووسراوەیەکی لە سروەدا بەچاپ نەگەیشتووە ؟

محاڵی سۆمای برادۆست :**مەلا محەمەدی عومەری**

بەداخەوە گۆواری سروە زۆری وشەی فارسی وعەرەبی تێدایە و کوردی جۆتە دەر .

شنۆ .گوندی نەلۆس :**غەفوور سەلیمی**

بەشیک تەرخان بکرێ بۆ شوێنە باستانی‌یەکان یانی ئەو جێگایانەی شوێنی‌تایبەتی تاریخی و مەڵبەندی‌کوردستانن باسیان بکرێ.

بۆکان: **فەتتاحی شەریفی**

بۆچی مامۆستاهەژار شیعری شینی بۆ مامۆستاهێمن نەگوتووە ؟

سەردروود: **عوسمانی قادری ڕێبوار**

ئایا زمانی یەکگرتوو تەنیا بۆ کوردستانی ئێرانە؟ لە ژمارە ٣دا نووسراوە کتێب و بەرهەمی ئەدەبی و زانستی بەهەر لەهجەیەک زیاتر نووسرابێ،دەتوانێ ببێتە هۆی پێک هاتنی زمانی کوردی" جاکە وایەکوردستانی عێراق لەمێژە خەریکی کوردی نووسینن.

سەقز :**توفیقی قاسمی**

بە یاسای ئیسلام‌وئیمامی شافیعی لەبارەی زۆر مەسایلەوە بۆ لاوانمان شت بنووسن * سروە بکرێتە مانگانە یا ماوەکەی کەمتر بکرێتەوە * لەبارەی مێژووی کوردستان پێش ئیسلام‌فەرهەنگ و ئەدەبی کورد لە رابردوودا و شوێنە تاریخی‌یەکانمان.

بۆکان:**کاک مستەفائیسماعیل ـ پوور**

ئایا ئینتیشاراتی سەلاحەدینی ئەیووبی‌دەیەوێ دیوانی مامۆستا هەژار و دیوانی تاریک وروون ونالەی جودائی مامۆستاهێمن لەچاپ داتەوە یان نا ؟

شێرکۆناکام :

مامۆستاهێمن جگە لەتاریک ،وروون و نالەی‌جودایی و هەواری خاڵی و پاشەرۆک و چەندوتار کە لە سروەدا چاپ کراوە شوێنەواری تری بەجێ هێشت یا نا ؟ رشتەی‌مرواری نووسەرەکەی کێیە و لەبارەی چ دایە؟ ئایا وەگیر دەکەوێ؟ ئایا بەرگی دووەمی"مێژووی ئەدەبی کورد" لەچاپ دراوە ؟ لەبارەی مۆسیقای کوردی و گۆرانی بێژە بەناوبانگەکان بنووسن.

محاڵی ئەنزەل:**عەبدولقادر کوردی**

جوابی هەر مەتەڵێک لە ژمارە ی دوایدابنووسنەوە لە چیرۆک بۆ منداڵان،منداڵ کەمتر تێدەگا ،دەبێ چیرۆکەکە وابێ لەگەڵ تەبعی منداڵ یەک بگرێتەوە ـ و نەتیجەی باش بەدەستەوە بدا ، چیرۆکی پاڵەوان فس‌فس‌هیچی موسبەتی تێدا نیە .

دانانی فەرهەنگۆک لە ئاخری هەر ژمارەیەکدا ، بۆ لێک دانەوەی هەندێ وشەی سەخت ، پێویستە ، هەرکەس‌دوو یا سێ جار جەدوەل بەتەواوی و دروستی پڕ بکاتەوە جایزەی چیە ؟

کاژێی سەردەشت :**کاک سەعید رەحمانی**

رەخنە لەسەر باسی"خەرمان پێوان" ئێوە تا ٢٠تەنەکەتان پێواوە و تەنەکەیەکتان‌زەکات دەرکردووە بەڵام شەرعی ئیسلام دوو تەنەکەیە ـ ئەلف‌وبێی کوردی لە ژمارەیەکدا بنووسنەوە و فەرهەنگۆک لە ئاخری گۆوارەکە **پێویستە .**



«« زانایانی بەناوبانگی کورد »»

عەبدوڵڵا ناهید (افتخار)

خوالێخۆشبوو عەبدوڵڵا ناهید (ئیفتیخار) زانایەکی گەورەی کوردە کە ساڵی ١٢٧٠ی هەتاوی لەشاری سەقز لەدایک بوو و ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی لەگوندی سلێمانکەندی سەقز کۆچی دوایی کرد.

پێش ئەوەی ژیان وبەسەرهاتی ئەم زانا هونەرمەندە بخەینە بەرباس ولێکۆڵینەوە پێویستە ئاوڕێک وەسەر عێلی فەیزوڵڵا بەگی بدەینەوە و شێوەی ژیان وبەڕێ چوون وهەڵسوور داسووڕی ژیانیان هێندێک بخەینە بەرچاو.

ئەم عێلە کە بەگزادەشیان پێدەڵێن و عەبدوڵڵا ناهید لەبەرەیەکی ئەوان کەوتۆتەوە عەشیرەتێکی کۆن و لە مێژینە ورەسەنی کوردە. پیاوی گەورە وهونەرمەندیان لێ هەڵکەوتووە. پیاوی ئەم عەشیرەتە نموونەی بوێری و ئازایەتی بوون وعەشیرەتەکانی دەوروبەریان نەیانوێراوە تێیان ڕۆبێن. لەگەڵ ئەوەش کە سوارچاک و ئەنگێوە وکوڕی مەیدان بوون لەباری هونەرو پلەی سەوادوزانست وشارەزایی و شارستانەتی یەوە زۆر سەرکەوتوو بوون. هۆی ئەم پێشکەوتنە ئەوەیە کەناوچەی فەیزوڵڵا بەگی کەوتۆتە دەشتایی وقەراغ شاروسەر ڕێگای شۆسە وجادە و بەئاسانی دەتوانن خۆ بگەیەننە ناوەندی پێشکەوتن وبارهێنان.

لەو سەردەمەدا زوربەی عێلاتی کوردەواری کۆچەر بوون وبەدووی مێگەل ورەوەی ئاژەڵدا گەرمێن وکوێستانیان دەکرد. ڕەعەمەل هێنانی مەڕوماڵ وبڕینی چڕو ئەستەمی چیاکان وەختێکی بۆئەوان نەدەهێشتەوە تاکوو نووسین وخوێندن فێربن وپلەی زانست وهونەریان بەرز بکەنەوە. بەپێچەوانەی ئەم عێلانە عێلی فەیزوڵڵا بەگی کۆچەر نەبوون وژیانیان بەکشت وکاڵ وبازرگانی وکارکردن لەئیداراتی دەوڵەتی رابواردووە. دێهاتی فەیزوڵڵابەگی زۆر ئاوەدان وبەپیت وبەرەکەت بوون وهەموو گوندەکان مزگەوت ومەلا ومەدرەسە وتەنانەت حەمامیشیان بووە. فەیزوڵڵابەگ سەرۆکی ئەم عێلە پێش ئەوە گوندێک دروست بکا دەستووری داوە مزگەوت وئاوو حەمام دروست بکەن. بەمجۆرە ئەم بنکە ئینسانی یانەی لە ناوچەدا دامەزران هەرلە سەرەتاوە دەستیان بەخوێندن وتێگەیشتن وفێربوون راگەیشتووە.

ناوچەی فەیزوڵڵابەگی کەوتۆتە ڕۆژهەڵاتی بۆکان وجەنووبی ڕۆژهەڵاتی سەقز کە وڵاتێکی بەپیت وبەرەکەتە وبەتایبەتی بۆگەنم وجۆ لە هەموو کوردستاندا شازە. ئەم هۆیانە هەروەک گوتمان بوونە هۆی پێک هاتنی هۆز و عێلێکی پێشکەوتووی خاوەن فەرهەنگ و هونەر کە لە کوردستاندا ناوبانگیان دەرکردووە.

عەبدوڵڵا ناهید لە بەسەرهاتی خۆیدا دەنووسێ:

"ناوم عەبدوڵڵا وناوی بنەماڵەم ناهیدە. کوردم وبنەچەکەم ئاریایی یە. باب وباپیرم هەمیشە لە کوردستان ژیاون. باوکم مستەفا خان (سالار ناسر) کوڕی شێربەگ وئەویش کوڕی فەیزوڵڵابەگە. باوکم بۆ ئاوەدان کردنەوەی گوندی سلێمانکەندی زۆر تێکۆشا و مزگەوت ومەدرەسە وحەمام وکارگەی تەونی لێ



دروستکرد وبەباغی جوان و سەرسەوزیش دەوروبەری رازاندەوە .مەدرەسەی سلێمانکەندی زۆربەناوبانگ بوو. مامۆستا مەلا رەحمانی کۆیی کە لە عیلمی "مەعقوول ومەنقوول" دا وەک دەریا بوو لەم مەدرەسەدا دەرسی دەگوتەوە .

شاعیرێکی خۆش قەریحە وئەدیبێکی بێ وێنە بوو.زانا وشاعیر وفەقێ ومەلا لە سەرانسەری کوردستانەوە بۆ فەیزوەرگرتن دەهاتنە خزمەتی ."

عەبدوڵلا ناهید پاش خوێندنێکی سەرەتایی لە سلێمانکەندی وسەقز ومەهاباد دەڕواتە تەوریز وپاش بەینێک دەیەوێ بۆفێربوونی زانستی خۆی بڕواتە ئورووپا. بەڵام بەهۆی دژایەتی خزموکەسوکاری ، ئەم کارەی بۆ ناچێتەسەر وزۆریشی پێناچێ شەڕی یەکەمی جیهانی دەستپێدەکا وبڵێسەی ئاگری شەڕ هەموو گۆشەوکەنارێکی وڵاتەتایبەتی کوردستانی ئێران دادەگرێ .کوردستان دەبێتە مەیدانی شەڕی رووس وعوسمانی وزەرەوزیانێکی زۆری وێ دەکەوێ .هێندێ کەسکە لایەنگری لە عوسمانی یەکان دەکەن بەدەست رووسەکان قەڵاچۆ دەکرێن .لە مەهاباد وئێندرقاشدا هەشت هەزار کەس بەوتاوانە قەتڵ وعام کران و زۆر کەسی دیکەش وەک شێخ بابا وعەلیخانی سەردار بە تاوانی لایەنگری لە رووسیای تەزاری ئیعدام کران .ناهید لەمەودوا دەکەوێتە گێرەوقەرقەشی رۆژگار وبۆ نەجاتی خەڵکی ناوچەی سەقز وبانە و دووپات نەبوونەوەی کوشتاری دڵتەزێنی مەهاباد و ناوچەی شارۆیران هەوڵ دەدا . زۆرجار لەلایەن خەڵک وحکوومەتەوە دەبێتە حاکمی شارستانی سەقزولە هەل ومەرجی پڕمەترسی ئەوکاتەدا خزمەتێکی زۆر بەخەڵک دەکا و نایەڵێ داگیرکەرانی رووس وعوسمانی خەڵکی ناوچە قەتڵ وعام بکەن .ئەم هەڵسووران وهەدا نەدانە ، ناهید دەکاتە خۆشەویستی خەڵک و ماڵی دەبێتە رووگەی لێقەوماوان وگرفتارانی ناوچە .هەر ئەو خۆشەویستی یەش پاشەڕی جیهانی بووبە هۆی هەڵبژێرانی بۆ پارلمان .

لەو ساڵانەدا کە ناهید نوێنەری پارلمان بوو یان لە گوندی سلێمانکەندی دەژیا ، هەل ودەرفەتی موتالای قووڵ وهەراوی دەست دەکەوێ ولە تاریخ وئەدەبی ئێران و کوردستاندا دەبێتە پسپۆرێکی بێ وێنە ، لە بیرەوەریەکانیدا دەنووسێ :

" بەپێویستی دەزانم باسێک لەو کتێبانە بکەم کە لەماوەی حەسانەوەی کورتی خۆمدا نووسیومن . لەساڵی ١٣٠٠ی هەتاویدا کە لە گوندی یەکشەوەبووم قامووسێکی کوردی ـ فارسی کە لەمێژ بوو دەستم پێکردبوو تەواوم کرد. ساڵی ١٣٠٢ پاش گەڕانەوەم بۆ گوندی سلێمانکەندی نووسینی دووکتێبم بە ناوی "چگونه به مریخ رفتم" (چلۆن چوومە مریخ) و"پهلوانان گمنام" (پاڵەوانانی نەناسراو) دەستپێکرد . بەرگی یەکەم و نیوەی بەرگی دووهەمیشم نووسی وباقی یەکەم لە تاران تەواو کرد.هەروەها بەرگی یەک ودوو

سێی "پهلوانان گمنام"م لە سلێمانکەندی نووسی وبەرگی چوارو پێنجیشم لەتاران تەواو کرد. کتێبێکی دیکەشم بەناوی "ئەحمەدورەعنا" گەڵاڵە کردووە کە هێشتا بۆم تەواو نەکراوە. دیسان کتێبێکی دیکەم بەناوی "تکوین کائنات" (پێکهاتنی دنیای هەستی) لە تاران نووسی وئێستا چەند کتێبی دیکەم وەک "پرۆفسۆر دریاس" و "عەزیز چەکمەسوور" و "مصاحبە با شیطان" (وتووێژ لەگەڵ شەیتان) بەدەستەوەن وخەریکم تەواویان بکەم."

تاران چاپی کردووە.

ئەم کتێبە ئۆتۆبیۆگرافی نووسەرە و سەرگوزەشتی نووسەر لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا نیشان دەدا ولەباری مێژوویی یەوە خاوەنی بایەخێکی زۆرە.

باقی نووسراوەکانی ئەم نووسەرەپایە بەرزە بەداخەوە لەچاپ نەدراون. هیوادارین بدرێن بە ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی وکەلکی پێویستیان لێ وەربگیرێ.

خواڵێ خۆشبوو عەبدوڵڵا ناهید (ئیفتیخار) زانایەکی گەورەی کوردە کە ساڵی ١٢٧٠ی هەتاوی لەشاری سەقز لەدایک بوو و ساڵی ١٣٤٤ی هەتاوی لە گوندی سلێمانکەندی سەقز کۆچی دوایی کرد.

بەم چەند دێڕەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێ کە عەبدوڵڵا ناهید (ئیفتیخار) یەکێکە لە پڕکارترین نووسەرانی کورد ولە نووسیندا گەیوەتە پلەیەک کە بتوانێ چەند کتێبان پێکەوە بنووسێ. ئەوەش دەبێ بزانین کە تەنیا نووسەری زۆر پسپۆر وشارەزا دەتوانێ لە کاتێکدا لەسەر چەند بەرهەمان کار بکا.

لەم کتێبانەی باسمان کردن تەنیا جلدی یەکەمی "پهلوانان گمنام" و" چگونە بەمریخ رفتم" لەچاپ دراون. "پهلوانان گمنام" بابەتێکی مێژوویی یە کە دەگەڕێتەوە زەمانی دەسەڵاتداری مەغوولەکان ولەباری چیرۆک نووسینەوە پەرداغە وزۆر بەهێزوپتەوە. "چگونە بەمریخ رفتم" داستانێکی خەیاڵی یە کە وەک بەرهەمەکانی ژوولوێرن مایەی زانستی هەیە.

یەکێک لە بەرهەمەکانی تری ئەم نووسەرە "بیرەوەری یەکانی من"ە کە بە فارسی نووسراوە وقازی ـ ئەحمەد لە ساڵی ١٣٦٣ لە

ناهید هەرنووسەر نەبوو، وێنەگەری (نقاش) وەک خۆی لە ئێراندا کەم بوو. تابلۆی زۆر بەنرخی لەپاش بەجێ ماون کە هێندێکیان لە کتێبخانەی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی هەڵگیراون وهەندێکی تریشی لە نێو خزموقەومان بڵاو بوونەوە کەهەریەکەی نموونەی دەسترەنگینی وکارجوانی ئەم زانا بلیمەتەن. فەیزوڵڵاخانی ناهید وێنەگەری بەناوبانگی ناوچەی سەقز برای عەبدوڵڵا ناهیدە وبۆمان دەردەکەوێ کەهونەر بەمیرات بەو بنەماڵە گەیشتووە. وەک کەس وکاری خواڵێ خۆشبوو دەڵێن، ئەو زاتە تاری زۆر چاک لێداوە ومۆسیقای زۆر باش ناسیوە. ئەمڕۆ هەر لەوبنەماڵەدا کاک محەممەدی ناهید یەکێکە لە مۆسیقی زانانی کوردستان ولەبووژاندنەوەی مۆسیقای رەسەنی کوردیدا زۆری زەحمەت کێشاوە.

دەستەی نووسەرانی سروە

یەکێک لە قۆڵە هەرە گرینگەکانی فۆلکلۆری ئەدەبی کوردی بەیتە. بەیت ئاوێنەیەکی بالانوێنە لە ژیانی ساکاری کوردەواری. بە هۆی نەبوونی ئەدەبی نووسراوە بە درێژایی سەدان ساڵ بەسەرهات و رووداوەکانی نێوکۆمەڵ خزاونەتە قالبی بەیت و سینگ بە سینگ و بەرە بە بەرە پارێزراون. هەوێنی بەیتەکان لە عیرفان و مەزەب و رووداوە مێژوویی یەکان و ئەوینی پاک و بێ غەل وغەشی تایبەتی کوردەواری هەڵێنجراون ونەریت و..." رووداوەکانیان ژیاندۆتەوە و مێشکی گوێ دێرانیان پێ زاخاو داوە. ئەگەر حەول وتێکۆشانی خۆشخوان نەبا، ئەو خەزێنەش وەک زوربەی قۆڵەکانی تری فۆلکلۆرەکەمان خۆڵی فەرامۆشی بەسەردا دەکرا و ئیمڕۆ ئێمە لێی بێ بەش دەبووین.

پاراستنی زمان لە بەیتەکاندا شتێکی زۆر بەرچاوە ئەگەر بەجوانی لێیان ورد بینەوە زۆر وشەی رەسەنی تێدا بەدی دەکرێ کە دەتوانن وگیانی لێ ئەمستاندووە نێرەکەشی لەگەڵ خۆی بردووە.

ئێستا ئێمە لە بەیت بێژانی کۆن کەس نانا سین، تەنیا عەلی بەردەشانی و یەک دووکەسی دیکە نەبێ، کە ئەوانیش ژیانیان لەگەڵ ئەفسانە تێکەڵاوە وهەڵاواردنی راستی و چەوتی بەسەرهاتیان کارێکی چەتوونە.

یەکێک لە بەیتە هەرە مەنشوورەکان بەیتی "**لەشکری**"یە. لەبارەی چۆنیەتی خولقانی ئەو بەیتە چەند شێوە بۆچوون



لەشکری

ئەحمەد بەحری

بەدەمی جازانان و لێزانان داڕێژراون و بە دەنگی خۆشخوانان، لە دیوەخان ومزگەوتان، لە کونجی ماڵی هەموو کوردێک گوتراون ومەجلیسیان پێ رازاوەتەوە.

بەیت بێژان پەردەی زەمانیان وەلا ناوە. هەست، دڵەخورپە، قارەمانەتی، داب ببنە بەردی بناغەی زمانە یەکگرتووەکەمان. لەبەر ئەمە ئەمەگی بەیت بێژان لەسەر شانی هەموومانە، تا بێ لەبیریان بکەین ولانی کەم دەبێ بە نووسینی بەسەرهاتیان ئەرکی سەرشانمان سەبارەت بەوان بە جێ بێنین.

بەداخەوە هەر بەیت بێژێک کە ئەجەل بەربینگی پێ گرتووە لەنێو خەڵکدا لەسەر زمانانە. هێندێک پێیان وایە بەیتی لەشکری "بابی لەشکری" داینا وە هێندێکیش دەڵێن لەشکری وبابی بەدووقۆڵی گوتوویانە. هێندێک دەڵێن لەشکری ئاشقی "**خانزادەخان**"ی خوشکی "**خان سولەیمان خانی قولی بەگی یان**"بووە وهێندێکیش دەڵێن نەخێر ئاشقی "**مێری**

مەدیان"بووەچونکە بەیتی لەشکری وبەسەرهاتی لەشکری دەچێتەوە سەر خان سولەیمان خانی قوڵی بەگی یان،پێویستە لە لاپەڕەکانی مێژوودا لێکۆ- ڵینەوەیەکمان لەسەر ئەو سولەیمان خانە هەبێ .

شەرەفخان لە شەرفنامەدا باس کردووە وبەشەش پشتان بردوویەتەوە سەر "کەڵۆس" گەورەخانەدانی بنەماڵەی سۆرانەکان.باسی هونەروەری و دادگەری وهەژارپەروەری ئەو پیاوەی کردووە و دەنووسێ:" لەساڵی ١٥٧٧ی میلادی (٩٨٦ ، هجری قمری)دا هاتۆتە سەرکار ولەساڵی ١٥٩٠ (٩٩٩هجری قمری) مردووە "ئیتر باسێکی لە دەرماندا وکرانی بەدەست رۆمی یەکان نەکردووە .

مامۆستا هەژار لەپەراوێزی شەرفنامەدا لە زمانی محەممەدمەولوود(مەم)ەوە بە



پێنج پشتان گەیاندوویەتەوە ، سەر کەڵۆس و دەنووسێ "سولەیمان خان بەگزیکاری والی بەغدا لەناو براوە". بەداخەوە نەینووسیوە کە مامۆستا مەم لەوبارەوە ج بەڵگەیەکی بەدەستەوە .

مامۆستا حوزنی موکریانی لە "مێژووی میرانی سۆران"دا لەبارەی هونەرپەروەری خان سولەیمان خان دواودەنووسێ لە (حەسەن ئاوا)ی ئەردەڵان یەکەعولەمای بەناوبانگ مەلاحەیدەر باپیرەگەورەی بنەماڵەی حەیدەری ماوەران و هەولێروبەغداومەلا ئەبوبەکر باپیرەگەورەی مەلا گچکە (مەلا ئەفەندی مەلائەبوبەکر)ی هەولێری وئەحمەدئەفەندیی ئەعیان کەهەر دووکیان کانی فەزل (فضل) و هونەروزانستی کوردستانن،بردنیە خاکی سۆران.مەلا حەیدەری لە هەریر ومەلا ئەبووبەکری لە هەولێر دامەزراند.لەو دوو گەورە زاناکوردانە علیمپەروەری بەست وکوردستان هەتا ئەمرۆ لەوانەوە فێری زانست بوون". هەروەها دەنووسێ:"ناو و نیشان وئاساری سولەیمان بەگ هەتا ئەمڕۆکەش لە کوردستاندا هەرماوە ،بەدەنگ وخۆشخوانی وپێ داهەڵگوتن بەیتی سولەیمان بەگ دەبێژرێ کە پیاوێکی دادگەروتێگەیشتوو وئازاوبەناوبانگ بووە . گۆڕەکەشی لە هەولێرە .

لەبێسدا کوتمان کە جۆنیەتی خوڵقانی بەیتی لەشکری بەجەند شێوە لەنێو خەڵکدا باوە .لێرەدا شێوە- یەکیان دەخەینە بەرباس کە هێندێک لەبەیت بێژان ، دەیکەنە سەرەتا وبەرلەدەست پێ کردنی بەیتی لەشکری بە قسە دەیگێڕنەوە .

"مەحموود"کوڕێکی داسنی بوو. لەسەرجۆمی"کەڵو"ێ جێی دە دوازدە ربە"جۆ"یانی بە پێمەڕەی خۆش کردبووودەیچاند. هەموو ساڵێ وەختی قات و قڕی بن مەڵۆیە دەستی دەکرد بە دروونەوەی ولەسەر بەڕدی، بە کوتکی دەیکوتا ولێی دەکرد وپێی دەگەیشتەوە نوێیان ! ساڵێکی ئەو پەڵە زەوی بە چاکی دەگرێ.جۆی بە قەوەت مل لە بەرملی یەک دەنێ و هەرەمێ دەکا ،بۆوەی نابێ لە سەربەڕەی بیکوتێ . دێنێ خەرمانێکی بە گەردەی بۆ دروست دەکا .لە ماڵی دونیا یە هەشت بزن شک دەباو پیرە دایکێک .پیرەدایکەی دەکاتە بنە وبزنان لە گێرەی دەکا و خەریکی وردکردنی خەرمانی جۆدەبی .

"خان سولەیمان خانی قوڵی بەگی یان"هەر لەو رۆژانەدا ئیشتیای راوێ دەکا وبە حەوسەد سوارەوە دێتە سەر چۆمی کەڵوێ بە هەڵکەوت تووشی خەرمانی مەحموودی

دەبێ.کەچاوی بەوحاڵە دەکەوێ زۆری پێ سەیر دەبێ! دەبینێ ئەوە کوڕێک هەست بزنی دەگێڕەی کردووە وپیرێژنێکیش دەبەنەی دابە وکوڕە دەنگی لێ هەڵێناوە وئەوی دەیڵێ نایڵێتەوە! راوێ بەتاڵ دەکا .بەخۆی وبەسوارانی لە دەوری خەرمانی مەحموود دادەبەزێ.مەحموود بە پیریانەوە دەچێ.خان خۆشی لێی دێ ودەستور دەداتە سواران بە ئەسپەکانیان خەرمانەکە سمکوت کەن و کا و دانی بۆلێک کەنەوە.زەمانی قەدیم هەر سەردارەی چەند خۆشخوانی هەبوو. ئەو خۆشخوانانە لەکاتی شەڕ و سەفەردا بەدەنگ وسەدای زوڵاڵیان بەلەشکریان هەڵدە-کوت و ورە وتوانایان دەبردە سەر. هەر وەها لەکاتی حەسانەوە ووچانیدا بەزمیان بۆدەگێڕان و ماندوویەتیان لەبیر دەبردنەوە.خان سولەیمان کە گوێی لە دەنگی مەحموود بوو دیتی شیاوی ئەوکارەیە،داوای لێ کرد ببێتە پیاوی وخۆشخوانی لەشکری بۆبکا .مەحموودیش قەبوولی کردو لەوێ رۆژێ را بە "لەشکری"نێوبانگی دەرکرد.

لەشکری کوڕێکی زۆرلێهاتوو بوو.وردە وردە لە دیوەخانی سولەیمان خاندا جێی خۆی کردەوە.پلە بە پلە چووە سەر هەتا جێیەک کە بوو بە راوێژکاری خان وخان هەست و نیستی خۆی لەمستی نا .دەڵێن خان سولەیمان دوو ژنی هەبوو بە نێوی "فاتمی ناوخۆشیان" و "ئایشی حاجی حوسێنی".لەو دوو ژنە منداڵی نەبووە بە ناچار کچێکی داسنی بەنێوی "مێری مەدیان" دەخوازێ. لەشکری بەرلەوەی ببێتە پیاوی خان،ئاشقی ئەو "مێر"ە دەبێ.کەنێوی خان دێتە گوڕێ بەردێکی لەسەر دادەنێ و وازی لێ دێنێ .بەڵام لە دڵی ناچێتەدەر .وردە،وردە بوغز و قین هەست ومێشکی دادەگرێ، خانی لەپێش چاو رەش دەبێ و وەک ماری بریندار لە هەلێک دەگەڕێ ژەهری خۆی برێژێ و تۆڵە لە خان بکاتەوە.خانیش بێ خەبەر لە دەروونی رەشی لەشکری جڵەوی کارەکانی هەر وەها لەدەست دەنێ وبەکوڕی ماڵیی دادەنێ.

ئەوەدەمی رۆمی یەکان "ئەگەر بڵێین عوسمانی یەکان راسترە" دەسەڵاتیان بەسەر ناوچەدا شکاوە ودیارە خان سولەیمان خانیش دەبەردەستی ئەوا نەدابووە. جارێکیان لەشکری سەبارەت بەکارێک دەنێرێتە دیوانی رۆمیەکان. لەشکری ئەوهەلەی لێی دەگەڕا وەدەستی دەکەوێ وبە هەر شێوەیەک بێ دڵی رۆمییەکان سەبارەت بەخان دەگۆڕێ. هەر بۆیەخان بانگ دەکەنە دیوانێ وبە پیاڵەیەک ژەهر دەرما-نداوی دەکەن.

پاش ماوەیەک ژنەکانی سولەیمان خان هەست بەوە دەکەن کە مێردەکەیان بە شۆفاری ودووزمانی لەشکری دەرماندا و کردووە.قۆڵبەستی دەکەن ولەشانان بەرەخوار لە مۆرەی دیواری دەگرن و خەڵکی لە دەوری کۆدەکەنەوە، وپێی دەڵێن :جابڵێ بزانین خان سولەیمان خانت چۆن بە دەرماندا وکردن دا!؟.

لەشکری کە دەڕوانێتە رابردووی بابردووی خۆی غوربەتی هەڵیدەگرێ ودەروونی دێتەجۆش ودەنگ هەڵدێنێ و بەسەرهاتی خۆی وخان سولەیمان خانی قوڵی بەگی یان بە سۆزەوە دەگێڕێتەوە.هەر ئەو گوتنەی لەشکری یە کە ئێستا بە بەیتی "لەشکری"مەنشورە دوای ئەوەی گوتنەکەی کۆتایی



پێ دێ توپە قوڕێکی بە زاری یەوە دەدەن. لەشکری ئەو بەیت بێژەی کەبەسەرهاتی لەگەڵ ئەفسانە تێکەڵ بووە لە مۆرەی دیواردا سەر دەنێتەوە .

تەواو



ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی

فەرزندە

لاوۆ چێبن، چێبخەبتن، ئەسکەرێ ڤی زالمی ژ مەڕا هێ هنکە."

ئا غا یۆ نەمینم ماقوولۆ نەمینم...

وەزێ نەمینم ژ عەشیرەتا حەسەنا ڕا میرۆ نەمینم نەمینم...

ئا غا یۆ... وەێ ئا غا یۆ

ئا غا یۆ وەزێ ل دیارێ دۆنکا شەوتی مەندەلغا کاڤل کەتم وێ دخاردا.

دو هەزار حەڤسد ئەسکەرێ ڤی زالمی

ئا غا یۆ...ئا غا یۆ...

ئا غا یۆ وەزێ ل دیارێ دۆنکا شەوتی مەندەلغا کاڤل کەتم وێ ب مەندکە

گوللال سەر سەرێ فەرزندە ئاغایێ عەشیرەتا حەسەنادا تکەتکە.

هەگەر هوونێ سالخ و سوولخێ فەرزندە ژ من دکن، میرەکی ب دلی، چار گورچکە.

فەرزندە ل حەرافێ مەیدانێ ل عەڤدلباقی کرە گازی کەرەمێ قولاغازی، گۆ: " چل قەدا

پاشماوەی حوکمی ناڕەوا

لێشم بدەن وپووڵیشیان بدەمێ! ئەمە زوڵمە ،ناحەقی یە ،کوا خودا هەڵدەگرێ.؟

قازی ودەروێش هەروا، خەریکی قسەبوون،پیرەش فکری لەوە دەکردەوە کە هەر شەپلاغەی بایی سێ دینارە ،لە پڕ چاوی بەپشت ملی حەنابی قازی کەوت ،زۆر لەپشت ملی دەروێش پان ولووستر بوو، لە خۆشی پان بڕەی بەلێودا هات قازی ودەروێش نۆرەی قسەی یەکتریان نەدەدا وئاگایان لە هەموو شتێک بڕابوو . مامەپیرە پارێزی بۆقازی برد بە هەموو دەمای خۆی لەپشت ملی قازی راکێشا و دایە قاقای پێکەنین وگوتی :

ـ تۆش بێنە سێ دینارم بدەیە ،ئەوجا بێ حیساب دەبین .دیسان دایە قاقای پێکەنین .

قازی زۆر تووڕە بوو بەڵامدەروێش زۆری پێ خۆش بوو ،دەستی رۆهێشتە گیرفانی وهەموو پووڵەکەی دەرهێنا و گوتی :

ـ فەرموو بە قوربانت بم، ئەمە سێ دیناری خۆموئەمەش سێ دیناری قازی ،قەیدی نیە من دیدەم .پاشان قاقا پێکەنی. قازی بەتووڕەیی گوتی :

ـ ئەمە چ قسەیەکە، چۆن تۆ پووڵ دەدەی لەمن بدەن ؟!


دەروێش گوتی :

ـ ئەرێ وەڵلا ، شەپلاغە ئەگەر باشە بۆ هەموان باشە ، ئەگەرخەراپیشە بۆهەموان خەراپە . حەیف پووڵی دیکەم پێ نیە ؛ دەنا ئەم شەپلاغەی دوایی هەزار دیناری پتر دێنا ،چونکە جەزای حوکمی ناڕەوا بوو، ماڵمحەقە زۆربەجێ بووا

* ئیش: شەپلاغەکە لەپشت مل بدرێ

←

کشیایە سەر فەرزندە دۆرا قەلاچا فەرزندە گرتنە ژ ئێڤاردا



فەرزندە ل حەرافێ مەیدانێ عەڤدلباقی کرە کازی، عەڤدلباقی ل کەرەمێ قولاغازی کرە کازی کۆ: "چل قەدا لاوۆ، چێبن، جێ بخەبتن، سەرێ مە نەچێترە ل سەرێ شێخ سەیید ئەفەندی، شێخ عەلی، شێخ مەلەکا ئیرۆ سێ رۆژ و سێ شەڤە دارا غاجا دیار بەکرێ مایە داردا ."

ئا غایۆ ...نەمینم ...
ماقوولۆ ...نەمینم ...
وەزێ نەمینم ژ عەشیرەتا حەسەنارا ،
میرۆ ...
ئا غایۆ ...وەی ئا غایۆ ...
ئا غایۆ وەزێ ل دیارێ دۆنکا شەوتی مەندەلغا کاڤل کەتم وێ لنا ڤادنێ،
دو هەزار و حەڤسد ئەسکەرێ ڤی زالمی کشیانە سەر قەلاچا فەرزندە ب هوجووما لێخستنێ،
روو سمبێلی فەرزندە ژ بۆیا غا گوللێد با رووتێ خال کەتنێ،
ئا غایۆ نەمینم، ماقوولۆ نەمینم
وەزێ نەمینم ژ عەشیرەتا حەسەنارا
میرۆ ...

دایک



دیاری غەفووری

کلاسی چوارەمی دەبیرستـان بووم ،رۆژی یەکـەمـی دوای وچانەی نەورۆز بـوو، زەنگی یەکەم ئینشا مـان هەبوو ،دەبوایە لـەبـارەی "رۆژێک لەژیانمان" بنووسین، بەڵام من لە یەکەمیـن رۆژی نەورۆزەوە هەتا ئاخریـن رۆژ ،ئەوەی بیرملێ نەکردبۆوە دەرس وفێرگە بوو، چونـم کتێبەکان لەسەریەک دانابوو، هەروا مابۆوە بـێ ئـەوەی لێکیان بکەمەوە.

قوتابیەکان هاتنـەوە کلاس ... لەهەرلایەکەوە ئـەو دەنگە بەرز دەبۆوە:

"خۆمن نەمنووسیوە ،بابەتی ئینشاکەم لەبیر چووبـۆوە".

ئەوی تریش دەیگوت:

هەر لەبیرم نەمابوو و......

لەمباسانەدا بووین کـە موبسیر گوتی:

ـ مامۆستا هات!

مامۆستا هاتەکلاس و هەمـوو هەستاین ، گوتی:

ـ دانیشن ....

پاش چاک وخۆشی وجێژنەپیرۆزە مامۆستا گوتی:

ـ ئێستاش با بێینە سـەر دەرسەکان .دەفتەری حازر و غایبی کردەوەوناوەکانمانی یەک بەیەک خوێندەوە ،وکـەس غایب نەبوو ،ئەمجار چاوی بە ناوەکانماندا گێڕا تایەکێک بانگ بکا .قوتابیەکـان متەقیان نەدەکرد، کـلاس ئەوەندە بێ هەست وخوسـت بوو کە گوێمان لەدەنگـی دڵەکوتەی یەکتر دەبوو. لـە نەکاو مامۆستا گوتی:

ـ ئەحمەدی ،ئەحمەدی بێ،

من دنیام لێ تاریک بـوو بەڵام ئەوانی تر پشوویـان هاتەوە سەرخۆ. هەستـام دەفتەرەکەم لەگەڵ خۆ برد و دەستم پێ کرد:

"رۆژێک پێش یەکەمین رۆژی ساڵی تازە ،کاتێک کـە لـە قوتابخانە وەدەرکەوتم ،لـە پێش هەمووشتێکدا بـۆلای سینەما چووم تا بزانم فیلمی تازەیان چ بۆهاتووە ،چاوێکم لەناوی فیلمەکە کـرد و نەختێک راوەستام، دوایـە بەرەومال بوومەوە ..... کـە گەیشتمە کۆڵانەکەی خۆمـان دیتم کەلە پێش دەرگای ئێمە هەراوهۆریاوقەرەباڵغـە و هەرچی دراوسێ وناسیـاوی ئەم دەوروبەرانـە بـوون هەمووی لەپێش دەرگای ئێمـە کۆ ببوونەوە ..... منیـش زۆر زوو خۆم گـەیـانـدە بەردەرگا ،لەنەکاو بـرا گەورەکەم کەتازە لەسەربازی هاتبۆوە چاوبەفرمێسک لەماڵ هاتەدەر ،کەمنی دی لـە قوڵپەی گریانی دا.....گوتم:

کاکەگیان تۆخوا پێم بڵێ چ بووە؟

کاکیشم بەگریانەوە گوتی:

ـ دایکمان سەکتەی قەلبی گرت وتاگەیاندمانە نەخۆ- شخانە تەواو بوو.

سەرم هەڵێنا وچاوم بـە دەوروبەرداگێڕا ،قوتابیەکان دەنگیان نەدەکرد دووسێ یەک لە قوتابیەکان لەسەرەخۆ دەگریان وئەوانی تریش سەریان دەبەرخۆ نابوو مامۆستاش زۆربەخەمناکی بەوە بەقەڵەم حەتی لەسەردەفتەرە- کەی دەکێشا .دەستم پێ کردەوە. کە براکەم گوتی:

دایکمان عەمری خـوای کردووە، کتێبەکانم بۆلایەک تووڕدا وهەڵاتم بۆ ژوورێ، چ حەشامەتێکی لێ بوو ،هەرخوا بۆخوی بزانێ گوێم لێ بـوو یەکێک دەیگوت:

بروانە لاپەرەی ٤٣

باوه ژن

ئه‌بووبه‌کر ئه‌میری



رۆژێک فێنکی ئێواره ده‌گه‌ڵ دۆستێکم له‌بن داری باغی دانیشتبووین وباسی نارەحەتی خۆمان ده‌کرد ، دۆسته‌که‌م ئاوای باسی ژیانی خۆی ده‌ستپێکرد .

له‌ژیانی خۆمدا قه‌تم خۆشی نه‌دیوه . ماڵی ئێمه به‌دایمه هه‌ڵلای تێدا بوو . بابم دوو ژنی هه‌یه هه‌رکه زاریان هه‌ڵبڕی باس باسی ئه‌وه‌یه که یه‌کیان ده‌سماڵ وکه‌وای بۆکراوه ،بۆچی بۆوی دیکه نه‌کراوه ،یه‌ک چه‌ندی کار کردووه وئه‌وی دیکه نه‌یکردووه ؟له‌سه‌ر کلاسیش هه‌رفکرم له‌و ناکۆکی یانه ده‌کرده‌وه وزۆرجار هۆشم به‌لای ده‌رسه‌که‌وه نه‌بوو هه‌تا رۆژێک کاکی مودیر داوای لێکردم ده‌ردی دڵی خۆمی پێ بڵێم ،منیش چونکه زۆرم خۆش ده‌ویست چۆنه‌تی ژیانی نالەباری خۆمم بۆگێڕاوه ئه‌ویش بۆوه‌ی ناهومێد نه‌بم دوای ئه‌وه که هه‌ستی به نارەحەتی من کردبوو به‌سه‌ر-هاتی ژیانی خۆی ئاوا بۆ گێڕامه‌وه:

«من برایه‌ک وخوشکێکی دیکه‌م هه‌بوو .کلاسی پێنجه‌می سه‌ره‌تایی بووم .ماڵی بابم دووبنه‌کی بوو ،یه‌کیان له‌شار که ئێمه منداڵه‌کان جگه له خوشکم له‌وێمان ده‌خوێند . ماڵه‌که‌ی دیکه‌ش له دێ بوو که دایکم وخوشکم ده‌گه‌ڵ باوکم له‌وێ بوون .

زه‌وی وزارێکی زۆرمان هه‌بوو .ژیانمان زۆرخۆش بوو . قه‌ت وانه‌بوو که هه‌ست به که‌مایه‌سی بکه‌م .سه‌ره‌تای هاوین که فێرگه‌کان داخران چووینه‌وه ئاوایی .بابم جۆیه‌کانی درووبۆوه به‌ڵام گه‌نمه‌کان هێشتا فه‌ریکه بوون جێ جێشی هاتبوو بگاتێ .

حه‌یفه‌که‌ی ئه‌وه بوو پاساری وه‌ک مارو مێروو لێی ده‌نیشت وگه‌نمه‌که‌ی ده‌خواردو توێلکه‌که‌شی ده‌هێشته‌وه .باشارمان نه‌ده‌کرد . له‌وکاته وساته‌دا بابم به‌دزی خه‌ریکی ماره‌کردنی ژنێکی دیکه بوو که له دێیه‌که‌ی ماڵی بابم بوو .ئێمه هیچمان ئاگامان لێ نه‌بوو .ماوه‌یه‌ک بوو ره‌فتاروئاکاری ده‌گه‌ڵ دایکم گۆڕابوو .زوو زوو تووڕه ده‌بوو ئێمه وامان ده‌زانی له‌به‌ر پڕکاری وگرفتاری کشت وکاڵه بابم وانارەحەته . هه‌تا شه‌وێک دوای دروونه‌وه‌ی گه‌نمه‌کان وخه‌رمان هه‌ڵاویشتن نیوه‌شه‌و گوێمان له هات و هاواری بابم ودایکم بوو .به په‌له رامان کرده پێشخانه تەماشامان کرد ئه‌وه دایکم له قولینچکی پێشخانه دانیشتووه واده‌گری سه‌ری به هه‌نیسکانه‌وه هه‌ڵده‌قه‌ندرێ . هه‌رچه‌ند لێمان پرسی بۆده‌گری چ بووه ؟چ قه‌وماوه ؟ بێ سوود بوو .قسه‌ی بۆ نه‌ده‌هات . نه‌شمان ده‌وێرا بچینه کن بابم چونکه ئیجازه‌ی پرسینی شتی وامان نه‌بوو .

هه‌رچۆنێک بوو ده‌ستی دایکمان گرت وبردمان بۆ مدبه‌ق .فانۆسه‌که‌مان هه‌ڵدا و دانیشتین .دایکم هه‌روا ده‌گریا .هه‌رچه‌ند لێمان ده‌پرسی جوابی نه‌ده‌دایه‌وه

جگه ره‌کێشێک پێ چوو سه‌ری له‌سه‌ر ئه‌ژنۆ هه‌ڵگرت و رووی تێکردین .به‌ڵام هه‌ر ده‌تگوت زمانی به‌ستراوه.چاوی لێ ده‌کردین هه‌روه‌ک قه‌ت نه‌یدیبین ،له‌به‌ری پێمان ڕا هه‌تا تەپڵی سه‌رمان تێ‌ی ده‌ڕوانین.ئه‌وجار خوداورا - ستان وه‌قسه هات وله‌حاڵێکدا زوو زوو هه‌نیسکی ده‌داگوتی :

رۆڵه بابتان ژنی هێناوه ، به‌دزی ماره‌ی کردووه ئێستا ده‌یه‌وێ بیهێنێته ماڵێ !!! منیش چه‌ند شه‌وه خه‌وم له چاو بڕاوه حه‌زناکه‌م هێلانه‌مان لێ بشێوێ پێم خۆش نیه ئێوه هه‌ڵوه‌دا بن پێم خۆش نیه ئازارکێش وره‌نج به

خەسارب‌م، ئەم هەموو خۆشەو-
یستی، تێروپڕی وبێ خەم و
خەفەتی یەی هەمانە لەنێو
بچێ ئەو هەموو زەحمەتەی
کێشاومە بەزایە بچێ، بابت
بێ ئەوەی پرسێکی بەمن کردبێ
یان ژیانی ئێمەی لەبەرچاو،
بێ دەیەوێ بیهێنێتە سەرماڵێ
ئەوە شازدەساڵە من ژنی ئەو
پیاوەم هێشتا بێ پرسی ئەو
هێلکەم نەشلەقاندووە بەڵام
ئەو بەزەیی بەو ماڵەرەنگینەدا
نایە، چاوی لەوەنیە ئێمە
منداڵمان لێک هەیە. ئەوشۆ
دەیگوت:

دەیهێنمە سەرماڵێ، جاپێت
خۆشە ئەوە ئاوایە دەنا
بڕۆ ودەستم لەکۆڵ کەوە.
دایکم دیسان مات بۆوە منیش
کە کوڕە گەورەی ماڵ بووم
هێندێکم دڵخۆشی داوە، زۆرم
پێ ناخۆش بوو بۆ دەبێ باوکم
کاری وابکا؟ منداڵەکانی
دیکە خەویان لێ کەوت و
دایکم باسی ژیانی خۆشی
رابردووی بۆ دەگێڕامەوە
منیش گوێم راداشتبوو باسی
ئەوەی دەکرد چۆن بەبوون و
نەبوونی بابم هاتۆتێ. چۆتە
دەسکەنەوبژاروگیارنینەوە بەڵام
بابم ئەوانەی لەبیر چۆتەوە.
چ دەکرا؟ رووبان لەکێ کردبا؟
هانامان بۆکێ بردبا؟ ئاخری
دایکم لەبەرحەیای خۆی و
سەبارەت بەئێمە ددانی بە
جەرگدا گرت. بابم
بێ دەنگێک ژنە تازەی هێنا
سەرماڵ. بەرەبەری ناونوو-
سینی مەدرەسەکان بوو. بەڵام
لەبەر ئەورووداوە دڵمان لە
دایکمان نەدەبۆوە بابیشم
ئێمەی لەبیر چووبۆوە دل خۆ-
شی رابردووم نەمابوو. ئێستا
ئیدی ماڵم ساردوسڕوومات
دەهاتە بەرچاو هەموو
جێیەک لەبەرچاوم گۆڕابوو
ئەگەر تاوێک خۆشیم لە دڵ



گەڕابا بەدیتنی دایکی کلۆڵم
هەموو لەنێو دەچوو. وەختی
قەرێ قەرێنێ شەو لەبن
دیوارەکان هەڵدەتروشکام
دەستم دەئەژنۆ وەردێنا و
چەنەگەم لەسەر دادەنا. شەش
رۆژ بوو بووکی تازە هاتبوو
من چوومەوە شار ناونووسیم
کرد وهاتمەوە. بووکی تازە
یانی دایە نەشمیل رووی
خۆشی نەدەدا بەئێمە دەتگوت
ئێمە هەموومان لەوماڵەدا
زیادین! هەرچی گوتبای
هەر دەبوو قسەی ئەو بووبا
هەرچی کردبای هەر دەبوو
کاری ئەو بووبا.

مانگێک بوو لە شار
بووین بەڵام پڕبەزگی خۆمان
نان نەخواردبوو بیستبوومانە-
وە کە دایکە نەشمیل
گوتبووی من قەرەواشی وان
نیم بۆشتیان بۆبنێرم. سەری
مانگ بابم هاتودایکمی
بردەوە. ئەورۆژە کە دەهاتین
بۆشار قسەی دایکم لەگوێمدا
دەزرینگاوە کەدەیگوت: رۆڵە
خەریکن ئێمە دوور دەخەنەوە.

دڵم ئۆقرەی نەگرت و پاش
نوێژی پێنج شەممۆ برا چووکە
کەم لە ماڵ بەجێ هێشت و بە
دۆستێکی خۆم سپارد. لە رێگا
دڵەکوتەم بوو، دڵم لێی دەدا
زۆر نارەحەت بووم ودەتگوت
رووداوێک دەقەومێ رووداوێکی
دڵ تەزێن کە لەوانەیە
سەروماڵمان تێدابچێ بەوفکر
وخەیاڵەوە گەیشتمەوە ماڵ. بە
ئەسپایی چوومە سەربانی، هەتا
بەکولانەیدا تەماشایەکی
ژووری بکەم وبزانم چ باسە؟
کەچی تەماشای چ بکەم چم
چاوپێ کەوت؟ دایەنەشمیل
دەهات ودەچوو ودەیگوت:
ئایەڕۆ جاتەماشای کەن

تووشم بەتووشی چ بێ سەرەو بەرەیەکی هاتووە! کچێ خۆ مانگێکی عەلەنتەواوە خانم بۆی چۆتە شاری ئەلحان هاتۆتەوە بەمن دەڵێ: ئەوەی بکە وئەوەی مەکە ،وەڵڵا بابە شتی چاکە هەر دستوورپیدا- نمان مابوو.خانم وخاتوون بۆی دانیشێ ووردکە سەفەری شاری بۆبکا ودەستوورانیش بدا.خۆبابە من هەرمێردم بە یەکێ نەکردووە . باحەمەد کەڵەگا بێتەوە جاخۆم زانی و ئەو.بەخولاَ وبەپێغەمبەری یان ئەمن دەبم یان ئەتۆ . جاچۆن من رۆژ هەتا ئێوارێ دەستم لە رزق وشیروپەنیر دابێ بۆمنداڵە ریوەڵەکانی تۆ؟ئەویش لەکوێ؟ بۆم بچنە شار ولەوێ دەرسم بۆبخوێنن! نانا چیدیکە قەرەواشی ئێوە ناکەم!

دایکیشم گردەنشین دەستی لەئەژنۆ وەراند بوو، وەک لێقەوماوان ملی بەلاوەنابوو چاوەڕێی رووداوێک بوو کە زۆر لەمەوبەر هەستی بە روودانی کردبوو. ئەوجار دایکم وەجواب هات وگوتی:

- نەشمیل خانم گیان،دایکە- کەم ،بەقوربانت دەبم ، دەبەرت دەمرم بۆخۆت دەزانی ماڵ هەر کارێکی نیەوکارێک دەبێ من بیکەم وکارێکیش دەبێ ئەتۆ بیکەی .هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو کە دایەنەشمیل قسەی وی بڕیبوو گوتی:

هەی هووا! هەی هوو نەقلێ رۆستەم وسۆرابە! من دەڵێم کلفەتی ئێوە ناکەم! نا. یان دەبێ من لەوماڵەدا ببم یا ئێوە دەوقسانەدا بوون بابم هاتەوە ژوور .لە دایە نەشمیلی پرسی ئەوە چ باسە؟ دایە نەشمیل:

- جا چ باسە خۆتۆ هیچت لە دەستنایە منت هێناوە بۆ شەڕ.بەگژ قەرەچی وسازندانت -دا کردووم .لەهەوەڵێ نیوەڕۆیەوە زاراخانم بەربینگی پێ گرتووم ئەوەی، بێ فەزیحەتی یە پێی کردووم. دەڵێ دەبێ ئەوەی بکەی و ئەوەی نەکەی .کلفەتیم پێ دەکا.دەیەوێ ببمە ژێردەستی هەتیومەتیوان .

ئەوەندەم زانی بابم بەمست وپێلاقان وەرگەڕا دایکم.منیش هەرپێم وابوو گڕو کفێکە وخلاس دەبێ .کەچی دایکم لەتاوان گوتی:

- خودا غەزەبت لێ بگرێ ژنەکێ ،وەک ماڵە منت تێکدا. ئەوجار دایەنەشمیل دەستی دا کوڵەوەژو وەرگەڕانە دایکم. منیش دەستم بەهات وهاوارکرد وخەڵک دایکمیان لەبەردەستی ئەوان دەرێنا.بابم من و دایکمی دەرکرد وبراچووکە- کەم وخوشکم مانەوە.

سەری خۆمان هەڵگرت دەگەڵ دایکم چووینە شار. مەگەر خودا بزانێ چمان بەسەرهات. لەچەند دەرکەمان دا،چەند کەس بێ وڵامی هێشتینەوە.دوای چەند مانگ. بیستمانەوە کە خوشکەکەم دەرماندا و کراوەونەش گەیوە- تە دوکتۆرومردووە. برا چووکەکەشم دەستیان پێ لە خوێندن هەڵگرتووە. بەوهەموو داخ وحەسرەتەوە شاگردی قاوەچی یەک بووم،دەرسەکەم هەر خوێند،دایکم جلی شۆری ماڵانی دەکرد،بەڵام بەداخەوە لە عەیبەتان چاوەکانی مرواری یان هێنا وگردەنشین ماوە.

باکورتی ببڕمەوە،چەرمەسەری یەکی زۆرم دی.ئێستاش ئەوەتا ئێرەم هێناوە،ئەو قسانە دڵیان ئاوپڕژێن کردم. لەو رۆژە بەدوا ئیتر دەرسەکانم بەباشی دەخوێند زانیم دەرس نەخوێندنی من چارەی دەرد نیە وهیچ دەردێک دەرمان ناکا.هەربۆیە شەو و رۆژ دەرسم خوێند. لیسانسەکەم وەرگرت دایکم ومنداڵەکانم هێنا لای خۆم. تابۆ هەمیشە دوایی بەو ناکۆکی ودووبەرەکی یە بێنم وهەموو لا ژیانێکی خۆشمان بێ .لێکیان دوور راگرم تا بەڵکوو ئێمەش وەک زوربەی ماڵان لەخێروخۆشیدا بین .

به‌یادی شیعر

مەحوی

بەیانی هەرکە تۆ دەرکەوتی نەیما رۆژهەڵاتن باس
لەشەمعی نیوەڕۆ داگیرسیاوی کێ دەکاتن باس

عیبانی مەوجی دەریا بەربوو دونیا ماڵی وێرانە
مەکەن هەرگیز لەوانەی دائیمەن بێ دەنگ وماتن باس

بە کێوێکی بڵیندم وت کە چەرخی چنکی دەووار ی
وتی عەیبە مەکە هەرگیز لەوانەی بێ سەباتن باس

لەباسی شێخ وسۆفی پاکەوەک گوڵ مەجلیسی رەندان
کەناکەن قەت لەدڵ مردوو ئەوی ئەهلی حەیاتن باس

لەسەجدەی بەردەری،رۆژێ لەپاشم،دڵ دەبێتە خوێن
بکەن هەرگا لەوانەی تارکی فەرزی سەلاتن باس

قەدەح نۆشانی بەزمی وەسڵ ناکەن یادی مەهجووران
لەئەهلی دووزەخ ئاخر ئەهلی جەننەت بۆدەکاتن باس

نەهاتم ئاخری ئەڵبەت بەمردن هاتووە " مەحوی "
هەتا ئێستا کە بۆچی نەیبووە جانا نەهاتن باس

سەید کامیل

تک تکەی گوێسوانەکانی وەک زوخ وی من دەچێ
رەنگیسیخواری وەکوو ریشی سپی کاری منە

بۆسپیکاری عەجەب وەستایە زستان چاوەکەم
وەک خەمی من مووی سپی کردووم ومیعماری منە

پێچەوانەی خۆی کەجاران چەرخ وخول بووکاری ئەو
هەردەڵێ شان وملی "کامیل" وەفاداری منە

«موعەلیم» «حەقیقی»

ئەی معلم ئەی فریشتەی رووی زەوی
ئەی سروشت ورێ و رەوشت مەعنەوی

تۆ چرای رێ لێ گومانی بێ گومان
تۆ قەرەوڵی رۆژ و کێشکچی شەوی

دابی زانین فێری منداڵان دەکەی
خاوەنی هەستی نەوەستی ناکەوی

تۆ نەبی منداڵ خولن دەخولێنەوە
ئەو لەوی دەکوتێ بەمستان ئەملەوی

توڕی وا دەگری بە تۆری ماریفەت
بازی وەحشی ئەهلی یە و کێوی کەوی

بۆ بەیانی باشی دەرسی بێچوان
تا بەیانی بێ وچان دانا کەوی

داری خۆشی کەی بەبێ تۆ دێتەبەر
سەروی نازی نەخلی بەرزی نانەوی

چاڵی نازانی لەسەر رێی کۆرپەمە
دڵنیام چون تۆ ترووسکە وپەڕتەوی

بۆ خەڵە و خەرمانی زانین و هونەر
هێلەگی جێ ورد و بێژنگ و کەوی

دەنگی تۆ نەغمەی سرووشی غەیبی یە
زەنگی تۆ خۆشتر لە سەدقاسپەی کەوی

هەر ئەتۆ کردووتە هەستی ژانی گەل
هەر ئەتۆ چێشتووتە چێژی بێ خەوی

تۆ کە بەرپرسی پلەی فێرکردنی
تەربیەت کەمتر نیە پایەی لەوی

چاو لەدەستی تۆیە دایکی نیشتمان
رۆڵەکانی تەربیەت کەی نەسرەوی

چون لە سایەی تەربیەتدا زیندووە
داری ئازادی وتەن و رووحی قەوی

خوێندنە هۆی راپەڕینی هۆزەکان
هەر بەوی خەڵکی زەوی چوون بۆجەوی

با هەر ئی تۆبێ کەلیمەی کۆڵ نەدەر
راپەڕە، تێکۆشە، با هەر سەرکەوی

گیانەکەم پەندی حەقیقی بگرە گوێ
تا بە فریات بێ خودای بەرزونەوی

گۆران

دەرویش عەبدوڵڵا



بە ڕەنگی زەردو شێوەی دەست و شمشاڵی کزا ،دەروێش
حەزم کرد بدستدیەک ببیەم سەرا سەر حوزن و ماتەم بێ
لە سیما تا بەدیم کرد هەیکەلی عومرێکی حەسرەتکێش
وەها دیارە کەبەختت ئاشنای بولبولی خەم بێ
! * * * *
بەڵێ دیارە ، لەدنیا و قەومی بەستیا قەدری سنعەتکار
وەکوو عەکسی قەمەر وایە لەدنیا و حەوزێکی لیخندا
بەڵام نەختێ ڕەفاه و ناجی حورمەت میللەتی هوشیار
بەئوستادێ ئەدا وەک تۆ لەناو شمشاڵی کون کوندا

سەحەر بێنێتە گریان و قسە سیحری پەری نەغمە!
برای دەرویش! ئەزانم بۆمەعیشەت وێڵ و ئاوارەی
بەرەهری نا عیلاجیتە لە ناکەس ویستنی لوقمە
بە مردنتە کە گوێی ناشی ئەخنکێنێ خرۆشی نەی

بەڵام چی بکەین لە ناوچاوی ڕەشی بەعزێ زەکای گەورە
وەکوو تۆوی گوڵی دەمبا لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن
ئەگەر خیلقەت نەسیبی عومری تۆی مەحکوومی ئەم دەورە
نەکردایە ،خوا عالم ، لەکام عەرشت ئەسوو داوێن
* * * *
نەحەرفی مەکتەبێکت خوێند ، نەئوستادێ بەلی گرتی
سیرف بەرزی زەکا ئەم سنعەتەی فێرکرد بەشمشاڵت
هەموو وەزنێکی گۆرانی لە تووڵانی هەتا کورتی
بەسەر پەنجەی هونەر کردت بە دیلی کۆششی زاڵت
* * * *
ئەوەندەم بیست لە مۆسیقا خرۆشی ڕۆحی بێگانە
مەزاجی کوردەوارییم تێکچووە ، دەرویش عەبدوڵڵا
دەخیلت بم ئەدسا بەو لاوک و ئای ئای و حەیرانە
شەپۆلی زەوقی میللی پڕ دەروونی مات و چۆڵم کە
لە بێبهۆ قسن گەلێ زیاتر بەرۆحم ئاشنای وەڵڵا
دە ، ئەی دەرویش ، سکالایەک لەگەڵ ڕۆحی کلۆڵم کە





فەقێ تەیران

عومەرفارووقی

لەمێژووی ئەدەبی گەلی کورددا زۆرجار ناوی فەقێ تەیرانمان بیستووە بەڵام کەمکەس هەن کە لە چۆنەتی ژیان وبەسەرهاتی ئەم شاعیرەپایەبەرز وشۆڕشگێڕە ئاگاداربن . هەرکەسە هاتووە چەند دێڕی نووسیووە وبەجێی هێشتووە .تەنانەت خوالێ خۆشبوو"**ئەحمەدی خانی**" لە دیباچەی "**مەموزین**"دا جارێک ناوی **فەقێ تەیران** و**عەلی حەریری** بردووە و هەر ئەمە زۆرکەسی لە ئەدەبپەروەر و موحەقیقان ئاگادار کردووەکە بەڵێ لەپێش "**ئەحمەدی خانی**"دا گەلی کورد شاعیری گەورەی وەک "**فەقێ تەیران**" و"**عەلی حەریری**" بووە ،بەڵام لەمە زیاتریان لێ نازانین. لە دیوانی "**مەلای جەزیری** " دا دەبینین کە مەلا وفەقێ تەیران پێکەوە باسێکی فەلسەفی یان بەشیعر لێک پرسیوە وجوابیان داوەتەوە، کە مامۆستا هەژار شەرحی کردووە بەڵام بەداخەوەئەویش ئەوەندەی خۆ زەحمەت نەداوە تا ژیان وبەسەرهاتی فەقێ تەیران بۆخوێنەر روون ، بکاتەوە .تەنیا ئەوەندەی باسکردووە کە (ح.م) واتە نازناوی فەقێ لە (حم) کە سوورەیەکی قورئانی پیرۆزە وەرگیراوە کەچی بەبڕوای من مەبەستێکی تر لە ئارادایە .

جا وتووێژی مەلاوفەقێ ئەوەمان بۆدەردەخا کە هەردووک هاوچەرخن ونێوانیان زۆرخۆش بووە .وتووێژەکەیان بەم چەشنە دەست پێدەکا .

فەقێ :

سوئالا من حەقیری
سەدەفەک دقێ کوتێکەن
ئیرۆکە لە جەزیری
حەقە کول"مەلێ"کەن
هیلاک ژ دەربا تیری
چ دەرمان هەیە لێ کەن

مەلا :

سەلامێن ملیاکەتان
بێ حەددو بێ حەسێبن
شوبهەتێن ئاقێ شەتان
ژ "مەلا "ل" میم وحێ" بن
هیلاکێن ژ زەحمەتان
دەرمان ژ لام وبێ بن

فەقێ: پرسیاری منی فەقیرو هەژار بخەنە نێو سەدەف وبیبەنە خزمەت مەلا کە لە شاری حەزیرە ..... ئاخۆ برینی تیران چارو دەرمانی چیە؟

مەلا: سڵاوی مەلائیکەتان بەقدد ئاوی شەتان و لە ئەندازەو هەژمار بەدەر لە مەلاوە لەسەر میم وحێ بێ .... بەخۆشی ئدرک و ئازاران دەرمانەکەی لە لێوانە.

دیارە ئەوانەی دیوانی مەلای جزیری یان خوێندبێتەوە بەوردی ئاگاداری شیعرەکانی دەبن بەڵام من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە فەقێ تەیران وەکوو بووە وژیاوە بەگەلی کورد بناسێنم.

"فەقێ تەیران کێ بوو"

لەکوردستانی چوارسەت ساڵ لەمەوبەر کە هەر ئاغا و میرێک لە بەشێکی وڵاتەکەماندا بۆخۆی کوێخا وگزیرو وەزیر و ئاڵا وتەپڵ وبەیداخ وکۆشک و سەرا ودیوەخان وخولام وکەنیزو نۆکەرودەست وپێوەندوسپا و لەشکروحوکمی هەبوو ودەماری وەرزێر وجووتیارو کاسبکاری کوردیان دەرهێنا بوو.

خانی بدلیس خەریکی سازکردنی حەمام وکۆشک وسەرا بوو.

میرانی وان ومەرعەش و خەرپووت وبۆتان وقارس و باقی مەڵبەندەکانی کوردستان هەریەکە خوونکارێک بوون و خوێنی هەژارانیان دەمشت.

بەبیانووی جۆربەجۆر زێڕو پووڵیان لێ دەستاندن وبۆ دەرباری خاوەن شکۆی عوسمانییان دەنارد.

لەمکاتەدا شاعیرێکی گەورە ومەزن لەکوردستان پەیدا بوو کەبە شیعرو وتارو تەنبووری خۆی خەوی خۆشی لەچاوی زڕاندن وخەڵکی چەوساوە وبێ دەرەتانی هاندا تا قەڵا وبارخانەوبەندیخانەی ئاغاوات ودەرەبەگ و میران تێک بڕمێنن.

ئەم شاعیرە **ناوی مەلا محەممەد خەڵکی حەکاری بوو. جالەبەر ئەوەی نەیناسن ناوی نەهێنی بۆخۆی دانا و بە (م.ح) یانی (محەممەد حەکاری) ناوی دەرکرد.**

خوالێخۆشبوو محەممەد ئەمین زەکی بەگ لەبارەیدا نووسیوەتی:

فەقێ تەیران خەڵکی ماکۆیە و لەنێوان ساڵەکانی ٧٠٧ ی کۆچی (١٣٠٧ - ١٣٠٨ای) میلادی ژیاوە ونازناوی م.ح بووە و ناوی راستی محەممەدە ولە دوو کتێبی بەناوبانگی حیکایەتی شێخی سەنعان و بەیتی ئەسپی رەش زیاتر زۆری شیعر نیە. شیعرەکانی سروشتێکی تایبەتی ناوچەی خۆیان هەیە.

مامۆستای رەحمەتی **عەلائەدین سەجادیش لە "مێژووی ئەدەبی کورد"دا هەر** بەم چەشنەی نووسیوە.

مامۆستا "**بلەچ شێرکۆ**" ش وەکوو ئەوان باسی کردووە و ناوەکەشی بە مەحموود زانیوە

دوکتۆر عێزەدین مستەفا رەسووڵ دەنووسێ " لە ئەنسیکلۆپێدیای ئیسلامیدا " کوردناس ئەلکساندر ژابا نووسیویەتی (محەممەد فەقێ تەیران ٧٠٢ ھ ١٣٠٢- ١٣٠٣ ی، میلادی ٧٧٧ ھ. ١٣٧٥- ١٣٧٦، میلادی شیعرەکانی بەناوی م.ح بلاو کردۆتەوە .....

لە (مکس)ی تورکیا لەدایک بووە. بەسەرهاتی (شێخی سەنعان "، "حەکایەتی پلینگ "، "بەیتی ئەسپی رەش"ی نووسیوە.

دوکتۆر کەماڵ فوئادو مارگرێت رۆدنکۆ و عەبد و رەقیب یۆسف و... لەبارەی فەقێدا زۆریان تەحقیق کردووە ونووسیویانە کە لە. تێک کردنەوەی ئەوانە وادەردەکەوێ فەقێ ناوی (محەممەد حەکاری" بووە بەڵام بۆچی گوتوویانە تەیران هێندێک دەڵێن چونکوو لە بەیتی ئەسپی رەش بەزمانی باڵندە وحەیوان دواوە ولە راستید! کەلکی لە (منطق

الطير)ی عەتاری نیشابووری وەرگرتووە ،خەڵکی ساویلکە وایان زانیوە کە ئەوە زمانی باڵندە وتەیران دەزانێ بۆیە پێیان گوتووە (فەقێ تەیران)
بەڵام ماموستا عەبد و رەقیب یوسف دەنووسێ کە فەقێ خەڵکی گوندی تەیران بووە کە دەکەوێتە نێوان مکس وهیزانەوە .

شیعری فەقێ تەیران

هێندێک لەشیعرەکانی فەقێ تەیران لە دەفتەرێکدا بەناوی گوڵ بەهار کۆکراوە-تەوە و ساڵی ١٥٩٧ لە (یەریڤان) چاپکراوەوئەرکی چاپوکۆکردنەوەی بەستۆی ماموستا ئارامێ چاچان بووە .

لەشیعری فەقێ دا ئەوە راستی یە دەردەکەوێ کە فەقێ تەیران یەکەم شاعیری شۆرشگێر وبناغەدانەری شیعری سیاسی لە کوردستاندایە بۆ وێنە چەند نموونە لە شیعرەکانی دێنمەوە تا بزانین چۆن دژی میرراوەستاوە

ئەز ناچم دیوانێ میرا
نابمشارووری کۆشک وسەرا
برامن خەن کێرو خەنجەرا
فەقی تەیراتەنگە زارێ دلا
گوشتێ من راکەن بەماشا
ل من خەن تیرو کەڤانا
ناچم دیوانێ میرو حاکما
فەقی تەیرا رەبەنێ دلا
هەبوونە دەنگ بێژوشاعیر
ب رووح ودلڤا پر فەقیر
میرو بەگلەرا سترانە
بێ قیمەت ومەلوول مانا

یانی : من ناچمە دیوانی میران نابم بە بولبولی کۆشک وسەرا ،باکێردوخەنجەرم لێ بدەن ،فەقێ تەیران تەنگە زاری دڵە ، با گۆشتم بەمقاش لێ بکەنەوە . تیرو کەوانم لێ بدەن ،ناچمە دیوانی میروحاکمان ،فەقێ تەیران هەژاری دڵە .گۆرانی بێژوشاعیر هەبوون، بەرۆح و دڵ زۆر فەقیر ، بۆمیروبەگ گۆرانی یان گوتووە .... بەبێ نرخ ومەلوول ماونەوە..

لەوشیعرەی خوارەوەش وادەردەکەوێ فەقێ لەبەند کراوە ودەفتەرودیوانەکەی ونجر ونجر کراوە چون دەڵێ :

فەقێ گرتن زینداندا وەرکرن
قەلەمودەفتەر دەست گرتن
ئەوحەفسێ دا هەسیروژارکرن
فەقیێ تەیراتەنگ زارکرن

یانی :فەقێ یان گرت و خستیانە زیندانەوە. قەڵەم و دەفتەریان ئەستاند . لە بەندیخانە دایە بەخسیر و هەژاریان کرد .فەقێ تەیرا-نیان تەنگەرار کرد....
ئەمجار کورەمیریش دەچێ و فەقێ جزیا دەدەن:

کورنێت میرپرخە ددارن
زیندان بونا نەفسێ ژارن
ئەز مردنێ ناکەم فکار
ئازایی دخازم هەر جار

یانی : کورانی میر زۆر غەددارن ،زیندانیان بۆ خەڵکی هەژار داناوە. من لە دەست مردن نانالم. هەموو دەمێ ئازادیم دەوێ .....
هەرلەوکاتەدا دەنگی دەگاتە گوێی خەڵک،دەڵێ :

دەنگێ من نولا بروسکا ئەورا
وی هەربێژە هەموو جێ یا
هەتانی ببی دەنگێ مفتخۆرا
ئەزێ بستریم ب تێل وتەمبوورا
هەگەرل سەرگوونی هەگەر
زیندان دا
ئەزێ بێژمە جەماعەتا خودا

تێبینی :
بێجگە لەو شیعرانەی کە لە "مەموزینی خانی" و "دیوانی مەلای جزیری" وەرگیراون ، زوربەی شیعرەکانی ئەم وتارە لەباری وشە و وەزن وقافیەوە هەڵەیان تێ کەوتووە .
ئێمە داوامان لە نووسەری وتارەکە کرد تا ئەگەر بۆی دەلوێ ، ساغیان بکاتەوە . بەڵام چونکە تەنیا نوسخەیەکی بەدەستەوە بوو ، بۆی نەکرا ئەمکارە بێک بێنێ . ناچار ئێمەش دەستمان لێ نەدا .
"سروە"

بەسەبکشین نیرێ زولمکارا
هوون فکارانە کەن قەید و
چیدارا
هەتانە کەنگێ ئەزێ بێژم
ئاوا
قەلەم ژی هەلیای دەستێ
من دا
ئەزێ هەرم ناڤا کوردا
ئەزێ وان راسبیرم ئازایە
ئەڤە گوتنا منە هەتا
هەتایە

یانی: دەنگی مرۆڤ گرمژەی هەور دێ ودەڕوا، سەرلە هەموو جێ یەک دەدا، تا دەنگی مفتەخۆران مابێ، من بەتاروتەمبوور گۆرانی خۆم دەڵێم، دەڵێم بەسە نیری بەخسری لەستۆ دارنن، ئێوە لە دەست کۆت و زنجیر هاوار مەکەن، هەتاکەی من ئەوە بڵێم. قەڵەمیش بەدەست منە. من دەچمە نێوخەڵک. من گۆرانی ئازادی دەڵێم. ئەوە قسەی منە هەتا هەتایە .....

بەراستی شیعری ئەمڕۆی کوردی وشیعری رابردوو بە بڕوای من هەتا هەتایە بەرمەتی فەقێ تەیرانە. هیچ دوورنییە فەقێ و شیعری شۆڕشگێڕانەی ئەو، ئەحمەدی خانی هان دابێ تا مەم و زین دانێ وەک دەڵێ:

من دێ عەلەما کەلامێ
مەوزوون
عالی بکرا ل بانێ گەر
- دوون
بیناڤە روحا مەلێ
جەزیری
پی حەی بکرا عەلی
حەریری
کەیفەک وەبدا فەقیهێ
تەیران
حەتتا بئەبەد بمایە
حەیران

ئەمە ئیقراری ئەحمەدی خانی بوو. جابێ گومان ئەگەر فەقێ نەبووبا شیعری شۆڕشگێڕی کورد بەم زووانە لەدایک نەدەبوو و شاعیری وەکوو خانی وحاجی قادر و مەلای گەورە وپیرەمێردوبێکەس وگۆرانیشمان نەدەبوو. ئەگەریش بوایە هەرئەوانە بوون کە شیعروهەستی خۆیان بکەنە قوربانی بسکی کچۆڵان وبەزنی رێک وپێک وچاوی بەلەک ... بەڵام ئەمە لە کوێ وئەوە لەکوێ ...

وەکوو لەپێشدا گوتمان **فەقێ تەیران دووکتێبی نووسیوە بەڵام سەبارەت بە (شێخی سەنعان) جێگای گومانە وچەند کەسلەزانایان پێیان وایە کە ئەوە ئی فەقێ نییە، بەڵام چیرۆکێک بە ناوی (نەوالەی سیسەبان)ی هەیە بۆیە بەڕای من ئەرکی زانا و موحەقیقی کوردە کەلەبارەی فەقێ وشوێنەوارەکانی زیاتر بنووسن وزیاتری بناسێنن .**

پاشماوەی دایک ....

"ئەمەکوڕی چووکەیەتی" یەک دەیگوت:

"نەورۆزی لێ بوو بە ژەهری مار"و... منیش دەستم کرد بەگریان ولەخۆدان و هاوارکردن ... کەلەنەکاو دایکم گوتی:

- رۆڵە، رۆڵە هەستە، ئەوە بەیانی یە، دەرەنگە یەکەمین رۆژی ساڵە، ئێستا میوانمان بەسەر وەردەبن ... دادەی! ئەوە چیە ئەیەڕۆ بۆچی دەگری؟ منیش کەخەوم لەچاوی پەڕی بوو، کاتێک دایکم دیت پەلامارمدا وماچم کردوگوتم دایەگیان تۆم زۆرخۆش دەوێ، توخوا قەت مەمرە، دایکیشم کەسەری سوڕمابوو گوتی:

- باشەکوڕم هەستە درەنگە ئەوقسانە چن؟ نابینی زەق و زیندووم. لەمکاتەدا مامۆستا گوتی:

- دەفتەرەکەت بێنە ئەحمەدی، دەبێ سیفرێکت بدەمێ بەقەدەر سەری خۆت واتلێ هات گاڵتەمان پێ دەکەی؟

دەفتەرەکەم لەسەر میزەکەی دانا، کە چاوی پێکەوت سەری سووڕما نەیزانی بڵێ چی.

دەزانن بۆ؟ لەبەرئەوەی کە هیچی تێدا نەنووسرابوو!

گەڕانەوەی دەهەزار یۆنانی





بەرامبەر ئەم شوێنە کە دۆزیبوویانەوەکێوەکانی ئەرمەنستان دیار بوون کە بە لێژاییەکی زۆر رژدەوە ، بەرەو چۆمەکە کشابوون . ئەگەر لەشکری ئێمە لەم شوێنە لەئاوی دابا وپەڕیباوە سوارەی دوژمن لەبەر کوێستانە لێژەکانی پشت سەری هیچی لەدەست نەدەهات .

لەگەڵ دوولاوەکە جۆرە شەرابێکمان پەیدا کرد و سپاسی خودایانمان بەجێ هاوردوولامان لە خێری سوفوس نارد . ئەویش هەرکە ئەم هەواڵەی بیست فەرمانی دا بارگەوبنە تێک نێن وئامادەی رۆیشتن بن .ئێمەی سەرکردەش کۆبووینەوە ودەربارەی کارەکان وئەرکی خۆمان کەوتینە راوێژ .

قەول وقەرارمان ئاوا

دانا كە خئری سوفوس بە خۆی‌بەلایەكی لەشكرەوە سەڵتەزین لە ئاوەكە بدەن پاشان كە پەڕینەوە بارگە و بنەیان بەدوودا بنێرن . منیش لەم بەرە بمێنمەوە وئاگام لە كوردان بێ .

بۆبەجێ هێنانی ئەم تەگبیرە دەبوایە لەئۆردوگاوە بەرەو بەستێنی چۆم وەڕێ بكەوین كە هەشسەت‌هەنگاوێك دەبوو .هەرئەوەندە وەڕێ كەوتین ،سوارەی دوژمنیش لەوبەری چۆم وەڕێ كەوت . كە گەیشتینە سەر ئەو بوارەی كە لاوەكان دۆزیبوو ـ یانەوە راوەستاین ، سەربازەكان چەكەكانیان لە سەریەك هەڵچنی .ئەو دەم كاهین داب ودەستووری ، ئایینی یان بەجێ هێنا وبۆ خێوی چۆمی كنتریس قوربانی یان كرد .

خئری‌سوفوسیش لەمەرسەمەدا تانجەگوڵێكی لەسەر نابوو وساقۆی سواری وەلا نابوو . سەربازەكان تێیان هەڵكردە سروودی شەڕ وپێشەنگ دابڕ دابڕ بوو و وەنێو ئاو كەوت .خئری سوفوسیشیان لەگەڵ بوو . هەر ئەوەندە خئری سوفوس بەنیوەی لەشكرەوە لەئاوەكەی دا ئاراكانم رەگەڵ خۆخست وبە دەم‌ئاوەكەدا بۆلای خوارووم ئاژۆت .سوارەی دوژمن كە چاوی بەمەكەوت وای زانی كە خئری سوفوس لەلایەكەوەومنیش لەلایەكی ترەوە گەرەكمانە لەنێو خۆمانی بگرین ، بە ناچاری پیادەنیزامی بەجێ هێشت وهەڵات .

خئری سوفوس كە بە سلامەت پەڕیبووە وەدوای سوارەكان نەكەوت ،جڵەوی وەرگێڕا وهەڵیكوتایە سەر پیادەكان .ئەوانیش كەبەبێ سوارە مابوونەوە زانی یان كەبە تەنیا پیاوی شەڕ نین ودەرەقەتی لەشكری یۆنان نایەن ،ناچار لەلاقانیان وەرنێنا و رزگاری یان هات .

تائێرە هەموو شتێك بەدڵی ئێمە بوو .بەڵام هێشتا پاشەنگی لەشكر كە لەژێر فەرمانی مندابوو لەوبەری چۆم مابۆوە و مەترسی پەلاماری كوردەكانیان لێ دەكرا . هەر ئەوەندە توانیمان پشت‌لەكوردەكان بكەین ولەئاو بدەین بەسمان بوو ،بەڵام ئەوانیش هەر چاوەڕوانی ئەم‌هەلە بوون .

من بە لەشكرەوە لە لای كوردەكان بەجێ مابووم و دەبوو بوارێك بدۆزمەوە بەبێ ئەوەی پشت‌لەچیا بكەم! لەئاكامدا لەشكرەكەم كردە دووبەش وبەشێكم دەس بە چەكەوە رووبەكوردەكان دامەزراند و بەشەكەی تریش بە ئەرخەیانی وبەبارگە و بنەوە لە ئاویان داو پەڕینەوە .

كوردەكان كە دیتیان لایەكی لەشكر پەڕیوەتەوە و دەستەیەكی كەم‌بەجێ ماوە ئەوەیان بەدەرفەت‌زانی و بە گوڕڕە وهەڵڵا وسروودخوێند ـ نەوە لەچیاكان داگەڕان و هێرشیان بۆهینایین .خئری سوفوس بەلەز كەوانداری و قەڵماسك دارەكانی خۆی رەوانە كرد تاكوو لە پەڕینەوەدا یارمەتیمان بدەن .

فەرمانمدا كەوانداڕەكان لەوبەر راوەستن وكە ئێمە لەئاومان دا دەست‌بە تیرهاویشتن بكەن .ئەمجار بێ سێ ودوو هەڵمانكوتا سەر كوردەكان ورا ومانان،لەگەڵ دەنگی شەیپووڕەكان بەرز بۆوە لەنیوەڕێ جڵەومان وەرگێڕا وگورجێك گەڕاینەوە وخۆمان بەچۆم دادا .

كوردەكان بە وەخت نەگەڕانەوە وبەهەڵە چوون ، چون لە دەنگی شەیپوور دەگەیشتن ،دەیانزانی نیشانەی هێرشە نەك پاشەكشە . بەڵام درەنگیان بەدەهۆی ئێمە زانی چونكوو ئیتر چی وا نەمابوو بپەڕینەوە و لە پەنای كەوانداڕەكانی خۆشماندا بووین .

بەم‌جۆرە بەسلامەتی خۆمان گەیاندە ئەرمەنستان . وئەم تەلەسمەمان شكاند .

تەواو

بەشی یەکەمی ئەم وتارە لە سروەی ژمارە ٦دا چاپکرا. ئەوە بەشی دووەمی لەم ژمارەدا پێشکەش دەکرێ. داوا لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین لەم بارەوە یارمەتیمان بدەن بەڵکوو بتوانین " بەشی دەنگ لە زمانی کوردیدا " پوختەتر بکەین.



دەنگ لەزمانی کوردیدا

مەحموود شکاک نژاد

٢- دەنگی باڵندەی دەستەمۆ و کێوی

لەگلەگ = دەتەقێنێ (تەقاندن، تەقە)

مریشک = دەقرتێنێ (قرتاندن، قرتە) دەکورکێنێ (کورکاندن، کورکە) ـ دەگارێنێ (گاراندن، گارەگار)

کەڵەباب = دەقووقێنێ (قووقە)

کەو = دەقاسپێنێ (قاسپە)، دەغوڕێنێ (غوڕە)

چۆلەکە = دەجیکێنێ (جیکاندن، جیکە)

جووچکە = دەجریوێنێ (جریواندن، جریوە) دەجرووکێنێ (جرووکاندن، جرووکە)

کۆتر = دەگمێنێ (گماندن، گمە)

قەل = دەقڕێنێ (قڕاندن، قڕە)

مراوی = دەقاڕێنێ (قاڕاندن قاڕە)

بولبول = دەچریکێنێ (چریکاندن، چریکە)

زیق زیقاوە = دەزیقێنێ (زیقاندن زیقە)

قشقەڵە = دەقڕێنێ (قڕاندن، قڕە)

بێجگە لەوانە باڵی چەند باڵندەی وەک هەڵۆ و داڵاش (داڵ) هاشە و هازە و هاژەی دێ.

٣- دەنگی گیانلەبەر و زیندەوەری بێ زەرەر و ...... بەزەر:

مێش = دەوزێنێ (وزاندن، وزە)

دەویزێنێ (ویزاندن، ویزە)

زەرگەتە و مێش هەنگوین دەهازێنێ (هازاندن، هازە)

دەگیزێنێ (گیزە)

ژەنگەسوورە = دەوژێنێ (وژاندن، وژە)

سریلە (سیسرە) = دەسیرێنێ (سیراندن، سیرە)

مار = دەکوڕێنێ (کوڕاندن، کوڕە) دە وشێنێ (وشاندن، وشە) دەهاشێنێ (هاشاندن، هاشە) دەهووشێنێ (هووشاندن، هووشە)

بۆق = دەقڕێنێ (قڕاندن، قڕە) دەقیڕێنێ (قیڕاندن، قیڕە)

کیسەڵ = دە وشێنێ (وشاندن، وشە)

٤- دەنگی ئینسان:

پیاو = دەنەڕێنێ (نەڕاندن، نەڕە) دەگوڕێنێ (گوڕاندن، گوڕە، گوڕژن)

ژن = دەشریخێنێ (شریخاندن شریخە) دەزیقێنێ (زیقاندن،

زیقە)
منداڵ = دەنووزێنێ(نووزاندن
نووزە) دەزیقێنێ (زیقاندن
زیقە)دەکۆخی(کۆخە) دەپشمێ
(پشمە)...دەشیڕێنێ(شیڕاندن
شیڕە) دەفیڕێنێ (فیڕاندن
فیڕە) ئەوفیڕاندن وشیڕاندنە
لەنێو گیان لەبەرانی
دیکەشدا دەبیندرێ .
دەجیقێنێ = (جیقاندن،جیقە)
دەناڵێنێ (ناڵاندن ، ناڵە)
دەناڕێنێ = (ناڕە ناڕ)
دەبۆڵێنێ = (بۆڵاندن ، بۆڵە
بۆڵژن)
دەقڵخێنێ = (قڵخاندن،قڵخە)
دەقرخێنێ = (قرخاندن، قرخە)
دەفرمێنێ = (فرماندن، فرمە)
دەفیکێنێ = (فیکاندن، فیکە)
٥- دەنگی ئەوشتانەی لە
تەبیعەتدا هەن :
هەور= دەگرمێنێ(گرماندن ،
گرمە ، گرمژن) دەشریخێنێ
(شریخاندن ، شریخە)
باران = خرمەی دێ(خرمە ،
خرمژن)
با = هاشەی دێ (هاشاندن
هاشە)دەوزێنێ(وزاندن، وزە)
ویزەی دێ (ویزاندن، ویزە)
هاژەی دێ (هاژاندن ، هاژە)
سەماوەر= هازەی دێ(هازاندن،
هازە)
گوللە= هازەی دێ (هازاندن،
هازە).
ئاو= خوڕەی دێ (خوڕاندن،
خوڕە ، خوڕڕە)
ئاور= لرفەی دێ (لرفاندن
لرفە)
دار= خشەی دێ (خشاندن،خشە)
جیڕەی دێ(جیڕاندن،جیڕە)
بەرد= تەقەی دێ(تەقاندن ،
تەقە) شەقەی دێ(شەقە)
(هەڵبەت شەقە وتەقە
مانایەکیان هەیە .)
سیرەی دێ(سیڕاندن، سیرە)
ددان = کرڕەی دێ(کڕاندن،کڕە)
دیوار- جەوال - بەڕە=تەپەی
دێ (تەپە)
دڵ = کوتەکوتێتی - کوتەی دێ
(کوتان ، کوتە)
چرا = پتەی دێ(پتە ،پتەپتێتی)
مەنجەڵی مس = زرینگەی دێ
(زرینگانەوە ،زرینگە)
جەڕڕەوگۆزەی گڵ = زرینگەی
دێ (زرینگانەوە ،زرینگە)
عەرز- هەرد= زرمەی دێ
(زرمە)
مەزرەق= وینگەی دێ (وینگە)
شمشاڵ = تووڕەی دێ (تووڕە)

فۆلكلۆری كوردی

میرپەنج

دەلۆلۆ...ئاخ دەلۆلۆ...میر پەنجۆلۆلۆ
- میر پەنجۆ وەزێ ب بێلانا قەلەنیێ
داکەتم هابدارە...
- دار جغارا دەستێ تاهر خانێ منی برا
کەکێ "زەزێ" باڤێ "جەمیلێ" شیلانە
مادنا سەری کاریبارە...
- دە ئیرۆ پێرا ل سەر سمبێلێ میر
پەنجێ منی برا هاب کارئووبارە...
دەدبێ "زەزێ" ل بورجا بەلەک دسەکنی
بسی دەنگا دکر گازی دگوت تاهر خانۆ
ل خەوا شرین رابە سەرا ئێل و عەشیرەتا
خو بدە.
- ئەسکەرێ تەیموور خانی ماکوویێ
عەجەم پێنج هەزارە...
- ئەسکەرێ برایێ تە هندکە پێ نکارە...
دەلۆلۆ...
- میر پەنجۆ برا وەزێ ل بێلانێ قەلەنی-
یێ داکەتم وێ ب هێل و مێلە...
سمبێلێ تاهر خانێ منی برا بینانی
هەڤرمووشێ بەر دەستێ وان بەزازا بەعلبەکێ
دفرۆشن تێل ب تێلە...
وەزێ ب دیارێ قەلەنیێ داکەتم سەرا
سارە
دار جغارا دەستێ کەکێ "ژەزێ" شیلاندە
تاخما سێری کاریبارە...
پێنج هەزارە ئەسکەرێ تەیموور خانێ
ماکوویێ عەجەم هاتییە سەر کەکێ من
ماروومێ ئیشەڤ ئێڤاردا دکە ناکە پێ
نکارە...
دەلۆلۆ... ئاخ دەلۆلۆ...
ئاغایۆ دە تو بەردێ، ماقوولۆ دە تو
بەردێ
پێشیا ئەسکەر داکەتییە قرخبلاغێ،
پاشی مایە دێرزا کەلەفێ عەباسکەندێ...



پێوە کەڵوش

ڕەسووڵ وەیسی

لە کوردستان هەرکە خەڵەو خەرمان هەڵگیران و پایز رووی لە زستان نا، دووکەڵ لە دووکێش و کولانان وەدەر دەکەوێ،خاووخێزان دەورە لە کورسی دەنگێون.

هەرکە رۆژ هەڵکشا تا ماڵ خەوتنان دەروجیران لە ماڵی یەکتر کۆ دەبنەوە و کایکۆن بەبا دەکەن و نەقڵ ونەزیلە دەگێڕنەوە و مەتەڵۆکە لە یەکتر دادێنن و حیکایەت دەکەن و وا هەیە گوتنیش بڵێین.با سەرێک لە ماڵی خاڵ چەتۆ بدەین و بزانین باس و خەبەری ئەوێ چیە .

خاڵ چەتۆ پیاوێکی خڕیلە و بەدڵ و دەروونە بەڵام کەللە رەقە ،خاوەنی سێ کوڕ و دوو کچانە .دوو کوڕی بە ژن و ماڵن ، کچێکیشی لە ماڵیمێردە. خاڵ چەتۆ لەگەڵ ژنێک و کوڕو کچێک دەژی.کە دەرگای ژووریان دەکەینەوە تەماشا دەکەین ئەوا خاڵ چەتۆ ،،،،

لەگەڵ هەباسە تەپلەی دراوسێ - یان و ژن و منداڵی،لەبن کورسی دانیشتوون.خاڵچەتۆی تەنگە ئەستوور کە لایەکی کورسی داگیر کردووە و ژوورەکەی بە دووکەڵی جگەرە قانگ داوەوپاڵتۆشڕەکەی بە شانیداداوە روو دەکاتە هەباسە تەپلە :

- بەسەری تۆ خاڵ هەباس ماڵمان لە"سەر گردە" بوو ، باوکم بەرەحمەت بێ لەگەڵ مردووی تۆ ،هێشتا خەتی سمێڵم نەدابوو،تەمەنم هەر چاردە پازدە دەبوو، ئەو ژنەی حازری،خەجێی بۆم لە سۆفی تەهای رەحمەتی خواست و ئەویش زۆر پیاوانە پێشکەشی باوکمی کرد.یا ڕەبی بەرحمەت بێ،بەخوای بابە پیاوی چا بوو. پیاوەتی هەر بەلایەک نەدەکرا باوکیشم عەیشەی خوشکمی دا بە کوڕەکەی و پێکەوە بووینە خزم.بابە ئەو پیاوەتی ئەو زەمانی هەبوو کوا ئێستا ماوە؟

هەباسەتەپلە قسەکەی دەبڕێ و دەڵێ:

- کوڕە حا رێ لەو قسانە گەڕێ! تازە لەمن و لەتۆ رابردووە با چارەیەک بۆ مامخدر بدۆزینەوە ،کە لەوەتا پارەکە ژنەکەی ئەمری خوای کردووە بێ سەوان ماوەتەوە

خاڵ چەتۆ :

- وەڵڵاهی خۆ راستدەکەی بەڵام خدر خۆ کچی نیە بۆ ئەوی

ژن بە ژنەی پێ بکا .

خاڵ چەتۆ: باشە کەسی دیوەتەوە ؟

هەباسە تەپلە : وەڵڵاهی چت لێ وەشێرم ئەوەی راستی بێ منی کردۆتە قاسید بێمە خزمەتت ئەگەر رەزات لێ بێ ئەوە فاتمی کچت بدەین بەو، برازاکەی ئەویش لە ئەحمەدی کوڕت مارە بکەین.

چەتۆ: ئاخر هەباس کوا فاتم بۆ خدر دەبێ؟ ئەو زۆر بەتەمەنترە .

هەباسەتەپلە : کوڕە ئەگەر بۆخۆت پێت خۆش بێ زۆر چاک دەبێ. مام خدریش کەسی لەگەڵ دەماڵدا نیە و زۆر باش رێک دەکەون.

چەتۆ مژێک لە جگەرەکەی دەدا و دەکەوێتە فکر و خەیالان. پاشان ئەملاوئەولایەک دەکا و پاڵتۆکە بە شانیدا دەداتەوە :

ـ وەڵڵاهی هەباس چونکوو بە ردێنی سپیەوە زەحمەتت کێشاوە هاتوویە و مامخدریش پیاوێکی فەقیروخواناسە قەیدی نیە لەگەڵ ئەو کچەشم نەکرد و کردمە پێوەکەوشێک و لەپێی تۆم کرد .

خەجێی خێزانی خاڵ چەتۆکە ئەم قسانەی بەدڵ نەبوون هەر ددانی گر دەکردنەوە ،لەپڕ گوتی :

ئەرێ خاڵ هەباس حا کوا فاتمیلێ بۆ ئەو پیاوە پیرە دەبێ،پێم وایە ئەویش کەسی لەئێمە زیاتر وەگیر نەکەوتووە راست هاتووە لە داوێنی ئێمە هالاوە .

چەتۆ لە دەمی خەجێ دەداتەوە و دەڵێ :

ـ کچێ خەج تۆ بێدەنگ بە، هەقت بەو کارانە نەبێ قسە لە قسەی پیاوان مەکە !

هەباسە تەپلە بۆ ئەوەی لەمە زیاتر گوێی لە قسەکانی خەجێ نەبێ روو لە چەتۆدەکا دەڵێ:

ـ ئەدی خاڵ چەتۆ ژن بە ژنەکەی ماڵی دەروێش برایم وشەنگە چی لێهاتەوە ،هیچ دەنگی نیە ؟

چەتۆ: بڵێم چی برالە گوایە کچەکەی دەروێش برایم بە کوڕەکەی شەنگە رازی نیە هەروا ماوەتەوە .

هەباسە تەپلە بۆ ئەوەی چەتۆ باشتر هان بدا دەڵێ :

جاچۆن کچەکە رازی نیە!وەڵڵا وەبیناڵا ئەگەر ئەوە کچی من بوایە و لە قسەم دەرچووبایە بە شەنە ورگم دەدڕێ ! بابە کچی ئەو زەمانە حەیایان لە روو هەڵگیراوە .

خەجێ کە لەنێو خەڵکدا بە خەجەهەیتە ناوی دەرکرد ـ بوو هەر دەتگوت قسەی لە باخەڵدان،گورج لاتاوێکی دیکەی بە بناگوێی هەباسە تەپلە دادا و گوتی:

ـخاڵ هەباس دەروێش برایم بۆیە ئەم کارەی نەکردووە کە دێ دوختەری لێ نیە لەوە ترساوە نەوەکوو کچەکەی بە شەنە بمرێ، وەڵڵاهی هەر ئەوە مابوو فێری چەتۆ بکەی،ئەوە کچی خۆت بوایە قەت ئاوات نەدەگوت کوڕە چەتۆ، ئەوە خەرفاوی یا خوا لێ گۆڕیوی؟ بۆ لەم دنیا پان و بەرینەدا



کەس نەماوە کچی بدەیەی،ئەو پیرە پەندە نەبێ؟ فاتمیش کە هەر لە هەوەڵەوە لە دووری کورسی، لە پەنا کوڵەکە هەڵترووشکابوو گوێی بۆ



قسەکانی باوکی و هەباسە تەپلە شل کردبوو فرمێسکی هەڵدەڕشت دەنگی لێنەدەهات

چەتۆ کە پرتەوبۆڵەی خەجێ و گریانی فاتمی پێ خۆش نەبوو لەپڕ دارجگەرەیەک دەخێوێنێتە پشت ملی خەجێ و بەسەریاندا دەگوڕێنێ:هەستن لەبەر چاوم لاچن،من ئەم کارە دەکەم ئێوەش هەر خۆتان هەڵباوێن و بڵێن هەیدەرین قەلەندرین ، بە پشوو هەڵماڵاوی روو لە هەباسە تەپلە دەکا و دەڵێ : هەباس بەمام خدر بڵێ ئەوە من کچەکەی خۆم دایەو با ئەویش تەدارەک بۆ برازاکەی خۆی بگرێ، لەدێی خۆشمان مەلا نیە با ماموستا مەلا بایز لە.......را بێنێ و هەر سبەینێ جێبەجێ بکەین .

مام خدر کە باوەڕی نەدەکرد کارەکە ئاوا زوو پێک بێ خێرا هەموو شتێک حازر دەکا و ماموستا مەلا بایز دێنێ و بۆ مارەکردن لە ماڵی هەباسە تەپلە کۆ دەبنەوە .ماموستا سەرپێتی قسان خۆش دەکا و دەڵێ:

– دەی براینە با بزانین چۆن پێک هاتوون وقسە – کانتان چۆن بڕیوەتەوە .

هەباسەتەپلە کە وەکیلایەتی هەردوولای بەستۆوە بوو وەدەنگ هات و گوتی:

– جا ماموستا پێکهاتنەکە چۆنە؟ خاڵ چەتۆ کچەی خۆی داوەتە مام خدر و مامخدریش برازاکەی داوەتە کوڕەکەی خاڵ چەتۆ. ئێستاش تەنیا مارە کردنە کە ماوە کە ئەویش بەعۆدەی جەنابتە .

ماموستا : هەردووک لا رازین ؟

چەتۆ: بەڵێ رازین.رازی نابن دەڵێن چی؟

ماموستا : زۆر باشە ئەدی کچەکان لە کوێن؟ با وەکیلایەتیان لێ وەرگرین .

چەتۆ: جەنابی ماموستا وەختایەکی باوک و مام لە حزوور دابن کچەکان چۆن دەتوانن بێنە ئێرە؟ دڵنیا بە هەموو رازین ، خۆ ئیشەڵڵا ئێمە درۆ ناکەین!

* * *

بە کورتی کردیانە ریس و گوریسێک سەریان لە مەلا و حازریان شێواند، وایان نواند کە کەس نارازی نیە .

مەلاش کاری تەواو کرد و زەماوەندی نابەدڵ سەریگرت .

ساڵ ونیوێک بەسەر ژن بە ژنەدا رابرد،خدر و فاتمهەر چەند خاوەنی منداڵێک بوون بەڵام جیاوازی تەمەن کوسپێکی گرانی خستبووە سەر رێگای ژیانی خدری پەنجاساڵە و فاتمی نۆزدە بیست ساڵانە .

خدر پیر بوو و رۆژ بە رۆژ ئەخلاقی دەگۆڕا و فاتمیش هیچ دڵی بە ماڵ خۆش نەبوو .

پێکەوە نەدەسازان.ئاخر و عاقیبەتی ناعیلاج دەبن تەڵاق بە تەڵاق بکەن.

ئەرێ خزمینە لەمنێوەدا کێ فیدا بوو؟ تەنێ کۆرپەیەکی بێتاوان یا ....؟

پێوە = لینگە ،تا
خێواندن = لێدان
،داهێنانی زەبر





بار هێنانی منداڵ

وەختێک منداڵ بزۆزی دەکا وناسرەوێ ،ئەگەر ئێمە بزچاوانمان گرژ بکەین و بەسەریدا بگوڕێنین :هەتیوە هەدا دە! "،یا وەختێک لەیستۆکەکەی دەشکێنێ ، دەیسووتێنێ یا جل وبەرگی خۆی پیس دەکا ،ئەگەر ئێمە زللەیەکی پێداکێشین یا تفێک لەرووی بکوتین وبە گریان لەماڵ دەری بکەین کارێکی خاسمان نەکردووە .

نابێ لەیادمان بچێ کە "کایە" ژیانی منداڵە ونابێ لەبیری بکەین کە خۆشمان کاتی منداڵی ومێرمنداڵی کایەمان دەکرد ،شووشەمان دەشکاند ،سواری سەری یەکتر دەبووین و نەدەهەندراین .

بێ گومان لەبیرت نەچۆتەوە چەندەت خۆشارۆکێ کردووە . چەندجاران لەگەڵ منداڵی دراوسێ بەگژ یەکتردا چوون ودایکت بەدواتدا هاتووە و بەزۆر بردووتیەوە ماڵێ .


جاکە خۆمان ئاوا بووین بۆدەبێ ئێستا رەفتارمان لەگەڵ جگەرگۆشەمان ئاوابێ .

یاری دنیای منداڵانە . منداڵ بەیاری زیندووە ژیانی بەکایەوە خۆش گەرەکە . زۆرکەس دەڵێن : "منداڵ ماسی یە وکایە ئاو". ئەوی راست بێ ئەو زارۆکە (٢)ی یاری ناکا وخۆی لێ دەبوێرێ زوو هەڵنادا وزەینیشی وەپاش دەکەوێ ودەبێ تا زووە چارە بکرێ .**منداڵی ئاقڵ** ئەوە نیە کە دایمە لەگۆشەیەک بە بێدەنگی دابنیشێ ! بەداخەوە زوربەی دایک وباوکان تەنانەت موعەللیمەکانیش دەیانەوێ منداڵ هەمیشە ئارام وهێمن بێ .بەڵام دەبێ قەبووڵ بکەین کە منداڵ ناتوانێ بۆپێنج دەقیقەش لەسەرەخۆبێ ،ئارام بڕوا و هێدی بدوێ .منداڵ پێی ناکرێ هەمیشە جل وبەرگی خاوێن و پاکژ رابگرێ .کەوابوو ناتوانین پێشی کایەی منداڵ بگرین .بەڵام زۆر چاک دەتوانین کایەی منداڵ بۆ هەر لایەکی کە بمانەوێ لابدەین .زارۆک چلۆن یاری بکا ،لەپاشەرۆژیشدا بە زۆر باران بۆکاروباران وادەبێ .

عاملاندنی مرۆی تێکۆشەر لەپێش هەموو شتێکدا پەیوەندی بەشێوەی یاری کردنی سەردەمی بچووکی یەوە هەیە . شەخسیەتی مرۆ لە تەکامولی کایەکانی وگواستنەوەی بەرە

بەرەی ئەوکایانە بۆمەیدانی کاروئاکار ،پێک دێ .

ئەمەش بلێین کە یاری و کار فەرقێکی فرەیان نیە . یاری باش وەک کاری باشە و یاری خراپ وەک کاری چەوت و نالەبارە .منداڵ چۆن فێری کاری باش یا خراپ دەبێ ، ئاواش فێری کایەی باش یا خراپ دەبێ .کایەی باش لە شوێنی چاک وبەلەیستۆکی (٣) باش دەکرێ .کایەی باش



زەینی منداڵ تیژدەکا . منداڵ تینووی دروستکردن وخوڵقاندنە ،جابەهەرجۆرێک بێ بلوێ . دەجا باشتر وایە ئامێروکەرەستەی ساکاری بخەینە بەردەست تا بتوانێ شتێکی باشتروگەورەتریان لێ پێک بێنێ .زۆرجاران بۆ منداڵێکی ژێر حەوت ساڵ،چەند موکەعەب ،لەفرۆکەیەکی بەرقی یا شەمەندەفەرێکی سەرسوورێن باشترە .باشی یا خراپی ئامرازی کایە ، بە

گرانی یا هەرزانی قیمەتەکەی نیە ،گرینگ ئەمەیە: "چۆن بەکاردێ " .بۆئەم کارەش ، دایک وباوک زۆرباش دەتوانن یاریدەی منداڵەکەیان بدەن . ئەڵبەتە مەبەست ئەوەنیە کە دایک وباوک لە پێشدا خۆیان گەمە بە لەیستۆکەکە بکەن ،جاکە لێی وەڕەز بوون نۆرەی منداڵەکانیان بێ و فەرمانیان پێ بدەن کە ئاوا بکەن وئاوا مەکەن .

ئێمە دەڵێین ئەگەر منداڵەکەت خەریکی دروستکردنی گاری یە وبزماری دەست ناکەوێ لێی گەڕێ با ئەوەندە بەشوێن بزماردا بگەڕێ تاخۆی لە چیلکە بزمار دروست دەکا .لێی گەڕێ با کۆتەرەیەکیش بکا بەئەسپەکەی. با لە تەختەشپێچکەی بۆساز بکا .با بەردێکی لەباریش بدۆزێتەوە وبیکا بەکابرای داشقەچی .یانی چی گەرەکە باخۆی دروستی بکا . ئەرکی

تۆ ئەمەیە هانی بدەی کارەکەی تەواو بکاونیوەچڵ بەجێی نەهێڵێ .جاکە ئەم منداڵە بەم چەشنە یاری بکا ئامادە دەبێ کەلەپاشەرۆژدا ، شتی گەورە وگرینگ دروست بکا .

هێندێک دایک وباوک زۆرتر لەفکری ئەوەدان کەلەیستۆکی زۆرتر وسەر سوورێنتر وتەواو ئۆتۆماتیک بۆمنداڵیان بکرن. ئەگەر سەرلەماڵی ئەم جۆرە دایک وباوکانە بدەی ،تەماشا دەکەی وەک دووکانی لەیستۆکی منداڵانە هەموو شتێکی لێ پەیدا دەبێ و منداڵەکەشیان هەرتاونا تاوێک خۆبەشتێک دەخافڵێنێ و خێرا دەیشکێنێ و گەرووی لەیستۆکێکی تر دەگرێ . بێ ئەوەی هیچ فێربێ یانی سەری لێ شێواوە. ئەمە کارێکی باش نیە. **لەیستۆکی زۆر سەر لەمنداڵ دەشێوێنێ .**

بێتوو ورچێکی قورمیشدار بۆ بچووکەکەت بکڕی ،هەر لە بەیانی یەوە تا ئێوارە قورمیشی دەکا وبەرهەڵدای دەکا .ئەو رۆژە هەر سەیری دەکا و پێدەکەنێ . بەڵام ئەم یاری یە تێکۆشینی زەینی تێدا نیە .لەمنێوەدا منداڵەکە کەسێکی بێ کردەوەیە کە هیچ شتێکی دروست نەکردووە و کایەکەشی بێ بەرهەمە .

ئەگەر منداڵ هەمیشە

خەریکی ئەمجۆرە یاری یانە بێ ، یا تەنیا تەماشاکەرێک بێ لە دوارۆژدا دەبێتە مرۆیەکی بێ بەرهەم ، مرۆیەکی کەتەنیا تەماشاچی کاری خەڵکی ترە ونا توانێ شتێکی نوێ دروست بکا . ناشتوانێ گرێ وگرفتکی ژیانی خۆی بکاتەوە وبەسەر دژواریدا زاڵ بێ .

دایک وباوک وموعەللیم ومەدرەسە دەبێ بناغەی کایەی منداڵان بۆئەم ئامانجانە دابرێژن :

١- منداڵ دەبێ بەراستی یاری بکا ، دروست وداهێنەر بێ ورێکخراو ێک پێک بێنێ .


٢- منداڵ نابێ لە یاری یەکەوە بپەڕێتە سەر یاری یەکی دی . یانی دەبێ یاری یەک تەواو بکا ، ئەجار بچێتە سەر یەکی تر .

٣- منداڵ دەبێ لەکایەدا فێربێ چۆن دەبێ لەگەڵ ئاواڵەکانی بەتایبەتی ئاواڵی مەدرەسەی ، بجووڵێتەوە

٤- منداڵ دەبێ لەیاریدا فێربێ چلۆن لەگەڵ کەسی لە خۆی گەورەتر بجووڵێتەوە . یانی دەبێ فێربێ رێز لە گەوران بگرێ .

بەکورتی یاری تێکۆشا - نێکی سرشتی یە کەمنداڵ بۆ ژیانی باشتر وخۆشتر تەیار دەکا .


ئەوەش بڵێین کە یاری جۆرە عامالاندنێکی کۆمەڵایەتی یە بەتایبەتی ئەو یاری یانەی کەمنداڵ دەبنە دوو دەستە وبەربەرەکانی دەکەن وفێری ملانە وهاوکاری ولەسەرخۆیی ودەخۆڕادیوی و رێزگرتن لەمافی خەڵک و



رێک وپێکی ووردبینی و فیداکاری وفەرمانبەری لە قانوون وزۆر ئاکاروکردەوەی کۆمەڵایەتی دەبێ .

کەوابووکایە خۆی بە تەنیا مەدرەسەیەکی گەورەیە





کە زارۆک دەعاملێنێ وبۆ ژیان ئامادەی دەکا .

دەتوانین بڵێین کە یاری رێگایەکە بۆپەروەردەکردنی منداڵ وگومان نیە ئەم رێگایەش رێگایەکی راست و بەکەلکە .

پەراوێز :

(١) **لەیستۆک** : [لەیست (لەیستن ، لەیزین = یاری. کردن)] : ئامرازی کایە ئەسپابازی .

(٢) **زارۆک** : منداڵ بچووک .

* ئەموشانەی سەرەوەی لەهجەی شیمالن .

جوغرافیای شارستانی بانە

رەئووف وسووقی
حاجی رەئووف سەلیمی

سنووری بانە :

شارستانی بانەلەشیمالەوە بەشارستانی **سەقز** ،لەجەنووبەوە بەئێ**راق**،لەرۆژهەڵاتەوە بە**ئێراق وسەرشیوی سەقز** ،لە رۆژاواوە بە شارستانی **سەردەشت**ەوە لکاوە .

هەڵکەوتنی جوغرافیایی :

بانە لەتوولی جوغرافیایی (۴۵)دەرەجەو (۵۳) دەقیقەی رۆژهەڵات و ،عەرزی جوغرافیایی (۳۹)دەرەجەو (۵۹) دەقیقەی شیمال هەڵکەوتووە .مەساحەتی ئەم شارستانە (۷۹۴)کیلۆمیتری چوارگۆشەیە و (۱۵۴۰) میتر لە ئاستی دەریاوە بەرزە .

کێوەکان :


کەژوکێوو بەرزایی **زنجیرە چیای زاگرۆس** دەوروبەری ئەم شارستانەی داگرتووە **سوورکێو** لە جەنووبەوە، سنووری بانە وئێراق دیاری دەکا .

زنجیرەی زاگرۆس لە رۆژهەڵات وشیمالی ئەم شارستانەوە درێژەی هەیە . ئەم شاخانەی زنجیرەی زاگرۆس کە شارستانی بانەیان لەنێوخۆ گرتووە ،برێتین لە:

کەلیخان ودووزین ومەیدانان (لەشیمال) ،**بابۆس وقەرەج دامان وحەوتاش** (لەرۆژهەڵات) ، **ئاربەبە** یا **ئەربەبا ونهێنی** و **سوورکێو** (لە جەنووب) .

هێندێک کەس دەڵێن چونکە زستانان بارن وگەردەلوولی بەفر لە دەوروبەری **ئاربەبا** هەڵدەکا ،ئەوناوەیان لێناوە . **دووزین** یش چون لەگوێزین ـ ە ،ئەم ناوەی بەسەردا براوە .شێخ **رەزا تاڵەبانی** ئاوای باسی ئەربەبا کردووە:

(ئاربەبا)




ئەر بە با بێ ئەربەبا
وێران ئەبێ
با نەبێ بانە وەکوو
ڕیزوان ئەبێ

چەمورووبار :

١- **چۆمان** :لە ئاقاری چیای **نهێنی** سەرچاوە دەگرێ و لە جەنووبی بانەوە بەبناری شیمالی **سوورکێودا** دەڕوا ولە ئێراق دەڕژێتە **زێی بچووک** .

٢- **چۆمی بانە** : لە **کەلیخان** وشاخی دەوروبەر سەرچاوە دەگرێ وبەنێو شاری بانەدا دەرباز دەبێ ولە رۆژاوای شارەکەوە دەچێتەوە نێو **چۆمان**.


(چۆمی شوێ)

٣- چەمی **شوێ** : لە کێوی **مەیدانان** سەرچاوە دەگرێ وبە شیمالی رۆژاوای شارستانی بانەدا دەڕوا تا لەگەڵ **چۆمان** تێکەڵ دەبێ .

٤- **بۆیەن** :**لەقەرەج دامان** سەرچاوە دەگرێ وبە رۆژهەڵات وجنووبی شارستانی بانەدا دەڕوا ودەڕژێتە **چۆمان** .

٥- **چۆمی کەڵوێ** : کە لە چیای **قەندیل و زمزیران** سەرچاوە دەگرێ وبەرۆژهەڵاتی



(پردی چۆمان - گوندی بلەکێ)

شارستانی **سەردەشت** ورۆژئاوای بانەدادێتەخوار وتێکەڵ ڕووباری **چۆمان** دەبێ وپاش ئەوەی ئاوای ئێراق بوو پێی دەڵێن **زێی گچکە (زابی سەغیر)** کەئەویش دەڕژێتە ڕووباری **دەجلە** . **چۆمان** یانی **چەند** چۆم کە بوون **بەیەکاو** .

پێویستە بگوترێ ئەم چەمانەی باسیان کرا ،چونکە ئاوەکەیان لە ڕێکی زەوی نزمترە ،قازانجێکی ئەوتۆیان بۆکشت وکاڵی ئەم شارستێنە نیە .چاک وایە دەوڵەت بۆئەم ئاوە خوادادانە سەد هەڵبەستێ تا بەفیڕۆ نەڕۆن .

ئاوو هەوا :

ئاووهەوای شارستانی بانە لەبەر ڕەوەندی بای مێدیتەرانە ،بەهار وپایزان شێدار و خۆشە وساڵێ (٥٠٠) میلی میتر باران دەبارێ .بەڵام زستانان لەبەر ڕەوەندی بای **سیبری** کە بەرەو جەنووب هەڵدەکا ، هەوای بانە ساردە وبەفرێکی زۆر دەبارێ .جاری وایە دەبێ بەسایەقە ووشکەبەندێک



که ناوچه‌که ته‌ڕایی لێ ده‌برێ زستانان سه‌رما به‌لانی زۆره‌وه (٢٥) ده‌ره‌جه داده‌گه‌ڕێته ژێر سیفر .هاوینان گه‌رما به‌لانی زۆره‌وه (٣٠) ده‌ره‌جه هه‌ڵده‌کشێته ژوور سیفر .

بایه‌کان :

١- شه‌ماڵ : بایه‌کی مه‌دیته‌ڕانه‌یی یه ، له ئوقیانووسی ئه‌تله‌س- ه‌وه‌دێ وله چیا به‌رزه‌کانی ئه‌م ناوچه‌یه هه‌ڵده‌نگوێ وده‌بێته هۆی باران وخۆش بوونی هه‌واکه‌ی .ئه‌م بایه به‌هاران به‌فر ده‌توێنێته‌وه .ئه‌غله‌ب ته‌پ وتۆزی شوێنی وشک وبێ به‌فر هه‌ڵده‌گرێ وبه‌سه‌ر به‌فری شوێنی دیکه‌یدا ده‌کا و سووری هه‌ڵده‌گیرێ .کاتێک هه‌ڵیکرده



(فۆتۆی یه گه‌لاّ)

ئه‌م بایه ،دار چرۆ ده‌رده‌کا و بایه له شیمال (سیبری)ەوه ، ده‌بووژێته‌وه ،به‌م بۆنه‌وه دنێ وزۆر سارده .باڕه‌ش هاوینان

بای دارئاوس یشی پێده‌ڵێن .

٢- باڕه‌ش (زریان): ئه‌م

ئه‌گه‌ر هه‌ڵکا ودره‌نگ بکه‌وێ ، زه‌ڕوزیان له ته‌ره‌کاڵ و به‌راو ده‌دا .

ئاودێری :

وه‌ک پێشتر گوتمان سه‌تحی ئاوی چۆمه‌کان له ئاستی زه‌وی نزمتره وسه‌دیان له به‌ر دروست نه‌کراوه وراده‌ی باران که‌مه وده‌ره‌جه‌که‌ی سیفره .ئاوی بن زه‌وی که‌لکی لێ وه‌رنه‌گیراوه وچاڵاوی قووڵ لێ نه‌دراوه .
زوربه‌ی کشت وکاڵی شارستێنی بانه دێمه‌یه .له هێندێک جێگاش که‌لک له کانیاوان وه‌رده‌گرن وئه‌ستێریان له‌به‌ر هه‌ڵده‌به‌ستن وکارێز لێده‌ده‌ن .
زه‌وی یه‌کی که له‌چه‌م نزیک بێ به‌ندی بۆهه‌ڵده‌به‌ستن و ده‌یدێرن .به‌ڵام هه‌ندێک کانیاو ئاویان زۆره وپێویست نیه



ئەستێریان لەبەر ساز بکرێ. ئاوی ئەم کانیاوانە راستەوخۆ بەجۆگە دەچێتە سەر زەوی وزار وپاراوی دەکا ،وەک کـانـی شوێ ،بۆیەنی سەروو ،بۆیەنی خوارو (چاوگی نێچیـران)، کانیاوێکی گەورەشلە شـاری بانەیە کە بەبتوون ئەستێریان بۆ هەڵبەستووە وئاوی بـۆری (لوولە)ی زوربەی شار دابیـن دەکا .

داروگژوگیای بانە :

تێروو ،گوێنی ،هەڵز ،کەما وگژوگیای کێویلکەی تر .لـە شاخ وکێوی ئەم شارستانـە داری گەلاپان وەک **بـەڕوو ، دەمووکە ،مازوو ،ونیوڵ ،بەلاڵوک گوێز (گێوژ)، هەرمێ، قەزوان شەهێن** ،وچەند جۆرە داری خۆڕسکی دی ،دەڕوێ .

لێرەواری بانە تەنک و بلاوە وچونکە بۆ سووتەمەنـی دەیبرن ولک وگەلاکەشی بـۆ ئاژەڵ لێدەکەنەوە، روو لـە نەمانە .


لەگوێنی ،کەتیرە دەگرن : بنی گوێنی (گەون) بـە تەوەرداس دەبرن ،پاش ماوەیەک شیرەیەک دەردەدا کە دەبێتە **کەتیرە .**

لەدارمازوو ،**گەزۆ** دەگرن : لک وپۆپی دارمازوو بـە تەوەرداس هەڵدەپەرتێـون وبە لیس دەیکوتنەوە، ئینجا لـە بێژینگی دەدەن، دەبێتـە **گەزۆ .**

لەقەزوان، **بنێشت** دەگرن : قەدی دارقەزوان بە تەوەرداس لەلە دەکەن وکۆجیلەی بـە بەرەوە دەگرن تا شیـرەی بنێشت وردە وردە تێی بچۆڕێ .

داری بەر :

داری دەستنیای بـەر بریتین لە: **سێو ،هەرمێ، هەنجیر بەهێ ،هەنار ،قەیسی،توو ، ترێ.** چونکە باخ ورەز بە شێـوەی کۆن رەعەمەل دێن ،بەریـان زۆر بەکەلک نیەو ورد وبچووک وکرمۆڵن .



ترێ وهەنجیری ئالۆت وترێ رەشەی کانی گوێز وتـرێ سپیلکەی ئاربەبا زۆر بـە ناوبانگن .

گیانداری کێوی :

لەشاخ ودارستانی بانـە زوربەی گیاندارە کێوی یەکـان هەن : ورچ ،گورگ ،بەراز ،ڕێوی کەروێشک ،چوالوو ،بزنەکێـوی سمۆرە ،...کەو ،کوتر ، مـراوی پەرەسێلکە ،لەق لەق ،پەپوو ڕیشۆڵە ،قشقەڵە ،قەلەڕەشە ،....

گیانداری کەوی :

راگرتن وبەخێو کـردنـی گیانداری کەوی وەک بزن، مەڕ گا ،گامێش ،یەکسم ،.....مریشک وکەڵەشێر ،قەل ،قاز ،مراوی ... لەنێو خەڵکی شارستانی بانەدا باوە .

درێژەی هەیە

وەرەوە

ک.د.ئازاد



وەرەوە ، شوان وەرەوە
ساڵی بێ پیت و نەهات
تێک شکان .
ئێستە کوێستان دڵە ، دڵدارە زەوی
وەرەوە ، شوان وەرەوە
چاوەڕێتن کەژو کێو
ران وشمشاڵی پەشێو

* *+ *

وەرەوە ، شوان وەرەوە
گڵ ، لە گەڵ هەر نەفەسێک
مەیلی لێ روانی هەیە .
گوڵ ، لە هەر دەشت ودەرێک
مەیلی هەڵدانی هەیە
هەور ، ئێستا کە پڕە
مەیلی گریانی هەیە .
وەرەوە ، شوان وەرەوە
وەرە مزگێنی بەرە
بۆ دەرە وکێڵگە وکێو وهەوار .
وەرە لاپاڵ وقەدی کێوونزار
چاوەڕێتن بە هەزار .

* * *

وەرەوە ، شوان وەرەوە
ئەو کلاّشەت بکە پێ
کۆنە شمشاڵی هەواڵت بخە بەر پشتێندت
قەفی گۆچان گرە دەست
پەستەکی خۆت بکە بەر
لە کەژ و کێوی ژیان
چاوەڕێتن مەڕ و ران
چاوەڕێتن مەڕ و ران .

شەهید خالیدی زاهیدی

ئارام



هەموو رۆژی چوارشەممۆیان
دەچمە گۆڕستانی بیرم
بۆ نیازێک
بۆدوعایەک
بۆ راگەیاندنی رازێک
بۆ لەسەر گلکۆی شیعرەکانم
بۆ رۆڵە کوژستکەوتەکانم
پێم ناکرێ
چاوەڕوانی قیامەت بم
بۆ سەرهەڵدانەوەی ژیان
بۆ هەستانەوەی شیعرەکان
تەمام وایە
دەست بدەمە شەیپوورێکوتێی تووڕێنم
قیامەتێک بەدی بێنم
خۆشەویستی وبزە وئەوین
هەتاوی ژین
بۆهەرکەسێ بووکی شیعری نەدی،بێنم



ئەگەر سەرانسەری ژینم
سەرم بدرێ لەبەردی سەخت
ئەگەر ئاسۆی بدختەوەریم
وەک زستان لێڵ و بەتەم بێ
ئەگەر هەموو شادی یەکم
سەرچاوەی کەسەر و خەم بێ
ئەگەر درەختی ئاواتم
سێدارەم بێ
هەرگیز ، هەرگیز
کێوی ئیمان و باوەڕم
سەری شکان نانەوێنێ
چون ئومێد و ئەوینی پاک
لە نێو دڵم هەر دەمێنێ
هەر دەمێنێ ...

ئەستێرە

گولەبەڕۆژەیەکی شەنگ
خرابووە ناو سەبەتێک
بەڵام چەرخ و سووڕانەکەی
لەبیر نەکرد .
پەیمانەکەی بۆ تیشکی خۆر
بزر نەکرد .

* * *

نیوەشەوێک
تەڕایی لە ڕەگی بڕا ،
هەردوو پەلی
لە دوو تەلی ڕۆژهەڵاتی سەبەتەکە
توند توند بەستن ،
سەری لە بەینیان دەرهێنا
وشکایەتی بەرە بەرە
گیانی دەبرد ،
بەڵام ئەو هەر چاوەڕوانی
دەرکەوتنی تیشکی جوانی
خۆری ئەکرد !

قەچاخ

شیعر هەستە ، پڕ مەبەستە
لەبۆ پیری داری دەستە
کەسێک کەشیعر پەرەستە
لەبۆنی شیعردا مەستە
قەت لە شیعرنابێ خەستە

* * *

شیعر سۆز ، زۆر پیرۆزە
جێی باوەڕی گەل وهۆزە
وەکوو ئاگری نەورۆزە

* * *

شیعر سۆزی مووسیقایە
شیعر بڕوایە ،هیوایە
شیعر دەرمانە ، دەوایە
لەبۆ دڵانی پڕ لە کوڵ
وەکوو سروەی بەیانوایە

«رەحیم لوقمانی»

کۆنە هەوار

کۆنە هەوار ، ئەی بەهەشتە بێ وێنەکەم!
هەوێنی ژین ، ئەی رووگە دڵ رفێنەکەم!
چەم و کانی و چیا و باخت پڕ لە رازن
هەزار چەشنە هەوێنی شیعر و ئاوازن
چاوگی تەنیات لە بن درەختی بەر شنە
جێژوانی پڕ لە ئارەزووی جوانی منە
ئێستە چۆڵە ، مایەی کزەی هەناسەمە
گۆڕستانی هیوا و ئاوات و تاسەمە
با بەیادی جارانی جوانی و دڵداری
تێر بۆن بکەم خاک وخۆڵ و بەرد وداری
ئەوا هاتووم کە جارێ تر گەلاوێژێ
تیشکی بە ناو شەوی ژینما بهاوێژێ
لەهەر ، وارێ چەپکە گوڵێ ، یادگارێ
وجانێ تر لە جێژوانی کۆنە یارێ
بەڵام هەی داد هیچ نابیسم، زار بێدەنگە
وا شمشاڵی دروون کەیلیش گەرووی ،ژەنگە!
شەبەق دەگری وەکوو بووکی بەر دەروازە
چاوی جوانی ، زرێی ئەسری کوڵ و رازە

* * * * * *


کۆنە هەوارئەی بەهەشتە بێ وێنەکەم
ئازار گەستە ، هاودەردە دڵ بەخوێنەکەم
بۆچی تاری ، تریفەی رووت بۆچی تاری
چ بوو باری تەمی زستان لە تۆ باری
گیانە هەستە ئەوا سروەی بەیانی دێ
بەهاری کەسک وسووری زیندەگانی دێ
ئەوا دێم و هەورازە رێی چیات دەگرم
لەسەر لووتکەی "شاخەگەورە"م خۆشە بمرم
تا لە ناخی ژان و ژینتا نەتوێمەوە
لەم ئەوینە ، ناکشێمەوە ، ناکشێمەوە


یەختە کردن : هەرچەند **یەختەکردنی** مالآت کارێکی ناحەزولەبەردلان ناجەیازە بەلآم لەبەعزە جێ یەکێ بە قازانجی خاوەنەکەیەتی ، ئەوانەی پێیان خۆشە هات و چۆکەیان نهێنی بێ و یەکسمەکەیان نەحیلێنێ و بزۆزی نەکا ،لە تەمەنی حەوت سالّی یەختەی دەکەن. لەودەمە بەدوا ددانەکانی ئالّ وگۆڕیان تێدا بەدی نایە وجێی خۆیان دەگرن باشترین کاتە بۆخەساندنی.ئەسپی یەختەکراو ئاراموئەهوەن دەبێ وتەنیا بیرلە زگی دەکاتەوە .ئەگەر باش خزمەتی بکرێ باش گۆشت دەگرێ، بەلآم بێت وماوەیەکێ لە **ئالیک** دانی کەمتەرخەمی بکرێ کز دەبێ وچون لەباری رووحی یەوە تەواونیە درەنگ جێی خۆی دەگرێتەوە .

لەهەمووسەیرتر یەکسم لەهەرتەمەنێکدا یەختە بکرێ تادەبێتە دەسالّە ددانی هەروالەفیەتی ئەوڕۆژەی تێیدا خەساوە دەمێنێتەوە وسەرەتای یەختەکردنی مەعلوومە. بەلآم زانینی تەمەنی دروستی یەختە زۆر چەتوونە. زۆرجار دیتراوە یەختەی ١٢ساڵە بە شەش ساڵ فرۆشراوە و کڕیاریش تەواو باوەڕی کردووە .

"کەموکورتی یا عەیبەکان "

یەکسمی عەیبدار وەک





یەکسم



مالّی قەلّب سەروەخاوەنەکەیەتی بۆکڕین وفرۆشتن نابێ. ئەوعەیبانە لەکوردستان بۆ یەکسم ناسراون،یەکسمی عەیبدار لەمعامەلەدا خاوەنەکەی بۆوەی بەسەر یدا نەدەنەوە بە گۆشتی سەر چەپەر وبەهەموو عەیبێکەوەدە بفرۆشی .

١- **بەدنالّی** :ئەوجۆرە یەکسمانە **بەدفەڕولووشک هاوێژن** وئیزن بەنالّبەند نادەن وناهێلّن **نالّ** بکرێن ، **نالّبەند** ناچارە ئەوجۆرە ولآغانە **لەواشە** بکا ،ئەگەر هات ولەواشەش مرزەمی نەکرد ناچارە لە عەرزی بدا!

ر:رەشەحمەدی

وئینجا نالّی بکا ،ئەوکارە چونکی مەترسی وزەحمەتی زۆری تێدایە دەبێتە هۆی خەرجێکی زیادی بۆخاوەندکەی وهەموو نالّبەندێک بۆی نالّ ناکرێ .

٢- **سەرسمدان** : سەعزە یەکسمێک کەم هۆشە وباش سەرنجی رێ وپێشەخۆی نادا و جارناجارێک هەلّدەنگوێ و **چۆک ولمبۆز** و تەنانەت جاری وایە نێوچاوانی لە عەرز رادەکێشی وسوارخۆی بۆناگیرێتەوەو **رمبە لە عەرز دێنێ** ،ناسینی ئەو یەکسمانە بەسانی یە چونکوو بەدایم شوێنی برینیان لە

سەرچۆکی دیارە، پتر ولاغی یۆرغە دووچاوی ئەو عەیبەیە و لەترسی هەلدێران دەیانکەنە **ولاغی باری.**

٣- **وەستەگی:** ئەو جۆرە یەکسمە چونکوو ئەو سوارەی لە ئەوەلەوە گرتوویەتی لێزان وشارەزا نەبووە و لەپاشان خاوەنەکەی نەیتوانیوە باشی بعاملێنێ، **تەوەزەل و نازنازی** بار هاتووە وزۆرجار لە هەوراز پێ دەچەقێنێ و **دەفان دەدا** وتابشتی رێ بڕینی نامێنێ.

٤- **جەنە: جەنە** یا **مانگری** یەکێک لە هەرە عەیبە گەورەکانە کە چاوپۆشی لێناکرێ، ولاغی **جەنەدار** هەر جێ ورێیەکی بەکەیفی نەبێ پێی لێ دەچەقێنێ، جاری وایە لەجێی زۆر چڕ و حاسێ مان دەگرێ و پاشەوپاش دەکشێتەوە و بەزەیی بەخۆی و باروسواریدا نایە و هەلدەدێرێ لەبیربردنەوەی ئەو عەیبە زۆر چەتوونە تا ئێستا بۆ وەی چارەی ئەو ئاکارە بکەن ولاغی مانگریان کردۆتە **یەخترمە** و لە دووی یەکسمی چاکیان راکێشاوە، یەکسمی مانگر بۆ رۆژی لێقەومان نابێ.

لەوبارەوە زۆرم پرس و را کردووە. زۆرکەس پێیان وایە ئەویەکسمانە بۆخاوەنی پێشوویان بە پەرۆشن و حەز لە سواری بێگانە ناکەن، لە جێیەکی دیش دیتراوە جەنەدارترین یەکسم نەیتوانیوە لەژێر سوار چاکان مان بگرێ کە وابێ یەکسمیش سواری خۆی دەناسێ و دەزانێ شارەزایە یا نا، بەبڕوای من ولاغێک کە ماوەیەکی زۆر کارێکی تایبەتی پێدەکرێ و بە رێیەکی تایبەتیدا هاتوچۆ دەکا ئەو هاتوچۆ و کارەی لێ دەبێتە عادەت بێتوولە ناکاو لێی بگۆڕی مان دەگرێ و بە واتەی مەشهور تەرکی عادەت دەبێتە هۆی نەخۆشی.

سلی: سلی یا **ترسەنۆکی** زۆر کەس بە عەیبی نازانن و تەنانەت زۆریشیان پێ باشە، یەکسمی سل بە پێچەوانەی ولاغی **مانگر** دایمە **گوێقولاغ** و ئامادەیە، خشپەیەکی لێ بکەی دەردەپەڕێ. هەر بۆیە یەکسمی سل پێویستی بە سواری وریا و **قۆچاغ** هەیە. دەنا بێت و لەنەکاو لە شتێکی بترسێ و بسلەمێتەوە سەروملی سوار تێک دەکاتەوە

یال وبژبادان: سەیرترین شت کە بۆ بەعزە یەکسمێک روودەدا هەر ئەو یال و بژ بادانەیە، زۆرجار بەچاوی خۆم دیومە یەکسم شەو لە تەویلەدا بووە بەیانی کە هەستاوین دیتوومانە یال و بژی بەرێک وپێکی هۆنراوەتەوە لەم بارەدا زۆرم پرسیوە، **هەموو پێیان وایە شەیاتین بە شەو سواری بوون ویال وبژیان هۆنیوەتەوە. پتر یەکسمی بۆرە وای لێدێ و ئەوجۆرەی پێویستە هەلنادا. بۆبەرگری لەمکارە، یالی هەلدەپاچن و کلکی قولە دەکەنەوە. (راستی یا ناراستی ئەم قسەیە بەستۆی نووسەرە. سروە)**

(رەنگەکان)

یەکسم ئەو رەنگانەی هەیە.

١- کوێت: رەنگی ئەسپی کوێت سوورە، هەلدەکەوێ کلک و یالی رەش بن، کوێتی چەقەل خالێکی سپی لەنێو چاوانە، لە رەنگ وکاردا زۆر پەسەندە بە تەجرەبەی پێشینیان نەوسنە و زووتر و پتر لە جۆرەکانی دی کام دەکا.

٢- کوێتی قاپ رەش: رەنگی سووری تاریک و مەیلەو رەشە کلک و یال و لە ئەژنۆیانەڕا بۆ خوارێ تەواو رەشن.

٣- رەش کوێت: ئەویش وەک کوێتی قاپ رەش رەنگی سووری تاریکە و لەبەر زگیڕا بۆ خوارێ رەشە،

٤- شێ: رەنگی سووری کالی ئامال زەردە، سەری زل و ناقولایە، بەعزێکان جاغیکی سپییان بەنێو چاواندا هاتووە یا لەژێر ئەژنۆیانڕا بۆ خوارێ سپییە، بەو پەلە سپییانە نێوی ناگۆڕی وهەر بە شێ دەناسرێ، یەکسمی شێ بە تەجرەبەی پێشینیان لە

شێوەردان کەنەفتە .

شێ سێ جۆرە :

١- شێ ٢- شێی یەغز کە ڕەنگی بەرەو کوێتی دەچێ. ٣- شێی خورمایی.




٤- بۆرە : ڕەنگی ئامال سپیلک دەچێ و لەپیری دا مووی لەشی پنۆک پنۆک دەبێ و لێک دیاردەبێ ئەسپی بۆرە بۆ نێو دروان باش نیەو باش ڕێ نابڕێ و مێشوولە زۆری تێدەهاڵێن



٥ - شین بۆرە :ئەویش جۆرێک بۆرەیە بەڵام مەیلەو تاریکە ، زوربەیان پنۆک پنۆک و جوانن و شین بۆرەی گوڵ **گوڵی** یان پێدەڵێن، لە بۆرە پەسەندترن،کلک و یاڵیان تەواو ڕەشە و وردە وردە کە پیر دەبن ڕەنگیان کاڵ دەبێتەوە ،شین بۆرەی وایە ڕەنگی لە شین بۆرەی گوڵ - گوڵی تاریکترە ئەو دەستە یەکسمە بە شین‌بۆرەی تاری ناسراون،کاتێک شین بۆرە ڕەنگی زۆر زۆر تاریک بێ پێی دەڵێن " ئەبرەش" بەعزێک شین بۆرە لەجیاتی خاڵی ڕەش خاڵ و پنۆکی سووری لەسەر پێستە ئەو دەستە یەکسمە بە " سوورخوون" ناسراون .

٦- ڕەش : ناوی بەسەر خۆیەوە ، بەلام جار و بار هەڵدەکەوێ لە ئەژنۆ بەرە ژێر یانێوچاوانی "قەشان " دەبێ .بەوە ناوی ناگۆڕێ و هەر ئەسپی ڕەشی پێدەڵێن .



٧- ئەبلەق: ئەو تۆرەمە یەکسمە ڕەش و سپی یا سوور و سپی و ئی واهەیە چەند ڕەنگی ئاشکرای لێ دیارە ، خەڵکی کوردستان پێیان دزێون و لایەنگریان کەمە .

٨- زەرد : ئەو یەکسمە ڕەنگی لە شی کاڵتر وتەواو بارەو زەردە .کورد پەسندی ناکا وپێی وایە وەستەک و کەم دەوامە .

ئەم بەقڵە ئێستاش لەلای‌بەسالە کۆنەکان لەسەر زارورمایانە.

دەگێڕنەوە ڕۆژێک (کوێرئوغڵی) لێی دەقەومێ ولەگەڵ کوڕەکەی ناچار دەس هەڵێن.کوڕەکەی ئامۆژگاری دەکاودەڵێ :

- ڕۆڵە ئەگەر کاری ئاوت بوو ،دوژمنی قەستە سەریشت لەدووبێ، دابەزە کاری ئاوەکەت بکە ئینجا! سواربەوە ورکێف لێدەوە .

وادەبێ مەودایەک لەبەر دوژمن ڕادەکەن.کوێرئوغڵی بۆخۆی چاوی نابینێ.کوڕەکەی ئاوڕدەداتەوە دەبینێ سوارێکیان بەدواوەیە .بە نیگەرانی بەبابی دەڵێ :

- سوارێکمان بەدواوەیە .

کوێرئوغڵی دەڵێ :

- ئەسپەکەی چ ڕەنگە ؟

کوڕەکەی دەڵێ :

– **شێ یە**

کوێرئۆغلی دەڵێ :

– **ئەسپەکەی خۆت لە شێوەرد بدە. ئەسپی شێ لەشێوەردان زوو پەکی دەکەوێ.**

کوڕە بەقسەی بابی دەکا ولە سوار ڕزگار دەبێ. سەرلەنوێ کوڕەکەی ئاوڕ دەداتەوە دەبینێ سوارێکی تریان بەدواوەیە. بەبابی دەڵێ ئەسپەکەی بۆرەیە. کوێر ئۆغلی دەڵێ :

– **ئەسپەکەت لە درک و داڵ بدە. یەکسمی بۆرە لە دڕوو دەترسێ.**


دیسان بەقسەی بابی دەکا ولەویش دەرباز بوون. پاش ماوەیەک ئاوڕ دەداتەوە سوارێکی تر دەبینێ، بە بابی دەڵێ :

– ئەوجار ئەو سوارەی بەدوومانەوە یەکسمەکەی **کوێتە.**

کوێر ئۆغلی دەڵێ :

– **کەوابێ لینگ بدە ئەسپی کوێت هیچی لەگەڵ ناکرێ، بەڵام ڕۆڵە لەبیرت بێ ئەگەر گەیشتەوە سەرمان یەک بەخۆت هاوار بکە "جۆجۆ... جۆجۆ..." چون یەکسمی کوێت نەوسنە. ئەی بەڵکوو فێڵەکەمان بیگرێ و ولاغەکە بەبیستنی ناوی جۆ کام بکا.**

لمبۆز : دەموولێوی یەکسم بە



کونەلووتەوە.

سەرلمبۆز : ئەوجێگەیەی زنجیری ڕەشمەی دەکەوێتە سەر.

یاڵ : مووی درێژی ملی ئەسپە

بژ : مووی کورتی ملی ئەسپە لەبەعزە شوێنێک بەکاکۆلی یەکسم دەڵێن بژ.

سەرجدەو : بەسەرشانی یەکسم دەڵێن. سەربدەوو بدەوگەشی پێدەڵێن. ئەگەر یەکسم ئارەقەی سارد بێتەوە شان و پیلی دەگیرێ ودەڵێن جدەو بووە.

یاڵ کوت : ئەو جێ یەی کورتانی لەپێشەوە دەکەوێتە **سەر**، بەگرانایی بار دەکوترێتەوە جاری وایە بریندار دەبێ و دەڵێن یاڵ کوت بووە. برینی یاڵ کوت درەنگ چاک دەبێتەوە.

نێوکەڕەشە : نێوەڕاستی کورتان دەکەوێتە سەری و ئەستەمترین جێی پشتی یەکسمە. بێ وبریندار بێ زۆر درەنگ چاک دەبێتەوە.

قوونەگاز : ئاخری کورتانی دەکەوێتە سەر.

ماسیلکە : نێوانی قوونەگاز و بەتالایی مایە.

کەفەڵ : پانایی سەرسمتی یەکسم کەفەڵی پێدەڵێن.

کۆڵمت : جێگای پێک گەیشتنەوەی ئێسکی ران ولەگەنە.

نێرگز : ئاخری کلک نێرگزە بۆئەوە کە یەکسم شۆخ بێ وکلکی هەڵێنێ نێرگزی دەبڕن.

بەتالایی : بە کەلەکەی یەکسم دەڵێن.

شەرحی ئەوجێگایانەی کە بەرچاون و هەموو کەس دەیانزانێ بەپێویست نازانم.

ڕێنوێنی ئەدەبی

پیرانشار ،جەلدیان ـ عەلی ئیسماعیل زادە :

لەم هەموو زەوق وهیوا بەخۆ بوونەت زۆر خۆشحاڵین . هیوادارین هەروەک ناوت لە خۆت ناوە ، ببی بە "هێمنی دوارۆژ" . هەموو غەمو پەژارەی ئێمە ئەمەیە کە "هێمن" مان لەدەست چووە . ئێستا کە "هێمنی دوارۆژ" سەری هەڵداوە وسلاو لە حافزوفردەوسی دەکا زۆر شادین .بەلام تکات لێ دەکەین دەرسەکانیشت فەرامۆش مەکە ، چونکە هەلی خوێندن ئەگەر لەدەست بچێ ، ئیتر هەڵناکەوێتەوە . بۆ شاعیربوون ماوەت زۆرە .

ئەندیمشک ـ عەزیز ئازاد :

هەر وەک خۆت نووسیوتە شاعیر نی .زەوقی نووسینت هەیە .خۆت بەنەسرەوە ماندوو بکەی چاکترە .

گوندی کولتەپەی قورمیشی بۆکان ـ سەیدجەمالەدین کەریمی :

چیرۆکەکەت زۆر کورتە و لەباری نێوەرۆکیشەوە لاوازە . ئی باشترمان بۆ بنێرە .

گوندی دایەشێخ ،لاجان ـ مستەفا محەممەدی :

تکایە لەبارەی"فەقێ یەتی" ـ دا وتارێکی درێژترمان بۆ بنووسە . ئەم باسە زۆری بەرەوەیە ودەکرێ بەوردی بنووسرێ وکەلکی لێ وەربگیرێ

سەقز ـ شاهۆ زەمانەسازی :

برای بەڕێز ، ئەگەر لەدەستت دێ بەسەرهاتی ئەم دوو زانایەمان بۆبنێرە تا بەنۆرەی خۆ چاپی بکەین .

بانە ـ حاجی رئووف سەلیمی :

برای بەڕێز ، بەداخەوە چونکە ناوی شاعیرەکە مەعلووم نەبوو بۆمان نەلوا شیعرەکان چاپ بکەین .

سەقز ـ محەممەد پەرویزی :

تەرجەمەکان شیاوی بلاو کردنەوە نەبوون .هیوادارین بەرهەمی بەکەلکمان بۆبنێری.

بۆکان ـ سەلاحەدین عەبدوڵڵا ـ زادە :

هەوڵ بدە فکروخەیالی خوت بخەیە کار وبەچاوی خۆت لەدنیا بڕوانی . شیعرەکەت بەسەریەکەوە لەباری وەزن و قافیەوە باشە ، تەنیا لەم دوو بەیتەدا وەزن و قافیە تێک چووە :

لەباری قافیەوە :

من لەناو قەفەس بەندم زنجیرە
تۆ لەناو باخان دەکەی راوێرە

بۆ **زنجیر** دەبێ وشەی وەک **پیر بەخسیر ، نیر** ، ... بکرێتە قافیە .بۆ **راوێرە** دەبێ وشەی وەک **گێرە ، سێرە ، شلێرە** ، ... بکرێتە قافیە .

لەباری وەزنەوە :

من دوور لەئاو و هەوای نیشتمانم
تو وەرە رۆشن کەوە چرای ژیانم

بۆئەوەی وەزنەکە تێک نەچێ لەمیسراعی یەکەمی ئەم بەیتەدا ،وشەی **نیشتمان** دەبێ بە **نیشمان !** بخوێندرێتەوە و لەمیسراعی دووەمیشدا دەبێ **کەوە** دەربا وێژین . ئاشکرایە بەمکارەش مەعنای بەیتەکە تەواو دەشێوێ .

بۆکان ـ جەمشید ئەحمەدی :

برای بەڕێز ، ئەگەر کتێبێک بۆکڕین وەگیرنەکەوت دەتوانی بەئەمانەت لەدۆست و ئاشنایان وەری بگری .

مامۆستا هەژار کتێبی زۆرە هێندێکیان ئەمانەن :

شەرەفنامە (تەرجەمە) بۆ کوردستان (شیعر) ، هۆزی لەبیرکراوی گاوان (تەرجەمە) ئاڵەکۆک (شیعر) دایەباوەکێ خراوە (تەرجەمە) ، ئارێ برا وا رابرا (تەرجەمە) . یەک لەپەنای خاڵ و سیفری بێ برانەوە (تەرجەمە) ، ...

بەرهەمەکانی مامۆستا هێمن : تاریک وروون (شیعر)

ڕێنوێنی ئەدەبی

ناڵەی جودایی (شیعر)، هەواری خاڵی (چیرۆک وقەتعەی ئەدەبی) پاشەرۆک (وتاروشیعر)، توحفەی موزەفەرییە، شازادەوگەدا (تەرجەمە)، قەڵای دمدم (تەرجەمەی کوردی بەفارسی)..

ماموستا حەقیقی ئەگەرچی شیعری زۆرە، بەڵام هێشتا بە کتێب بڵاو نەکراونەوە.

بۆفێربوونی ڕێنووسی کوردی، کتێب زۆر نووسراون. سروەش تارادەیەک دەتوانێ یاریدەت بدا.

بانە: عەبدوڵڵا عەباسی

١- شیعرەکەت لەباری زمان وتەعبیرەوە پتەو نیە. بۆوێنە لەم بەیتەی خوارەوەدا، عیبارەتی " **ئاوی ڕەحمەت پێویستی کورد** " دەبوو ئاوا بێ: "**ئاوی ڕەحمەتی پێویستی کورد**". ئەڵبەتە دیسانیش تەعبیرەکە دڵان نابزوێنێ، چونکە شتێکی تازەی تێدا نیە ئەمجۆرە تەعبیرە ئەوەندە گوتراونەوە کەئیدی بوونەتە قسەی عادەتی:

ئاسمان بووی کەلێت باری
ئاوی ڕەحمەت پێویستیکورد
بەپێنووست شێفت بڕی زەوی
وزاری پێخوستی کورد

عیبارەتی "منبع الادب" کە لەسەرەتای شیعرەکەدا هاتووە لەگەڵ عیبارەتەکانی دیکەی شیعرەکە ڕێک ناکەوێ. "پێنووس"ی داتاشراوت لەبری "**قەڵەم**" بەکار هێناوە.

وشەی وەک **هەست** و **پێخوست** و **خۆشەویست** ـ ت کردوونە قافیە. چاک وابوو پیتی پێش "**س**" ەکانیش یەک بن، وەک: هەست، دەست، مەبەست خەست، دەروەست، ...

٢- ئەم میسراعە، میسراعی یەکەمی غەزەلێکی **نالی** یە و وەزنەکەی "ڕەمەل"ە ئەمەش تەقتیعەکەی:

ریشەکەی پا (فاعەلاتەن)
ن و درێژە (فاعەلاتەن)
بۆ ریا خز (فاعەلاتەن)
مەت دەکا (فاعەلا)

دەجا ئەگەر جێگای (**بۆریا**)و (**خزمەت دەکا**) بگۆڕین، وەزنەکە دەشێوێ.

بۆکان ـ یۆسف مستەفا :

مەوزووعی وەک **درۆێنە** و **شکارتەکێڵی** و **خەرمان هەڵاویشتن**، گشتین. یانی مەحسووسی تاکە ناوچەیەکی کوردستان نین. لەبەر ئەمە دەکرێ بێ ئەوەی باسی شوێنێک یا کەسێکی تایبەتی بێتەگۆڕێ، بیانووسی. بۆ (وێنە)ش خودا **گەورەیە**. **تۆ تەنێ وتارەکەمان بۆبنێرە** باقی لەئەستۆی **ئێمە**.

خاڵەمین شاعیرێکی پیرەو ئێستاش لەنەغەدە دادەنیشێ سەوادی قەدیمی هەیە. شیعرەکانیشی لەلای خۆیەتی.

برای بەڕێز، کە ئێمە دەڵێین فلانە کتێبمان نیە بۆتانی بنێرین، مەعنای ئەوە نیە کە کتێبەکە لە کتێبخانەی تایبەتی خۆشماندا نەبێ.

بۆکان ـ محەمەد سەعیدنەجاڕی (ئاسۆ) :

ئەلفوبێتکەی کوردی لەمێژساڵە بنەگرتوو بووە چاپکردنی بۆ چوون و رای هێندێک خوێنەر بەم مەعنایە نیە کە ڕێنووسی کوردی لەم بارەوە کەموکووڕی هەیە.

سەقزـ موحسین مەسعوودی :

هەوڵ بدە چاکتر فێری نووسین وخوێندنەوەی کوردی بی. باش وایە بەکوردی نامەو "دیاری"مان بۆ بنێری.

نەغەدەـ ئیسماعیل عەزیزی :

دۆستی ئازیز، وتارەکەت زۆر کورت بوو. نووسین لەبارەی شاعیراندا لەسەر ڕۆیشتن ولێ وردبوونەوە و شی کردنەوەیەکی دەقیقی پێدەوێ.

سەردەشتـ عوسمان مەرجان :

شیعرەکەت لەباری قافیەوە باشە بەڵام لە هێندێک شوێن وەزنەکەی تێک چووە. بۆ وێنە

ڕێنوێنی ئەدەبی

میسراعی یەکەمی ئەم بەیتە دەبوو وەک زۆربەی بەیتەکانی دیکە (١٠) هیجا بێ، نەک (١١):

با بۆت بگێڕمەوە ژیانی
رابردوو
هەزاران هیوا هەمووی
با بردوو

ئەگەر "با"ی سەرەتای میسراعەکە هەڵبەرێنین، وەزنەکە ساغ دەبێتەوە:

بۆت بگێڕمەوە ژیانی
رابردوو

لەباری زمانیشەوە چێ چێ قەڵەمەکەت هەڵەنگووتووە:

من کە تۆم دیتی لە ناو
گشت گوڵان

"تۆم دیتی" هەڵەیە. کورد دەڵێ: "تۆم دیت" یا "تۆم بینی". ئەڵبەتە تەنیا عیبارەتی دووەم لەگەڵ وەزنی شیعرەکە دەسازێ:

من کە تۆم بینی لە ناو
گشت گوڵان.

برای بەڕێزا سفەتێکی گرینگی شیعری راستین "ئیجاز" یا "کورتەبێژی"یە کە بەداخەوە لەشیعری تۆ و زۆربەی شاعیرە لاوەکاندا وەبەرچاو نایە. هیوادارین ئەم فەرمایشتەی "نالی"تان هەمیشە لەبیر بێ:

(نالی)عەجەب بە قووەتی
حیکمەت ئەدای دەکا
مەعنای زۆر وگەورە بە
لەفزی کەم و بچووک

شیعری ئەم ئازیزانەشمان بەدەست گەیشتووە هەروەک زۆر جار رامان گەیاندووە، خاوەنی ئەم شیعرانە هەستێکی ناسکیان هەیە ولەنووسینی نامەکانیاندا وادەردەکەوێ کەبەسەر پەخشاندا پترزاڵن بەلام شیعرەکانیان لەباری وەزن وقافیەوە کەم وکووڕی هەیە. لێرەدا داوایان لێ دەکەین کە پتر خۆ بە پەخشان نووسینەوە ماندوو بکەن کە پتر جێگەی خرمەت بە زمان وئەدەبی کوردییە.

تەورێز ــ کەماڵ کەریمی
سەردەشت ــ خدر مەحموودیان
پیرانشار ــ چیا ــ ق.

نەغەدە ــ حەسەن محەمەدی
بۆکان ــ مستەفا ئیسماعیل پوور
بانە ــ ح. هێرش.
داشبەندی بۆکان ــ سەید کەماڵ لەتیفی.
بۆکان ــ حەکیم فەیزی
سەردەشت ــ رەحمان حاجی
سنە ــ ئەحمەد مودەڕڕیسی
سەردەشت ــ کەماڵ شەمامی.
کولتەپەی بۆکان ــ پشکۆ.
سەقز ــ ح. ررگار.
سەرچنار، چۆمی مەجیدخان ــ محەممەد چاوەپوور
پیرانشار ــ ئەبووبەکر رەحمان پوور.
ناوچەی سەردەشت ــ قارانی.
قوڵقوڵەی سەقز ــ سەلاح ئیبراهیمی.
نەغەدە ــ رێبوار سلێمان بابیدی.
؟ ــ رەحیم محەممەدزادە.
بەنگیجەی بۆکان ــ محەممەد شیوەن.
کولتەپەی بۆکان ــ حەکیم فەیزی.
کرماشان ــ سەید مەسعوود هاشمی بەرزنجی.
داشبەندی بۆکان ــ سەیدکەماڵ لەتیفی.
میرئاوای بانە ــ ح.ر. هێرش.
شنۆ ــ محەممەد چووکەڵی.
بۆکان ــ مستەفا ئیسماعیل پوور
چەقەڵ مستەفا، نەغەدە ــ حەسەن محەممەدی.
چەپەرئاوای شنۆ ــ تەها چیانە
سەقز ــ جەلال سەرشیو.
پیرانشار ــ چیا. ق.
بانە ــ سەید موحەممەد بەرزەنجی.
تەورێز ــ کەماڵ کەریمی.
نستانی سەردەشت ــ خدر مەحموودیان.
قەزوێن ــ زوبەیر سەلیم.



پەروەندە

قادری ئەحمەد

تەنزی کۆمەڵایەتی

بۆ هەزارەمین جار لە پلەکانی ئیدارەی دادگوستەری وەسەرکەوتم. وەک هەمیشە لەسەرسەرای ئیدارەدا جەماوەرێکی زۆر تێکیان داوبوو. بە زەحمەت خۆم گەیاندە وەتاغی "دادیار". شەش حەوت کەس دەوریان دابوو. هەرکەسەی پرسیارێکی دەکرد و ئەویش بێ ئەوەی سەرهەڵبڕێ، وێرای هەڵدانەوەی لاپەڕەی پەروەندەکانی بەردەستی جوابی دەدانەوە: "بڕۆ شەش مانگی دیکە وەردوە!"، "پەروەندەکەت ناتەواوە" "حەواڵەی تارانمان کردووە" و......

ماندوویەتی وبێزاری لە گیان ولەشی دەباری. وەک، مەکینەی تێک شکاو بەلەقە لەق کاری دەکرد وهیچ دنەیەک حیالە «بەڕێ چوون» لەکاریدا بەدینەدەکرا. هەموو رۆژێک تا ئاخری وەختی ئیداری بە کورسی یەکەوە دەنووسا وبە بێزاری جوابی ئەموئەوی دەداوە وسبەی هەمەن هەمان بۆ ئەنجام دانی رۆژەکارێکی دیکە دەهاتەوە.

یەکەم جار دوازدە ساڵ لەمەوبەر، هاتمە خزمەتی و شکاتنامەیەکمدا دەستی. لەوساڵەدا، پیاوێکی بەرواڵەت دۆست، سەت هەزار تمەنی لێ وەرگرتم کە خانووم بۆبکڕێ ولەکرێ گرتەیی رزگارم بکا، کەچی بەداخەوە پارەکەی خوارد و کارکەوتە دادگا. بەم حیسابەی رامگرتبوو لەمدەی ئەمدوازدە ساڵەدا، ئەمڕۆ هەزارەمین جار بوو کە دەهاتمە "دادگوستەری" تا بزانم کاربەکوێ گەیشتووە.

پاش دووسەعات چاوەنواڕی "دادیار" سەری هەڵبڕی و نیگامان تێک بەزین. پرسیارم کرد:

قوربان چ بوو؟ کارەکە چی لێهاتەوە؟

فەرمووی:

– تۆ زۆر بەپەلەی، ناردوومە بیگرن، لەماڵ نیە نەیان دیوەتەوە. پەلەمەکە هێندێک پشووت لەسەرەخوبێ!"

خۆم بۆرانەگیرا، بەتووڕەیی–یەوە گوتم:

– ئاخر قوربان سەبر تاکەی؟ راوەستان تاکەی؟ دوازدەساڵە سەبرم گرتووە خۆ من حەزرەتی ئەییووب نیم! چۆن نەتان دیتۆتەوە! چما ماڵی لە کێوی قافە! هەر ئێستا وەرنبتاندەمە دەستی. ئەوالەم چایخانەی ژێر ئیدارە دانیشتووە و قلیان دەکێشێ."

بێ ئەوەی سەرهەڵبڕێ جوابی دامەوە:

– ئێمە حەقمان نیە خەڵک لە کووچە وکۆڵان وچایخانە و جێگای ئاوادا بگرین، تەنیا

دەتوانین بەرگەی جەلبی بۆ بنێرینە ماڵ یا جێگەی کارەکەی لەوەزیاتر دەستمان ناڕوا.

– قوربان دەسەرت گەڕێم ئاخر ئەوە دوازدە ساڵە من بەدووی ئەم پەروەندەیەدا هەڵوەدام. خوا هەڵی ناگرێ، پێغەمبەر قەبووڵی ناکا. فەقیرم، لە کاروکاسبی بووم. هەرنەبێ مەئموورێکم ڕەگەڵ بخەن خۆم بیگرمو بۆتانی بێنم، بزانین دەڵێ چی"

لالانەوەوپاڕانەوە کاری خۆیان کرد. زەنگی لێدا، پاسەوانێکی بانگ کرد وگوتی:

– سەرکار، بۆت دەنووسم سەی دەگەڵ کاک هەمەوەند دەچی بۆماڵی "عەبەقاچاغچی" و دە یهێنی بۆئێرە!"

زۆرم دوعا بۆعەمروماڵی کردو قەرارمان دانا سبەی ئێوارە دەگەڵ "سەرکار مەمدەلی" بچین "عەبەقاچاغچی" بگرین. ئیدارەم بەجێ هێشت و بۆ هەزارەمین جار رووم کردە چایخانەکەی ژێر دادگوستەری. قاوەچی وشاگردەکانی منیان لەباوک وبرای خۆیان باشتر دەناسی. هەروەژوور دەکەوتم، قاوەچی دەستووری دەدا "کوڕە چایەکی تازە بەرە خزمەت کاک هەمەوەند! قەنەی بۆ تازەکەوە! بزووا"

زوربەی موشتەری ئەم چایخانەیە ئەوکەسانە بوون کەسەروکاریان لەگەڵ دادگوستەری وشکایەت و شکایەتکاری هەبوو. شکایەتکارەکان لەبەرێک وشکایەت لێکراوەکانیش لەبەرێکی دیکەدا دادەنیشتن. بەری شکایەتکاران، هەموو کزو داماو وخەفەتبار بوون و شکایەت لێکراوەکانیش



ئەغلەب مل ئەستوور وبەکەیف ودەماغ بوون وجار جارە لاناوبشیان داویشت وتیزیان بەشکایەتکارەکان دەکرد. چایەکەم خواردەوەو دەستم کرد بەقەنەکێشان. "عەبەقاچاغچی" بەرامبەرم دانیشتبوو، بەفیزوهەوا قەنەی دەکێشا ولەگەڵ چەن کەس لە دزودرۆزن وکلاوبەردارەکانی هاواڵی قسەیان دەکرد. بەزنێکی سووری دەنگ زلی هەڵدەسووراند و حارحار چاوێکی لێدەکردم و بزەی دەهاتێ وبەهاوڕێکانی دەگوت:

– باهەر شکایەتم لێ بکەن! هیچیان پێ ناکرێ ئەوە دوازدەساڵە هیچ یان پێ نەکراوە ...

یەکی دیکە قسەکەی بڕی و گوتی:

– تازە تێ دەگەم باشترین کاسبی هەرئەوەبە بوولی خەڵک بخۆی وشکایەت لێ بکەن! هەر ئەوەندە رەحمەتە کار بکانە دادگوستەری. تازە لێت ناستێندرێتەوە!

لەدڵی خۆمدا گوتم "دەردت لەگیانم عەبە! حا چاوت لەبەبەتێنی سبەی بێ!

هەستام وچایخانەم بەجێ هێشت وبەرەوماڵ بوومەوە. هەرچۆنێک بوو ئەو شەوەش رابرد. لەبەرەبەیانێ را

قاسید بووم بزانم "عەبە" بۆکوێ دەچێ وچ دەکا .

ئەوڕۆژە شانس وبەخت هێنای وعەبە لەبەردەرکی خۆیان وەدەروحیران راوێچکەی بەستبوو. وێوەتر نەدەچوو. وەختی خۆی ڕۆیشتم لەگەڵ "سەرکار مەمدەلی" روومان کردە مالّی "عەبە" لەدرگامان دا وژنێک درگای کردەوە. وەژوور کەوتین و عەبەمان ویست .ژن جوابی داوە:"لەمالّی ئەوحیرانەمانە ئەوە دەنێرم لەدووی". بە دوابدا وەدەرکەوتین ولە بەردەرگا راوەستاین . زۆری پی نەچوو "عەبە" و چەن کەسێک لەمالی حیران کە نەبیا چەن کەزێک لە مالّی "عەبە" وێوەتر بوو هاتنەدەر ولەبەر درکا راوەستان و بۆلای ئیمە نەهاتن . چاویکم لە "سەرکارمەمدەلی" کرد .

"نەمالە! حۆیەتی!ئەوەی تەزبیحی سووری دەنک زلی بەدەستەوە "عەبە"یە ." سەرکار هیندێک راما ومتەقی نەکرد . دیسان پێم کوتەوە"دەی کاکە دەی ! لەچی راوەستاوی ؟"

گوتی :

- دەزانی چیە کاکە حان من ناتوانمەوە ،بچمەوە بەر دەرکی خەلک . هەردەتوانم لەمناوبیسانە کە پی یان داوم بیگرمەوە! ئەویش لەمال نیە ! لەجیگای حوی نیە!"

قەلەمەکەی دەرهێنا و بە

خەتێکی ناخۆش لەژێر ئەو نامەی"دادیار" پێی دابوو نووسی "خواندە درمحل نبود- شکایەت لیکراو لەمالّ نەبوو" پرتەوبۆلە ودادوهاواری من بێ فایدە بوو." سەرکار مەمدەلی " بولای عەبە نەچوو ونەچوو .پاشان بە سرتە پێی گوتم :

"کاکەجان ئەگەر کابرا هەردووگەز لەوجیگایەی کە گەرارە بگیرێ دوورتر راوەستیتەوە هەگمان نیە بیگرین وگسەی دەگەل بکەینەوە! گانوون،گانوونە !

بەلێ بەراستی "گانوون گانوونە!" بەتەواوی تێگە-



یشتم چ باسە! "عەبە" کە هەرچەند گەزیکمان لی دوور بوو ،قاقاپیمان پیدەکەنی و هەر بەهیندیشی نەدەزانین !

سەبنی رۆژی دوای

بۆ هەزارویەکەمین جار لە پلەکانی دادگوستەری وەسەر کەوتم وچوومەوە خزمەت "دادیار".بۆ ئەوەی مۆڵەتی گازندە وزووخاو هەڵڕشتنم پێ بدا فەرمووی :

- راپۆرتی مەئموور دەلێ "خواندە درمحل نبود" . بڕۆ چوارمانگی دیکە وەرەوە! ئەم نامەیەش لەگەڵ خۆت بەرەبۆ بایەگانی .خواحافیز!"

نامەم وەرگرت وچوومە ژووری بایەگانی .بایەگان پیرەمێردێکی ٥٠- ٦٠ سالە بوو . لەمدەی ئەم دوازدە، سالەدا ببووینە دۆستی نیزیک .نامەکەی لێ وەرگرتم

وگوتی :

- چوارمانگی دی ! چوار مانگ هیچ نیە !"

هاوارم کرد :

- ئەی هاوار ئەوەدەڵێی

چی ؟. چۆن چوارمانگ شتێک نیە !"

وەڵامی نەدامەوە ، بەلام بەپەلە وبەلەرزە لەرز پەروەندەیەکی هێنا ولەپێشی دانام و گوتی :

"شاکی شەماشاکە! بزانە ئی ش ژەمانیکە! هێشتا تەواو نەبووە !"

پەروەندەم کردەوە، زۆرم سەروبن کرد سەرەدەرم لێ نەکرد. نووسراوەکان نە عەرەبی بوون ،نە فارسی ، نە لاتین ،نەژاپۆنی .چونکوو پیتە عەرەبی وفارسی و لاتینی یەکان دەناسموهێندەشم نووسراوەی ژاپۆنی لەسەر تەلەویزیۆن دیوە بەختی ئەوانیش کەوەک بۆق وقنرژاڵ وجاڵجاڵووکە دەچێ ڕاهاتووم. پیتەکانی ئەم پەروەندە زۆرتر وەبزمار دەچوون کە لەتەنیشت یەک ریز کرابن وهێندێکیان کەوتبن .گوتم :

– چ تێی ناگەم ئەمە چ جۆرە نووسینێکە !؟

بزەیەک لێوەچرچەکانی لێک هەڵپچڕی .وردێک پێکەنی و گوتی :

– ئەم پەروەندەیە لە ژەمانی هەخامەنیشی یەکانەوە ماوەتەوە! کابرایەک بە ناوی "کامبوژیا" شکایەتی کردووە کەئیدارەی ژەنگەلبانی ژەمانی هەخامەنیشیان چونکە خانووەکەی چەن داری تێدابووە لێی زەوتکردووە و کارەکە دراوە بە دادگوشتەری وتائێشتا پەڕوەندە هەر درێژەی هەیە ."

پەروەندەی "کامبوژیا"ی هەڵگرتەوە وگوتی:"راوەشتە، پەروەندەیەکی ژەمانی"حوازە نیژامەدینت" بۆ بێنم بزانە شخەبەرە ! قەرارە ئەو رۆژانە کاری تەواوبێ!"

دەستم بۆلای راداشت و پاڕامەوە .

– باشە قوربان. باشە. بۆخاتری خوا مەیهێنە. دەزانم تائەمڕۆ شکاتلێکرا– ویان نەدۆزیوەتەوە وهەر بەشوێنیدا دەگەڕێن !"

بۆ هەزارویەکەمین جار لە پلیکانی ئیدارەدا هاتمە خوارەوەو چوومەوە چایخانەی گۆڕین.فەرمانی هەمیشەیی درا .

– کورە چایەکی جوان بۆ کاک هەمەوەند بەرە .قەنەی بۆتازە کەوە .بزوو !"

لەتەنیشتم پیرەپیاوێکی سەروڕدێن سپی وبەخۆوە لەگەڵ یەکی دیکە دانیشتبوون کەبەشێوە قسەکردنیان را مەنگوڕ یا مامەش بوون. کاک "عەزیم"ی جیرانیشمان لە تەنیشت وانەوە خەریکی قەنەکێشان بوو. هەرکە چاوی بەمن کەوت پرسیاری کرد :

"کاک هەمەوەند" پەروەندەکەت چی لێ هاتەوە ؟

دەمم لەقەنە کردەوە و هەناسەیەکم هەڵکێشا و سەرگوربشتەی پەروەندەکەم لەنووکەوە بۆگێراوەو گوتم کە نامەوێ چی دی وەدووکەوم. کاک عەزیم هێندێکی دڵخۆشی دامەوە وسەرئەنجام گوتی کە کاری وا دەبێ بەحوودای بسێری وقەوری وادەبێ بە بەبووی دابنێی . پیری سەرووردێن سپی کەگوتی لەم وتووێژەمان هەڵحستبوو بە راوێژی شرینی مەنگوڕی هەڵیدایە و گوتی :

– حەق دەبێ بەدەستی خۆی بستێنی .دەڵێم ئەمە کاکە سوارێکی بوو زوڵمیان لێ دەکرد وملکیان لێ داگیر کردبوو .زۆری هات وچۆی ئیدارەومیداران کرد چی بۆ نەچۆسەرێ .ڕۆژێکی دەستی دا گۆپاڵی وسەری دووانی شکاند .بەسەری توو ئاوبە ئاوری داکرا .حوودا وەت حەستێنی .لەکۆڵی بوونەوە و ملکەکەیان بۆبەجێ هێشت ."

ئەو نەقڵە وەک بروسکەیەک ڕای تڵەکاندم .بەچا و تروکانێک گوڕام! بۆتائێستا بیرم لەوە نەکردبۆوە کەخۆم دەبێ حەقی خۆم لە "عەبە قاچاغچی" بستێنم!" قەنەو چام بەناتەواوی بەجێ هێشت وڕۆیشتم .

لەماڵی عەبە ڕەژوور کەوتم .بەرەنگاری بووم ودەستم دا گۆپاڵێکی ویەکسەر وەبەر گۆپاڵانمدا :

ـ پووڵەکەم دەدەیەوە یان بتکوژم!؟"

ئەویش بەچاو ترووکانێک گورا! ڕووحا، بەری وکەوتە لالانەوە ئەو زەبەلاحە وەک مێوژۆکە دەلەرزی .ئەزنۆی مراوە وبە عەرز داکەوت. ژن ومناڵەکەی هاواریان لێ بلیند بوو.

ـ مەمکوژە! ئێمە کردمان ئەتۆ بەیکەی! غەڵەتمان کرد .بەگەورەیی خۆت بمان بەخشە .پولەکەت حازرە!

ـ هەرئێستا! هەرلێرە! دەنا هەمووتان دەکووژم!

عەبەی چاوبەمۆلەق وەستاو بەلێوەلەرزەوە بانگی خێزانی کرد:

ـ دەبۆی بێنە. زنەنیوە زووبە! نیوەعەمر بووم! کاک هەمەوەند ،مەمەم کوکوزە! دەکرد.چاوی لەبەرم هەڵنەدە- ژنە درگای سندوقێکی ئاسنی کردەوە وسەد هەزارتمەنی هێنادەر .بۆی ڕاگرتم وگوتی:

ـ فەرموو ئەوە پووڵەکەت دەسەرت گەڕێم .وازبێنە!

پووڵەکەم وەرگرت وپاشە پاش گەڕامەوە .سەی بەیانی زوو چوومەوە لای قاوەخانە. ئەمجار پێش ئەوەی قاوەچی دەستووری چاوقەنەم بۆبدا خۆم هاوارم کرد:

ـ کوڕە چایەکی میشوولە ـ دارم بۆبێنە وقەنەکەشم بۆ تازە کەوە! بزوو.

دانیشتم "عەبە"م دیت بەپێوە ڕاوەستاوە و چاوەڕوانە ئیزنی بدەم دانیشێ .بەدەست ئیزنی دانیشتنم پێدا ولاقم خستە سەرلاق وبەقوڵتەی قەنەم وەک کەڵەباب بەسەرمدا خوێند. لەدیتنی هەیکەلی داتەکاو و تێکشکاوی "عەبە" کەیفم



دەکرد.چاوی لەبەرم هەڵنەدە- هات وەک مەڕی گورگ دیتوو زمانی شکا بوو. چاوم لەسەر هەڵنەدەگرت .دەمزانی تیشکی نیگام وەک نووکە ڕمبی تیژ لەگیان ولەشی رادەچێ.

ئەگەر بەدەگمەن نیونیگایەکی دزانەی لێکردبام وچاوی بە چاوم کەوتبا وەک دەبنان گوێت سریواندبێ بەتوندی ڕووی وەردەگێڕا وسەری بەردداوە .قزەبوو ،بەزیبوو!

پاش ئەوەی کەیفی خۆمم بەو حاڵەتەی "عەبە" تەختکرد هەستام بۆئاخرین جار بچمە خزمەت دادیار وبایەگان کە یەکێک لە شکایەتکارەکان لێی پرسیم:

ـ کاک هەمەوەند ئەورۆ، زۆر بەکەیفت دەبینم. نەکا دادگا حەقی بۆ ئەستاندبی؟

لەکاتێکدا چاوم لە عەبە نەدەترووکاند گوتم:

ـ بەڵێ زۆر سازم .حەقی خۆم لەم خوێڕی یە ئەستاندەوە بەڵام بەدەستی خۆم. دادگا چی بۆ نەکرا.

هاتە تەنیشتم وبە سەرنجەوە ڕووداوەکەی لێ پرسیم ومنیش لە نووکەوە بۆم گێڕاوە.

هەستا بە پەلە وەدەرکەوت. لەوکاتەدا پیری سەروردێن سپی کەئەو دەرسەی پێدابووم وەژوورکەوت ولە تەنیشتم دانیشت .پاش چایی خواردنەوە وگەپێکی زۆر بۆم گێڕاوە کە منیش بەراستێکی کاکە سوارانە بەحەقی خۆم گەیشتمەوە .بانگ هێشتنم کرد شەو میوانم بێ.

بەشوێن پەروەندەکەمدا نەچوومەوە .لێی گەڕام تا ڕۆژبازاڕی قیامەت هەر بمێنێ. .دەزانم لەوێ دادیار لەسەر ئەوەی کە حەقی منی نەستاندووە بە توندی سزادەدرێ ودەینێرن بەشوێن عەبەدا .ئەویش بەپەلە دەچێتە سەر قەبری عەبە ودەگەڕێتەوە خزمەتباریتە ـ عالا ودەڵێ "قربان عەبە در محل نبود!"

شیعری ژاپۆنی

وەرگێڕان لە فارسی یەوە
عەزیز ئالی

شیعری ژاپۆنی " هیجایی"یە ، نەوەزنی هەیە نەقافیە .بەحری بەرەواج"هایکۆ"یە کە لەحەڤدە هیجا پێک دێ .لەهایکۆ باوتر "تانکا"یە وبرێتی یە لە سی ویەک هیجا : رستەی یەکەم پێنج هیجا ،رستەی دووەم حەوت ، رستەی سێیەم پێنج ،رستەی چوارەموپێنجەمیش هەریەکە حەوتهیجایە .



تانکا یەک فکرێکی تەواو بەیان دەکا ، ناعیلاج لەم مەیدانە تەسکەدا ، قسەکورتە و پڕە لە ئیبهام وکینایە وئیشارە. بۆئەوەی مرۆ تێی بگا ،دەبێ فێری بێ ولێی رابێ و جودا لەمەش خێوی تەبعێکی رەوان بێ . زۆر واهەیە ،شیعرێکی کەناوی نیە خوێنەر دەمەعناکەی ناگا .

شاعیرێکی ئێرانی دەڵێ :"رەنگە بەعزێک لایان وابێ شیعری ژاپۆن زۆر سادەیە وپیاو دەتوانێ لە گۆشەیەک بۆی دانیشێ وبە پێنج دەقە ،یەک هەڵبەستێ! بەلاّم ئەوکەسانە هەڵەن چونکە شیعری ژاپۆنی چەندی بەدیمەن سادەبێ، سەدئەوەندە بەمەعنا گرانە .هێشتا مەزنترین هایکۆبێژی ژاپۆن "شووگی"یە کە پێنسەد و شێست سالّ لەمەوبەر ژیاوە .شیعری ژاپۆن گوڵێکی گەش وبۆنخۆشە ،بەلاّم ئەوپنجەی ئەم گوڵەی بەسەرەوە پشکووتووە ،ئاوپڕژێنێک ئاوی نادا ،فەلسەفەی "ذن"[1] یاراوی دەکا" .

لەژاپۆن ،ژن وپیاوان ،پیرولاوان ،هەموو بەهەر بیانوویەک بێ ،شیعر دەڵێن.تەنانەت ساڵێ جارێکیش لە رۆژێکی دیارکراودا ، لە شاوەبگرە تاگەدا ،کۆدەبنەوە وهەرکەسەی هایکۆیەک دەڵێ .

کەسەروشادی ،ئاشتی وناتەبایی ،رۆیشتن و گەڕانەوە ،کارەساتی گرینگ ورووداوی بچووک، هەرچی دڵی ئادەمیزاد بزێوێ ،بۆژاپۆنی هەوێنی شیعرە .بەتایبەتی شوێنێکی خەڵکی هونەرمەند قەتلە کیس خۆیانی نادەن، نوێنی سەرەمەرگە .لەم وەختەدا هونەرمەندی گیان ئەسپا[2] .چی لە گەڕی رۆژگار دیوە و چەشتووە ،تێکی هەڵدەشێلێ وپوختەی دەکا وبە گیان ودڵ دەیسپێرێتە دۆست وئاشنایان . بە شیعری ئەودەمە دەڵێن "ژیسەئی" ،یانی گیان دەرچوون .

بەلاّم ئەوشتەی دڵی مرۆی ژاپۆنی زۆرتر دەبزێوێ ،جیلوەی جۆربەجۆری تەبیعەتە : هەر نەخش ونیگارو ،رەنگ وبۆن و ،زمزەمەوناڵەیەکی کەلەنێوان هەردوئاسماندابێ،ژێی دڵی ژاپۆنی دەخاتە لەرە .بەهاران کەئاسمان دەگری و زەمەند وبژوێن پێدەکەن ،هاوینان کە هەتاو بەرهەمی کوێرەوەری دەکابە زێڕ،پایزان کە رەشەبای دڵڕەش دیمی[3] زەردی رۆژگار دەڕنێ، زستانان کەدنیا سەرهەڵدێنێ وبەفری لە پرچی شەورەنگ جوانتری پەرێشان دەکا،ژاپۆنی دڵی لە لای خۆی نیە ،لە نێو تەبیعەتدا ون بووە و وێڕای دەشت وچیا و شینکەوئاو دەورینگێنێ .

جا لەبەر ئەمە ،دەرگای ئەم باعە لە

ژاپۆنی نەبێ لە کەس ناکرێتەوە .ئێمەش بە سروەیەک رازی دەبین وەبۆن وەرامەی چەند گولاَن واز لەم گولستانە دێنین. بەلاَم وەرگێران دوژمنی جوانیە .قسەکە ئەوەندە ناسکە ،هەر کە دەستاودەستی کرد دەژاکێ:

(سپێدە)(٤)

ئای کە هەتاو
دەشتی رۆژهەلاَتی چ جوان رازاندەوە !
بەلاَم تا ئاورِم دایەوە
مانگ داچووبوو !

* * *

(گولّ چنین)

بۆ چنینی گولّ
دەچیمەن کەوتم !
لە کۆشی گولّدا
شەو تا بەیانی
بەمەستی خەوتم !

* * *

(هەوری رەش)

ئەو هەورە تاریکەی
بەسەر چیاوەیە ،
ئاهی دلّی منە
دنیای داگرتووە ! (٥)

* * *

(بەیادی فرزەند)


پێش پشکووتنت ،دەسووتام لەسوێت
کاتێک پشکوتی ،رەشم کردە بەر
ئەی سپی گولّەی وەک مانگی چاردەم
چت بۆمن هەبوو ، لە کەسەر بەدەر؟

* * *

(١) ذن :عیرفانی بوودایی .
(٢) گیان ئەسپا : کەسێکی هاتبێتە حالّی جاو
(محتضر ، جان آهنگ) .
(٣) دیم : روخسار
(٤) سپێدە : بەیان

لەسەر کەلّەزەنگی(٦) مەعبەد
پەپوولەیەک
چەند بەخۆشی لێی خەوتووە !

* * *




(؟)

رێم نیە تا خۆشەویستەکەم ببینم
ئەرێ دەبێ بۆهەمیشە وەک دوندی کێو
وەک دوندی "فووجی" لە "سوورگا" ،
هەر بسووتێم ؟!

* * *

(٥) : لەگەلّ ئەمشیعرە کوردی یە پێکیان بگرە :
هەر تەمێ لەسەر شاخێ ساکنە
ئەوە تەم نیە هەناسەی منە!
(٦)کەلّەزەنگ : زەنگی گەورە (ناقوس) .

هونەر و هونەرمەندانی کوردستان





قالەمەڕە

٧

هونەرمەندی لێزان وکەم وێنەی کوردستان "قالەمەڕە" یەکێکە لەو دوندە سەرسپی یانەی هونەری گەلی کورد، کەبەداخەوە هێشتا بەتەواوی نەناسراون. جا بۆیە بە پێویستمان زانی تا زووە بچینە دیتنی ئەم هونەرمەندە "شمشاڵ ژەن"ە و وتوویژێکی لەگەڵ بکەین. وا لە خوارەوە بەشێکی وتوویژەکە کە رۆژی ٦٥/٦/٢٠ لە شاری بۆکان کراوە، دەخەینە بەرچاوی ئێوە.

– پێشەکی سپاس و داوای، لێ بووردنتان لێ دەکەین کە ئەرکی ئەم وتوویژەتان قەبووڵ کرد.

– ئەمنیش مەمنوونی ئێوەم کە بەسەرتان کردوومەوە، پایەدار بن.

پرسیار: حەز دەکەین سەرەتا لەناوی تەواوی خۆتەوە دەست پێ بکەین وبزانین لە ساڵێکدا ولەکوێ چاوت بەدنیا هەڵێناوە؟

وەڵام: بەخودای کاکەگیان من سیننم (تەمەنم) ئەورۆکانە شێستە. ئەڵبەتە لە دێی "کولیجە"ی بەوەڵەد بووم، ئەوەشم بۆ مەعلووم نیە ساڵی چەند وتەئریخی چەند بوو، چونکە ئەوزەمان عالەم هێندە هوشیار وبەئاگا نەبووە تاکوو لەسەر شتی خۆی بڕوا، مەسەلەن لەسەر شۆرەت ونێو وزیندەگی و هەموو نەقڵەکەی خۆی. عالەمی ئەورۆش لەسایەی خولاوە برێک هوشیار و بەئاگا بۆتەوە ودەشزانێ لەگەڵ خەڵکیش بدوێ ودەشزانێ لە هەموو کارێکدا بە حیسابی بجووڵێتەوە ودەشزانێ بە سەربەرزانە داوای هەق و مافی وشتی خۆی بکا. ئەورۆ ئاوایە.

ئەوزەمانیش ئاوا نەبوو. نێوی تەواوم "قادری عەبدوڵلا زادە"یە بابم نێوی "محەممەد"ە وباپیرم نێوی "عەبدوڵلا"یە. بۆخۆشم ئەڵبەتە لەقەبم "قالەمەڕە"یە.

پرسیار: لەچەند ساڵێنەوە دەستت بەشمشاڵ لێدان کرد و خەریکی ئەم هونەرە بووی؟

وەڵام: لەحەوت ساڵەگی یەوە ئەمن دەستم بەو شمشاڵەی کردووە. بە کوللی ئەمن دەستم لێ هەڵنەگرتووە. کوتوویانە لە هەرجێ یەک کەسێک چوار ئاهەنگان دەزانێ خۆم گەیاندۆتێ هەتا سیننم گەیشتۆتە ئەو شێست ساڵەی. ئەلعانیش پێ یەوە دەگەڕێم بەخولای نەکەس هەیە بتوانێ

دەکەڵم بڵێ، نەکەس هەیە بتوانێ شمشاڵم لەگەڵ لێ بدا.

پرسیار: کام شمشاڵ ژەن و هونەرمەندی کوردستان کاری کردۆتە سەر هەست وسۆز و بەهرەت؟ چەند ئاوازی میللی بە شمشاڵەت لێدەدەی؟

وەڵام: مامێکی خۆم کەنێوی "رەحمانی عەبدوللازادە" بوو لە "کولیجە"ی دادەنیشت، مام

هەتا (تەنانەت) رادوێی ئیسفەهانێ، رادیوێی یەزدێ، ئی بافقێ.

کە دەڵێی چەند ئاوازی میللی بە شمشاڵەکەت لێدەدەی وەڵاهی پێم وایە ئەگەر لەکن خولای نەبێتە درۆ، هەچ هەوای لە دنیایە ئەگەر لە زاری بەشەری بێتە دەرێ، ئەمن دەیزانم، جا هەتا شیعر،

(بڵێی) چەند ئاهەنگان دەزانی؟ ئەوە بۆلێ پرسین نابێ، کاری لە هەزاریشدا نیە. هەرچی بەشەر لە زاری بێتەدەرێ، ئەمن دەیزانم. جا بەهەر لەون ولوغەتێکی بێ، بەعارەبی بێ، بەتورکی بێ، بەفارسی بێ، بەکوردی بێ، ئەمن دەیزانم وبۆی مەحتەل نابم. ئەوەش ئەمن ونەقڵی ئاهەنگ



برایم "برایمشەم"یان پێ دەکوت، هەرلە کولیجەی دادەنیشت، ئەویش شمشاڵی جوان لێدەدا. مامم و ئەو مام برایمە، ئەودوانە یەکەمین ئوستادم بوون.

یەک مامم، یەک برایم شەم، یەک "غەفوورە خڕە"ی کۆزەی، ئەوانە ئوستادی من بوون. هەتا ئەوان مان لەکن ئەوانم لێدەدا، لەکن ئەوان فێربووم. ئەگەر ئەوانیش ئەمری خولایان کرد و مردن، وەڵا ئیدی ئەوجا بۆخوم دەستمدا شمشاڵی وپێوە گەڕام هەروا شارەوشار ودێ ودێ. ئەگەر رادوێ داکەوتن، لە رادوێی تاران، رادوێی کرماشان، رادوێی مەریوان رادوێی سنە، رادوێی قەسری شیرین، رادوێی گورگان ئەلەوانە هەموو رادوێکان دەچووم وشمشاڵ تۆمار دەکرد



کۆرانی، نورحان خوێندن، مەسەلەن شیعری مەولوودنامەی سلاوات، هەرچی ئاهەنگی هەیە ونیە ئەمن دەیزانم وعاسێ بوونم نیە. ئیدی ئەگەر لە ئاهەنگانیش دەپرسی، ئەگەر دابنیشم لێی دەدم، یەک کالیمە ویەک حەرفی ناهێڵم غەڵەت بێ، ئەوەش ئاهەنگەکان. هیچ ئاهەنگێک لەچنگ من عاسێ نەبووە وعاسێش نابێ، بڵێی عاسێ بێ. ئەگەر شمارەی ئاهەنگانم لێ بپرسی و

زانینێ. ئەوا ئاهەنگێکیشت شمشاڵ بۆ لێدەدەم ....

هێندێک لەو ئاهەنگانەی ئەم هونەرمەندە بەشمشاڵ لێی داون ولەسەر شریت زەفت کراون:

کاکەمەم وخاتووزین فۆلکلۆر.

گەلۆ ـ فۆلکلۆر.

ئایشەگوڵ ـ فۆلکلۆر مەقامی، "سێوە"ی خۆشخوان.

پیرەهەڵۆ ـ مەقامی کاوەیس ئاغا.

قەڵای دمدم ـ فۆلکلۆر بەیت.

رمبازێن، هەوای بووک گواستنەوە ـ فۆلکلۆر.

هەوای چۆپی ـ فۆلکلۆر.

تەیری گەرمێن ـ فۆلکلۆر.

هەواری ترکانە ـ فۆلکلۆر، بەیت.

هەوای حەیران ـ فۆلکلۆر.

خانباجی ـ فۆلکلۆر.

پاشماوەی سەروتار

سالیان درازی بهاء حکومت نامردان بی دین بود. همانها که شرافت انسانی درنزدشان مفهومی نداشت وبرای عیش و نوش بیشتر زندگی را بکام هزاران مردو زن و کوچک و بزرگ تلخ کرده بودند. بله دوسالی که برای تاریخ مادوقرن ودوهزار سال بود. اما در این دوسال سراسر تلاش چیزی وجود داشت که بارسنگین کارو مشکلات را بمیزان بسیار زیادی قابل تحمل میساخت وآن چیزینبود جز احساس رضایت ،پشتگرمی وانتظار شما مردم خوب وگرامی. هر چند شما درنامه‌های زیاد وپرمهرتان افتخار راه‌اندازی این حرکت عظیم فرهنگی را به‌ما نسبت‌داده وشرمنده‌مان ساختید اما باید اعتراف‌کرد که اگر حمایت، تشویق و محبت شما نبود، هرگز این "شجره‌طیبه" به‌بار نمینشست. مادر قبال این همه لطف و صمیمیت شما چیزی نداریم تا تقدیم کنیم جز آنکه‌تمامی توان خودرا در راه شکوفایی هرچه بیشتر این نونهال مقدس بکار بندیم. روزیکه کار را آغاز کردیم انتظار نداشتیم که‌در فرصت‌کوتاهی بتوانیم نشریه‌ای با این کیفیت وکمیت ارائه دهیم. درنخستین شماره، وقتیکه دوره ابتدائی کار آغاز شده بود با استقبال بی نظیر مردم خوبمان مواجه شدیم وهزاران جلد"سروه" درمدت کمی نایاب‌شد. سروه چون موجی بزرگ منتشر شد ، از مرزها گذشت وبوصال دوستداران خود در نقاط مختلف‌کشور ودر بسیاری ازکشورهای دیگر رسید

هێمن:

اگر عمری از من باقی است

در این راه گذاشته‌ام

وهمه اینها درشرائطی تحقق میافت که کمترین تبلیغی برای آن صورت نگرفته وهنوز بسیاری، از انتشار آن بی اطلاع بودند. اینجابود که‌سنگینی باررا که‌بردوش داشتیم صدچندان احساس‌کردیم وباخود عهد بستیم که‌تابرآورده‌ساختن آرزوی تاریخی مردم خوبمان دست‌ازتلاش برنداریم. **استاد وپرچمدارمان که خدایش رحمت کند ،پیوسته درحالیکه اشک چشمانش باستقبال این حرفش میرفتند، میگفت:**

که اگر عمری از من باقی است‌دراین راه گذاشته‌ام. در **پی انتشار اولین شماره "سروه" کاروان تبریکات، پیامها و مقالات‌واشعار به سوی مرکز نشر براه افتاد. کاروانی که‌ازهر شهرو روستا واز هر کوی وبرزنی مسافرداشت. کاروانی که "محبت" "صمیمیت"، "حمایت"، "تشویق"، "همکاری" وانتظار برای آینده‌ای بهترو روشنتر" مسافرانش بودند وبر ما بود که‌ازاین همه مهمان عزیز پذیرائی کنیم.** اما مگر میشد بادست‌خالی،امکانات کم وکمبود تجربه پاسخگوی آن همه احساسات پاک بود؟

ازخدا مدد جستیم و با بهره‌گیری از هدایای معنوی، خوانندگان پرشور ودلسوز نسبت‌به تهیه مطالب شماره دوم اقدام کردیم باتوجه به وضعیت موجود مطمئن بودیم که کمترین فاصله زمانی ممکن تا چاپ نشریه دوم، چیزی در حدود، سه‌ماه خواهد بود.لذا تصمیم

گرفتیم که تا حصول شرائط مناسبتر نشریه بصورت فصلی ارائه گردد. بدین ترتیب نشریات بعدی یکی پس ازدیگری منتشر گردید.

فقدان استاد هیمن در آستانه یکمین سال تولد "سروه" رکود چشمگیری درکار ایجاد کرد که بلطف الهی وبا همت دوستان وخوانندگان عزیز نشریه پنجم باکمی تاخیر ودرتیراژ بسیار زیادی منتشر ودرمدت کوتاهی کمیاب شد. درحالی که همه ما درتلاش برای بهبود اوضاع وتقویت بنیه کاری بوده وباخود عهد بسته بودیم تا نشریه فصلی را قبل از اتمام فصل بدست خوانندگان محترم برسانیم با مشکل کمبود کاغذوزینک دربازار مواجه شدیم وبدین ترتیب متاسفانه علیرغم همه تلاشهایی که برای سرعت بخشیدن به کار صورت گرفته بود ،نشریه ششم دیرتر از همیشه بدستخوانندگان رسید

وباتوجه به انتظار طولانی که برای آن کشیده شده بود درمدت کوتاهی نایاب شد وما ناچار به تجدید چاپ این شماره شدیم. دراین اثنا هفتمین شماره "سروه" تولد یافت ودستان خوانندگان پر مهر ودوستدارانش رابوسید و اینک آخرین شماره ازسال دوم را دردست دارید که امیدوار- یم دیر بدستتان نرسیده باشد.

غنیمت فرصتی است تا نسبت به تمامی کاستیها و نواقص ازشما پوزش بخواهیم. همچنانکه پیشترآمد دربساط ما چیزی که جبران کننده حمایتهای شما باشد نیست جز آن که تمامی توان خود را برای هرچه بهتر ارائه کردن "سروه" بکار گیریم. دراین راستا گر توفیق خدا همره وحمایتهای بیدریغتان ادامه داشته باشد (که البته به هردو بسیار امیدواریم)عزم جزم کرده‌ایم که انشاءا ... ، ازسال جدید-ازشماره نهم به بعد) سروه راماهانه کنیم. این اقدام هرچند با توجه به وضعیت کنونی ما بزرگ مینماید اما در برابر سیل تقاضاهای مکرر وبسیار زیاد کتبی ،شفاهی وتلفنی شما،کمترین وظیفه‌ای است که انجام آنرا برخود لازم میبینیم. بدین ترتیب سروه ماهانه منتشر خواهد شد البته هرچند ممکن است کاهش فواصل زمانی انتشار مجله به تقلیل درصفحات آن بینجامد ،لکن بابرنامه‌ای که دردست اجراست تلاش میشود که با افزایش قابل توجه کیفیت وتنوع هرچه بیشتر مطالب(ضمن حفظ فرهنگی-ادبی بودن مجله) به درخواستهای خوانندگان ارجمند پاسخ مثبت داده ودعوت بحقشان را لبیک گوئیم. خامه سخت مایل است که مجددا" به رکن اصلی سخن برگردد وآن اینکه بواقع ،موجودیت "سروه" وتما-

امروز به فضل ایزد منان وبه همت دوستداران فراوانش "سروه" در هر کوی و برزنی و هر صدرو مخزنی خانه کرده و زیباتر از همیشه تاریخ ظلمت وسیاهی را چلچراغی روشنگر ودره‌های سرد و دوردست را بلندآفتابی گشته است. امروز بحث از سروه نقل هر مجلس ومحفل فرهنگی در داخل و خارج است.

میت این نهضت مقدس فرهنگی به‌عنایت وحمایت شما بستگی مطلق دارد. امروز برهمه بویژه بردست اندرکاران انتشار "سروه" **بسیار روشن است که این حرکت عظیم قائم به‌شخص ویا اشخاص ویژه‌ای نیست وسرچشمه اصلی حیات آن، قلوب مردم پاک، عاشق وبی آلایشی است که** هویت انسانی خودرا در قبال هجوم فرهنگی غرب وشرق زکف نداده وخودرا نباخته‌اند.

اینان لزومی به‌معرفی ندارند اینان درجای جای خاک پاک کردستان، معارف اصیل وناب را ازگذشته‌هایی دور، درصندوق سینه‌هایشان ازتاراج روزگار **محفوظ داشته‌اند.** استادان بزرگ فرهنگ وادب کردی که خدایشان حافظ باشد درشکل گیری وتداوم این جهاد مقدس نقش تعیین کننده داشته‌اند. اما آنچه که آنها راهم به‌حرکت وامیدارد وبه جسم نحیف وکهولشان جانی نو وروحی پرطراوت وبانشاط میبخشد علاقه، مدد وانتظار قلوب، دستان وچشمان مردم، است. **اساتید واقعی هماره سوژه‌های شعرو ادبشان را از داستان راستان رنج وتلاش، راحتی وفراغت، فرازونشیب وبالاخره سرنوشت غمانگیز ویا مسرت بخش همین مردم گرفته‌اند وچندان خود را در زندان خیالات واهی واباطیل** ذهنی محبوس نکرده‌اند. جان کلام آنکه این گمان که بین سونوشت این حرکت وسرنوشت افراد مخصوصی پیوندی وجودی برقرار است اهلیت خطا دارد...

رحلت ناگهانی استاد فقید هیمن درشرایطی اتفاق افتاد که باراطلی کار بردوش این

این گمان که بین سرنوشت این حرکت وسرنوشت افراد مخصوصی پیوندی وجودی برقرار است اهلیت خطا دارد.

پیر بود اما چنانکه خود پیش بینی میکرد وهمه ما به چشم دیدیم پس ازفقدانش نه‌تنها کارها نخوابید بلکه موج توفنده احساسات و حمایتهای گسترده مردم وفادار به‌این انقلاب اصیل فرهنگی امکان داد تا در نخستین شماره از"سروه بی استاد"، علاوه برپیگیری روال گذشته با افزودن ویژه‌نامه ازخادمی که جانش رادر راه خدمت به مردم، میهن ومکتبش فدا کرد قدردانی گردد وبدینسان حیات "سروه" ادامه یافت.

امروز به‌فضل ایزدمنان وبه‌همت دوستداران فراوانش "سروه" درهر کوی وبرزنی وهرصدرومخزنی خانه کرده و زیباتر از همیشه تاریخ ظلمت وسیاهی را چهلچراغی روشنگر ودره‌های سردو دور دست را بلند آفتابی رخشان گشته است. امروز بحث از سروه نقل هر مجلس و محفل فرهنگی درداخل وخارج است.

وه که چه‌گران مسئولیتی است پاسداری ازدستاوردهای این جنبش شکوهمند وچه سنگین باری است این کوله انتظار همه تاریخ راکه همهمه سروشی تنها ودررویا را، یارای حمل آن نیست که‌حمل آن جزبردوش همه و جز به‌جوش همه ممکن نخواهد بود

"خداوندانگه‌دارازززوالش"

سۆزی شکسپیر





عەزیز کەیخوسرەوی

شەکەت وشەمزاو لەگەشت وسەیران،بەلەزوبەز لەجێ خزام ،تالەو جەزرەبەوئازارەی لەشمی پرووکاندووە رزگار بم ،چونکە پاش ماندووبوونی لەس نۆرەی فرینی مەلی خەیاڵە ،رووحم لە نیشتەجێ تاراوگەکەم وەک پارێزکارێکی زیارەتچی هانای هێناوەتە رووگەی شۆخ وشەنگی پڕ شادی تۆ.

چاوی خەوالووی لەشەوگاری دەیجوور یدا کە هەرێم و هەڵبژاردەی کوێرانە ،ئاواڵە راگرتووە ،بەڵام من لەوتاریکاییەدا بەچاوی دڵ جوانیت دەبینم کە وەک گەوهەری شەوچرا بەشەوەزەنگی گۆڕئاسا دەدرەوشێتەوە و دیمەنی شەوی رەش بەجوانی بێ وێنەت رووناک دەبێتەوە.

گراوی خۆشەویستی من ! ئێستا باش ئاگاداری بەرۆژ جەستەم بەجەزرەبەی کاری بێ وچان دەپرووکێ ،بەشەویش رۆحم لەتاوی ئەوینی بێ گەردی تۆ گلاراویەتی.

کاتێک لەدەست بەختی رەشی خۆم ولەچەری خەڵکی سەرزەوی لەسووچی تەنیاییدا رەهێڵەی ئەسرین دەبارێنم ، لەتاوی چارەنووسی پڕخەفەتم. پڕبەدڵ هاوار دەکەم ،وەختێک لەجەوری گەردوونی دەستدرێژ ـ کەر کەگوێ ناداتەزایەڵەی ناڵەی بێ سوودو پسانەوەم ، سکاڵا دەکەم ،رۆژگاری کزی و بێ تینی خۆمم وەبەرچاو دێتەوە ونفرین بۆچارەنووسی کلۆڵم دەنێرم.

ئاواتەخوازم وەک بەختەـ وەران هیوا لەدڵی خۆم بەدی بکەم وئاواڵان بەدەورەمەوە ببینم .ساتێک ئاواتی پڕهەستی هونەروەران بەدڵ دەخوازم ئێرەیی بەبەختی ئەوانە دەبەم کە دەتوانن سووک و هاسان بەهەموو دڵخوازەکانیان بگەن.

ئەودەم یادی ئاواتە قڕکراوەکان لەخۆمم وەڕەز دەکەن ،لەنەکاو وێنەی خەمڵیوی تۆم بەدڵدادێ ورۆحم وەک بەرەبەیان کەچاوی بە گزینگی هەتاو بپشکوێ سۆزەی شادی هەڵدەکاتێ . لەهەردی تەماوی ومۆن بەرەوئاسمانی ساو هەڵدەکشێ، سروودی هیواو تاسە زەمزەمە دەکا ، چون ئەوکاتە بەیادی ئەوینی تۆم ،ئەوەندە خۆم بەتەیار و دارا دەزانم کە پلەی بەرزی هێژاییم لەگەڵ جێگەی هەموو میرەکانی سەرزەوی ناگۆڕمەوە

کاتێک بیرەوەری رابردوو لەدڵی کڕوکپمدا! زیندوو دەبێتەوە ،گڕی هەناسەی بەسۆم بەیادی ئاواتە نێژراوەکانم ئاگر لەهەناوان بەردەدا ،پەژارەی دەورەی ، رابردووم زیندوو دەبنەوە بەچاوی پڕفرمێسک یادی ئەو

خۆشەویستانە دەکەم کە لەمێژە بوونە دیلی شەوی بێ برانەوەی نەمان .

بیرلە پەژارەی ئەوینی خاک کراوان وئەودڵدارە خۆشەویستانە دەکەمەوە کە پەچەی قورسی نیسانیان بە سەردا کشاوە،جەزرەبەکانی مێژووی دوورودرێژی ژیانم دێنەوە سوێ.بێ هیواوژاکاو خولیای چارەڕەشی یەکانی رابردووی ئۆگر بەئەوینی ئاگرین لەپێش چاوم رێچکە دەبەستن،سەرنج دەدەمە دەریای پڕشەپۆلی ئەو فرمێسکانەی رشتوومن ،دەڵێی هێشتا دەس قەرزی ئەسرینە ـ کانی ژیانم نەداوەتەوە وسەر لەنوێ لێمشتی ئەسرین دەبارێنم .بەڵام نەشمیلانەکەم ئەگەر لەوماوەدا یادی تۆ لەرووپەری خەیاڵمدا بێ ، باری پەژارە لەدڵم کۆچ دەکا چون هەست بەوە دەکەم کە لە ژیانمدا هیچم لەدەست نەداوە .

زۆر جارم کازیوەی بەیانی دیتووە کە بەنیونیگای بلاوێنی دەڕوانێتە لووتکەی چیاکان .جارجار بەلێوە ئاڵتوونی یەکانی خۆی چیمەنی سەرسەوزو رازاوەی ماچ کردووە ،بەتەلەسمی سیحراوی خۆی ئاوەمەندەکانی زێڕەوشان کردووە .

زۆرجار دیتوومە هەوری ڕەشی دزێو دیمەنی رووناکی هەتاوی ئاسمانی حەشارداوە و نەیهێشتووە رۆژی روون خۆ بنوێنێ ،تاله شەرمەزاری "ئاکاری نالەباری ئادەمیزادی سەرهەرد"رووی زەوی دڵتەزیو داپۆشی ولەئاسۆی رۆژئاوا ئاوابێ .

هەتاوی ئەوینی منیش وەک بەرەبەیانی کورت لە ئاسۆی ژیانمدا درەوشا و تەوێڵی منی بەگزینگی دلڕفێنی خۆی رووناک کرد ، ژانە بەدی ناکەم . بەلای خۆی کەس لەمن جوانترنیە ، لە هەموان رێک وپێکترم، کردەوەم لەگشت کەس باشترە. پەیتا پەیتا وەک پیاوێک کەلە دوورەوە بڕوانێتە من وله هەموو ئەندامی لەشمدا جگە لەجوانی بەدی ناکا ، چۆنەتی بێگەردیم بۆچاوەکانم شی دەکەمەوە .

بەڵام هەرکە چاوم بڕی یە ئاوێنە وخۆم ئاوا پرووکا و



بەڵام بەداخەوە! سەردەمی ئەوتیشک هاویتنە کەمماوە بوو ،چونکە هەورێکی رەش رۆژی روونی گرتبووە باوەش هێشتا بەوحاڵەشەوە نەیتوانی جێ بەئەوینی من لێژ بکا ، چون باش دەیزانی کە تیشک هاویتنی رۆژی رووی هەردیش وەک خۆری ئاسمان کەمماوە و بێ دەوامە

خۆشەویستی بەسەر چاو و لەشمدا زاڵ بووە. وەها لە ناخی دڵمدا ریشەی داکوتاوە کە هەتوان بۆسارێژی ئەم

پرگنج ولۆچ تێدا دیت ئەو هیوایەی بەخۆم هەیە بە شێوەیەکی تر هەست پێدەکەم. جاوەختێک ناتوانم دیمەن و قەڵافەتی ژاکاوی خۆمم خۆش بوێ بەجوانی تۆهەڵدەڵێم بەوەبیرهێنانەوەی رەنگ و رووی جوانی تۆ بەتەمەندا ـ چوونی خۆم لەبیر دەبەمەوە .

کاتێک چرای ژیانم هاتە کزی وورده ورده لە سووتان کەوت وبەیەکجاری کوژاوە ، کەلەزەنگی بێ فەڕودڵتەزێن

لەزوور سەرمەوە دەزرینگێتەوە
بۆهەموو جیهان هەوالێ دەنێرێ
کە کەسێک لەم دنیا دزێوە
کۆچی کرد تا لە نێو گۆڕی
رەش لەشی ئامێتەی کرمی
دزێوتر لە دنیا بێ .
بۆنەمانم شیوەن مەگێڕن ،
تەنانەت بەخوێندنەوەی



شیعرەکانم مەلی بیروهۆشتان
بۆلای خاوەنەکەی نەفرێ،چون
ئەوەندم خۆش دەوێن نامەوێ
دلی پڕلە ئەوینتان سەبارەت
بەمن ناسۆرەکەی تەشەنا
بێتەوە .

کاتێک کە لە گۆڕی سارد و
تنووکم رادەکەن ودەڕوانن
ئەم شیعرە بێ بایەخەم ناوی
منتان بە زاردا نەیە با
ژین ئەوینم وێکرا مالێ
ئاوایتان لێ بکەن، ئاگایان
لەشین و شەپۆڕتان نەبێ .

ئەی هەوێنی خۆشەویستی !
یار لە دووریت ج زستانێکی
ژاراویم رابوارد،ج سەرما و
سۆلێکی زێدەلە وزە، لە
رۆحمدا هەست پێکرا ،ج رۆژگا–
رێکی لێل ووێلم بەشەوگاری
پڕ شەوەزەنگەیاند، چەند
خەفەتی پایز بەسەر ژیانمدا
زالێ بوون،دیسانیش وەرزی
دووریت زستان نەبوو،هاوین
بوو.هاوینێکی رازاوە و
دووگیان لەیاری وئەویندارى
بەهار وەک ژنێکی شوومردە
چاوەڕوانی لەدایک بوونی
منالێ بێ وپایزی پڕپیتی
پەروەردە بکا .

بەلام ئەودووحالی یە بۆ
من بێ سەمەر بوو بەرهەمەکەی
ئەوینێکی ناڕەوا بوو چون
هاوین وخۆشی یەکانی لە لای
من بەشێکە لە وجوودی تۆ .
ئەگەر بارگەت بۆ هەوار تێک
بنێی مەلە دەنگ خۆشەکان لە
جریوە دەکەون،ئەگەر جار
جارەش بجریوێنن ئەوەندە بە
سۆز وکولە وخەمو خەفەتی
لەگەلە کەم گەلای دارستان
هەست بە مەترسی زستان
دەکەن ولەتاوان زەرد هەلدە–
گەڕێن .

ئازیزەکەم: تۆقەت لە لای
من پیر نابی ،تەبیعەت
ناتوانێ جوانیت بەتالان
بەرێ. چون ئێستاش وەک
هەوەلین نیونیگای چاوەمە —
ستەکانت دلڕفێن وبێ گەردی .

ئێستا سێ سالێ رادەبرێ
سێ جار زستانی ساردوسڕ
جل وبەرگی رازاوەی هاوینی
دارستان ولێرەواری داڕنیوە .
سێ جار خەزەلێ وەر جێی بە
خوناوەی سەرسەوزی بەهاری
لێژ کردووە .سێ جار هاوینی
گەرم بۆنی گولاوی مانگی
بانەمەڕی لەباغ وگولشەن
بەتالان بردووە وبۆن وبەرا–
مەی گولانی گرتووە .

لەوماوەیەدا چوزە خەلفی
ساوای تۆ هەروا سەرسەوز و
گەش وبۆن خۆش وگولاو پژێنە .

سەرەڕای ئەوانە ،جوانی
وەک ئەقرەبەی سەعاتلە
سەر سەفحەی ژین دەخولێتەوەو
ئەو ژمارانەی رابواردنی
تەمەن پێشان دەدەن هەلدە
بوێرێ .

راستە جوانی تۆ دەگۆڕێ
بەلام هەروا تەڕوپاراوە .خەتا
لەچاوی منە کەلە ئاستئەم
راستی یە کزوبێ سوێیە .

ئەگەر وابێ ئەی رۆژگاری
داهاتوو کە هێشتا چاوت بە
دنیا نەپشکووتووە ، باش
بزانە بەرلەوە کە تو بێی
یەکێک مالێ ئاوایی لە ژیان
کرد کە شۆخ وشەنگی یەکەی
بەقەد جوانی هەموو
دلڕفێنەکانی سەر زەوی بوو.



هەبوو نەبوو کابرایەکی فەقیر بوو ماڵێکی خشپیلانە وجوانی بوو .شەوێکی دز لێی وەژوور دەکەوێ ،مجری یەک و لەتکە بەرەیەکی دەبا .کابرا وەخەبەردێ و وەدووی دزەی دەکەوێ دەیگرێتەوە . دەیباتە کن پادشای .

پادشای ئەو شارەش زۆربێ ئاقڵ دەبێ . قەرەوڵ ئیجازەی دەدەن ودەچێتە بارەگایە .. دەڵێ :

ـ جەنابی پادشای ئەوکابرایە دوێنێ شەوێ خۆی دەماڵەمن هاویشتووە هەتا دزیم لێ بکا ئەمنیش گرتوومە وهێناومەتە خزمەتت .

پادشا روو دەکابرای دەکاو دەڵێ :

ـ کابرا ئەتۆ بۆچی چووی دزیت لەوماڵەی کردووە ؟

کابرا دەڵێ :

ـ قوربان خەتای من نیە .خەتای خۆیەتی بۆخۆی دیوارەکەی کورت سازکردووە . بۆچی دیوارەکەی قوڵەسازکردووە هەتا من بتوانم پێیدا وەسەر کەوم .ئەگەر ئەو دیوارەکەی هێندێک بلێندتر کردبایە ئەمن نەمدەتوانی پێیدا وەسەر کەومودزیم پێ نەدەکرا .

پادشا بە کابرای دەڵێ :

ـ راستدەکا کابرا ئەتۆ بۆ دیواری ماڵەکەت نەوی سازکردووە ؟

کابرا دەڵێ :

ـ پادشا سلامەت بێ خەتای من نیە .خۆ بۆخۆم سازم نەکردووە .وەستا سازی کردووە . خەتای وی یە .

پادشا نۆکەران بانگ دەکا ودەڵێ :



ـ هەر ئێستا برۆن وەستای جەلب کەنە ئێرە !

نۆکەر دەچن لەهەرکوێ یەکی بێ ،وەستای دەگرن .قۆڵبەستی دەکەن ودەیهێننە خزمەت پادشای .پادشا دەڵێ :



ـ کابرا ئەتۆ ماڵە ئەوکابرایەت بۆ خرا کردووە ؟

ـ قوربان ئەمن بۆ خرام کردووە ؟

ـ ئەدی خراکردن چۆن دەبێ ؟ ئەوەنیە دیوارەکانت نەوی سازکردوون ،دز توانیویەتی وەسەر کەوێ ؟

ـ جاقوربان خۆئەوە خەتای من نیە !

پادشا دەڵێ :

ـ ئەدی خەتای کێ یە ؟

ـ پادشا سلامەت بێ ،ئەوە خەتای خشت بڕی یە .ئەو خشتەکانی چکۆڵە ساز کردوون . دەنا رەگەکانم لەفێتی خۆی داناوە .

پادشا نۆکەران بانگ دەکا ودەڵێ :

ـ هەرئێستا برۆن خشت بڕی جەلب کەن و بەشەقان بیهێننە ئێرە .با هەردووک چاوی دەربێنم جارێکی دیکە نەخەڵەتێ خشتی چکۆڵە ببڕێ !

نۆکەر دیسان وەڕێ دەبن ،کەم دەگەڕێن ، زۆر دەگەڕێن ،خشت بڕی دەبیننەوە . ئەویش قۆڵبەست دەکەن ووەپێش خۆیانی دەدەن بۆ بارەگای پادشای .پادشا دەڵێ :

ـ کابرا بڵێ بزانم بۆچی خشتت چووکە بڕیوە ؟

ـ بۆچی جەنابی پادشای ؟

ـ چۆن بۆچی ؟ ئەتۆ خەیانی ،خشتت چووکنە بڕیوە ،وەستاش دیواری پێ داناوە ،دیوار کورتی هێناوە .دز توانیویەتی پێیدا وەسەر کەوێ ودزی لەماڵە ئەو کابرایە بکا .

خشت بڕ کە دەبینێ پادشا زۆر نەفامە و ئەگەر بیانوویەکی سازنەکا ، سەری بەفەتەڕات دەچێ کەمێک فکر دەکاتەوە ودەڵێ :

ـ پادشا سلامەت بێ خەتای من نیە .

پادشا دەڵێ :

ـ ئەدی خەتای کێ یە ؟

خشت بڕ دەڵێ :

ـ خەتای دارتاشە .ئەوقالبی خشتەکانی چکۆڵە ساز کردووە وئەمنیش بەقەت خۆی قورم



تێکردووە وخشتەکان چکۆڵە هاتوونەدەر .دەبێ دارتاشی سزا بدەن .

پادشا نۆکەران بانگ دەکا ودەڵێ :
ــ لە عەرزی بێ ولە عاسمانێ بێ دارتاشی ببیننەوە وبیهێننە ئێرە . ئەوە گوناحبارم دیتەوە.جاخۆم زانی وئەو !.
نۆکەر بێرەوبەوێدا وەحەولەوەلا دەکەون. کەم دەگەڕێن زۆر دەگەڕێن ،دارتاشی دەبیننەوە .بە هەمان تەرتیب ئەویش قۆڵبەست دەکەن ودەیبەنە خزمەت پادشای .
پادشا رووی تێدەکا ودەڵێ :
ــ کابرا ئەتۆ خەتاباری .
ــ پلدشا سڵامەت بێ گوناحم چیە ؟
ــ چۆن گوناحت چیە ؟ قالبەخشتت چووکە سازکردووە .خشت بڕ خشتی چکۆڵە بڕیوە .وەستا دیواری پێدانا وە ودیوار کورتی هێناوە دز توانیویەتی پێیدا وەسەرکەوێ . ئێستا ئەتۆ گوناحباری .کوڕە داوەرن بیبەن دەستی ببڕن باجارێکی دیکە کاری وانەکا .
دارتاش دەڵێ :
ــ پادشا سڵامەت بێ ئەگەر دەستم ببڕن کارم پێ ناکرێ ،کۆشێکم منداڵی سەروپێچکە هەیە ،هەموو لەبرسان دەمرن .
پادشا دەڵێ :





ــ باشە ئەوە بەخشیمی دەستت ناپەڕێنم . کوڕە وەرن بەرن چاوێکی دەرێنن .
ــ پادشا سڵامەت بێ. ئەمن هەردووک چاوم دەوێ .دەبێ بە دووچاوان تەختەکە خەتکەم هەتا قالبەکان تەواو بێنەدەر ئەمما راوچی وەختی سێرەگرتنێ هەر چاوێکی هەڵدێنێ وچاوێکی دەقووچێنێ .ئەو چاوێکی لازم نیە دەستوور بدە بچن راوچی بێنن وچاوێکی دەرێنن .
پادشا نۆکەران بانگ دەکا ودەڵێ :
ــ هەتا لاسمێڵی راستەم بادەدەم راوچیم بۆلە بارەگایە حازر کەن !
نۆکەر بەلینگ دان دەڕۆن.وبە وڵاتیدا بڵاو دەبنەوە. زۆر دەگەڕێن ،کەم دەگەڕێن ، راوچی دەبیننەوە. قۆڵبەستی دەکەن یاڵڵا بۆ خزمەت پادشای !
پادشا دەڵێ :
ــ کوڕە راوچی ؟ دارتاش قالبدخشتی چکۆڵەی سازکردووە وخشت بڕ خشتی چکۆڵەی بڕیوە ،وەستا دەکاری کردووە ، دیوار کورتی هێناوە ،دز وەسەری کەوتووە وچۆتە ماڵە ئەو کابرایەی . جادەبێ چاوی دارتاشی

دەرێنین ئەمما چونکوو بەچاوێکی کـــاری
پێ ناکرێ دەبێ چاوی تۆ دەرێنین .ئەتـــۆ
وەختی راوی چاوێکت دەقووچێنی .

ـ پادشا سلامەت بێ .راستە ئەمن بۆ راوێ
چاوێکم دەقووچێنم ئەمما بۆ دیتنـــەوە و
شوێن هەڵگرتنی هەردووک چاوم دەوێ.جا بـــۆ
چاوی دەرکەوانی خۆت دەرناهێنی ؟ ئەو بـــە
چاوێکیش دەتوانێ بژی .

پادشا دەرکەوانی بانگ دەکا ودەڵێ :

ـ کورە ئەوە راوچی دەڵێ ئـــەمـــن بە-
چاوێکی ناژیم .ئەتۆ بە چاوێکـــی دەژی و
دەبێ چاوێکت دەرێنین .




دەرکەوان دەڵێ :

ـ جا قوربان ئەگەر چاوی راستم دەرێنن
لای راستە نابینم .ئەگەر چاوی چـــەپـــم
دەرێنن لای چەپە نابینم ئەدی ئەوە هاتوو
جەنابت لەلای چەپەڕا بانگت کردم خۆناکرێ



جوابت نەدەمەوە !

پادشا ئیدی وەڕەز دەبێ ،خەوی دێ دەڵێ :



ـ ئەدی چاوی کێ دەرێنم ؟

دەرکەوان دەڵێ :

ـ چاوی ئەوکابرایەی دزی لێکراوە .

پادشا دەڵێ :


ـ جا ئەو بۆ؟

دەرکەوان دەڵێ :

ـ چونکوو بۆ لەتکەبەرەیەکی ئـــەو
هەڵڵایەی سازکردووە ،

پادشا سلامەت بێ لەتکەبەرەیەک ئەوە ـ
ندەی دێنێ ؟

پادشا دەڵێ :




ـ ئافەریم بۆ ئاقڵت .ئەتۆ لە سبەینێ ڕا
وەزیری دەستەراستی .

دابگرن چاوی راستەی ئەوکابرایەی دەرێنن !
کابرا دزی یان لێکردبوو .پاشئەو هەمـــوو
ماندوو بوونەی چاویشیان دەرێنا !

ئەمنیش لەولاڕا هاتمەوە. کالەمدڕا ، چم
پێ نەبڕا .

ئێمه و خوێنه ر



نامەودیاریەکی زۆرمان لە لایەن خوێنەرانی خۆشەویستەوە بۆ هاتووە کە نیشانەی رێز و حورمەتی خوێنەرانی بەڕێزد بۆ سروە و کاربەدەستانی .

هێندێک لەونامانە لە بەشەجۆرواوجۆرەکانی سروەدا جواب دراونەوە وهێندێک جوابی تایبەتیان بۆبەرێ کراوە ،دیسانیش پێ رانەگەیشتووین جوابی هەموو نامەکان بدەینەوە ولێرەدا ناوی دەستەیەک لەم خۆشەویستانە کە نامە و دیاریان گەیشتووە دەنووسین وهیوادارین لە داهاتوودا بە هەموو شێوەیەک کەلک لە دیاریەکانیان وەربگرین و جوابیان بدەینەوە .

لێرەدا تکا لە خوێنەران و لایەنگرانی خۆشەویستی سروە دەکەین ئەم چەند خاڵەی خوارەوە وەبەرچاو بگرن .

١ـ لەم وتارانە کە بۆ ئێمەی دەنێرن، نوسخەیەک لای خۆیان رابگرن، چونکوو نووسراوەکانیان لەئارشیوی سروەدا هەڵدەگیرێ وناتوانین بۆیان بنێرینەوە.

٢ـ نووسراوەکان بەخەتێکی خۆش لە دیوێکی کاغەز بنووسن

٣ـ ناونیشانی خۆیان لە کۆتایی نامەکانیاندا بنووسن

٤ـ سەرچاوەی نووسراوەکانیان (ئەگەر تەرجومە و ئیقتیباسە) دیاری بکەن .

٥ـ نووسراوەکان بە رێنووسی سروە بنووسن .

٦ـ نامەووتاری بێ ناو و نیشان جواب نادرێتەوە ،ئەگەر کەسێک نایەوێ ناوی بڵاو بێتەوە بەنازناو وتارەکەی بۆ بڵاو دەکرێتەوە.

سروە

پیرانشار : رەحیم موجاویری محەممەدئەمین ئاگووشی ـ محەممەدئەمین عەبدوڵلازادە ـ قادر پیرەمێرد ـ رەحیمباپیر پوور ـ سەیدسمایل سەیدشوکری مستەفا محەممەدی ـ مستەفا عەزیزی ـ م . پەرێشان ـ وەستا محەممەد ـ قادر قادری ئەقدەم محەممەدئەمین مودەریس چەختی ـ محەممەد غەفووری ـ عومەر پالیش ـ محەممەدئەمین سەیدعەبدوڵلاهی ـ رەسووڵ محەممەدی ـ زوراژ مەنگوڕی .

سەقز : عەلی بەهرامی ـ جەلال رەحیمی ـ ناسرئاغابرا ـ مستەفا حوسێن پوور ـ مەحموود حاج رەحیمی ـ هومایوون ئەحمەدی ـ حامید خاکی ـ ناسر خادمی ـ محەممەد سەدیقی ـ فاتح حەیدەرنیژاد ـ سەیدئاغا محەببەت ـ رەسووڵ عەزیمی ـ عەلی ئاغابرا ـ سەلام سوارە ـ محەممەد ئەبولمحەممەدی ـ عەلی پەناهی ـ ئازادە فەرزانە .

بۆکان : ئەمیرمحەممەدی ـ سەلیم سالح زادە ـ تاها حوسێنی ـ شەریف عەرەبی ـ سەیدعەبدوڵلا خوسرەوزادە ـ محەممەد حەبیبی ـ فەرهاد شەریف نیژاد ـ عومەرحسامی ـ شۆڕش شەریفی ـ حامید ئەحمەدی ـ فەتاح شەریفی ـ محەممەد ئێلخانی زادە ـ ئەبووبەکر سالحیان ـ یۆسف مستەفا ـ ئیسماعیل پوور عەبدوڵلا ـ محەممەد ئەنکان ـ ئەمیر حوسێنی ـ محەممەد رۆستەم زادە ـ سولەیمان مرادی بێهزاد کۆچەری ـ ئەحمەد مەولانی ـ ئەحمەدگروە ـ عومەر سوڵتانی (وەفا) ـ محەممەد رەسووڵ بولەند گرامی ـ غەمبار ـ ئازاد پیرۆتی .

مەهاباد : کاوەئاهەنگەری ـ

کەریم مەرِشی ـ قادر بابا میری ـ رەحیم بەهرامی ـ ساکار ـ قادر محەممەدی ـ عەبدورەحمان شەنگە ـ کەریم رەسوولپوور ـ ئیسماعیل بەختیاری ـ ئەسعەد بیرشتی ـ بامەکی ئەنسارییان ـ ئەسعەد بریاحە ـ جەعفەر رەحمانی ـ تروسکە ئیسماعیل زادە ـ محەممەد موهاجری ـ رەسوول شەنگە ـ فەرهاد جیهان میهەن ئەحمەد ئەبووبەکری ـ حەمە باعەوان .

سەردەشت : عەبدوسەلام حەفیدی ـ بەشیل ـ رەشید ئازەربار ـ حوسێن سەحسەبوور سەیدتاهیر ئەبووبەکری ـ وشیار شەبستانی ـ محەممەد ئەحمەدی ـ عەلی هەلۆیّ ـ سەید عەزیز حوسێنی ـ سەعید رەمەزانی .

قوروە : رەحمان ئارمەند .

سەرپولی زەهاو : رەحمان ئارمەند .

ئیلام : سەید لەتیف قادرزادە و باقی هاورِێکانی

رەوانسەر : دلێر میرزا .

میاندواو : سولەیمان بێبەن ـ یاسر مەعرووفی .

مەرگەوەرِ : خالید سارم ـ عەبدوللا شەریف ـ حەسەن مستەفاپوور .

خۆی : خدر مەولوود رۆستەمی .

سمنان : بەختیار عەبدوللا بەرزەنجی .

ساوە : رەشاد رووستایی مستەفا مامەندچومانی .

تەوریز : عەبدوللا زێرین ـ سەعید محەممەدزادە ـ عوسمان قادری .

تاران : بیکەس .ع ـ محەممەد سالح ئیبراهیمی محەممەدحوسێن مەولایی ـ سالح عەتاری ـ عەبدوللا کەریمی تاهیر فەتاحی .

ورمێ : سەلاح یوسفی .

ئەهواز : سمایل قەزاق .

بووشەهر : سەلاح عەرەبی .

شنۆ : محەممەد پوورحەسەن. کەریم خالّ ئاغایی ـ مستەفا رەسوولی ئازەر ـ ئەحمەد رەحمانی ـ تارق سولەیمان هیرانی .

نەغەدە : مراد قادری ـ رەسوول قادری ـ سمایل عەزیزی ـ خدر بەهرامبەگی ـ عەبدولواحیدشوکری ـ سەباح ئەوبندار ـ کەمالّ تەلا ـ دیاری غەفووری ـ عەبدوللا حەسەن زادە ـ ئاوات ئەقراری ـ عوسمان ئەحمەدی ـ سەیدجەمال شوکری ـ خالید فەتاحی ـ قادر موزەفەری .

بانە : عەتا قازی زادە ـ ر. ئازاد ـ ئەحمەد ئەمینی ـ ئەمیر محەممەدی ـ عەبدوللا عەباسی ـ مەلاسابیرعیراقی ـ حوسێن بەفرین ـ سەیدمحەممەد بەرزەخ ـ رەئووف محەممەدی ـ خەلیل ئازادیخواز .

سنە : محەممەد زەمان شامرادی ـ فایق یوسفی ـ عەبدورەحمان مەردووخ ـ م . غەریبی ـ سیاوەش ئەردەلان ـ میرزا هەورامی ـ جەلال گەویلی ـ سەید فەیزوللا سەحادی ـ حامید کەریمیان ـ حەسەن رەحمانی ـ تۆفیق ئیبراهیمی ـ محەممەد رزگار سیراجەدینی .

باختەران : شکووە گەهریزی ـ ئەحمەد شەریفی ـ جەلال حوسێنی ـ حەسەن عەزیزی ـ مەحموود دەبیر فەلەک .

مەریوان : عوسمان سادقی محەممەد میهری ـ جەلال ئەسکەندەری ـ سەلاح محەممەدی مدریک کازمی ـ شلێر خالید پەنا ـ شنۆ خالیدزادە ـ جەمیل ئەحمەدی ـ کامرِان مەجیدی نیزام تاهیری ـ محیەدین قەلعی ـ جەمال سابیر ـ خالید رەئووفی ـ یاسر ئازادەگان ـ ماکوان کازمی ـ زرێبار فایقی ـ ئەحمەد زەمانی ـ محەممەد زەمانی ـ محەممەد کەریم سەدیق پوور .

کامیاران : سالح گیلاسی .

نۆدشە : خالید ئەحمەدی .

پاوە : باقی سەفاری .

ئالمانی رۆژئاوا : رەهبەر رِیزان .

یەکەتی سۆڤیەت : خالید نوورەدینی .

ئامریکا : کورمانج .

ئوتریش : پاراو .

هولەند : حەمەی مام ئەورِەحمان .

ئێمه و ...

؟:مرادعەزیزی ـ حیکمەت کوردستانی ـ ج.م. شەمزاو ـ م. عەبدولخالەق .

سوێد: مەریوان مەحموود کاوە شێخانی ـ دانا ئەحمەد سالح .

ئیسپانیا : عەزیز ژیان .

ئورووپا : س.م.غ ـ نوو ـ سینگەی تارا ـ پاکیزە سالح ـ نەهری شیروانی ـ

دەستەی نووسەرانی سروە شوینەواری ئەم ئازیزانەی پەسند کردووە وبە نۆرەی خۆی لە ژمارەکانی داهاتووی سروەدا چاپیان دەکەین .

محەممەد سەدیقی ـ عومەر فارووقی ـ عەلی بەهرامی پەرویز کەیخوسرەوی ـ سەلاح عەرەبی ـ سەید عەبدوڵڵا سەمەدی ـ فارووق وەفایی عەلی کەریمی ـ رەسووڵ رەش ئەحمەدی ـ سەید محەممەد سەمەدی ـ حاجی رەئووف سەلیمی ـ مستەفا رەسوولی ئازەر ـ مەناف مەولوودی ـ عەلی خانی ـ ئەبووبەکر ئەمیری رەسووڵ خدری ـ محەممەد سووتانی ـ خالید دەیلەمی سمایل قەزاق ـ حەمیدمەحموود نەزمی ـ سەیدخدر میرسەیدی محەممەد عەلی قادری ـ مستەفا شێخە ـ رەئووف محەممەدپوور چالاک ـ راوچی ـ عەبدوڵلا مودەریس ـ عەلی نانەوازادە جەعفەر روحی زاد ـ سیاوەش موکری ـ تەها قادر سپیکەیی

عەبدوڵلا ئەحمەدی ـ ئەدیبە ئازاد ـ نەسرین توڕابی ـ سەلام سەرایی ـ عەبدوڵلا غەفاری مستەفا عەتار ـ مام ئەوین سمایل رەحمانی ـ عەبدوڵلا وەکیلی ـ سەدیق سەفی زادە بۆرەکەیی ـ رەحیم زادە محەممەد حوسێن پوور ـ مستەفا ئێلخانی زادە ـ یۆسف اشنوی مەحموودزادە ـ رەحمان حاجی سەلام سوارە ـ خالەق عەلی ـ مەحموود شکاک نژاد ـ قادر فەتاحی قازی ـ محەممەد سالح ئیبراهیمی عەبدولحەمید حوسێنی ـ محەممەد رەئووف تەوەکولی ـ عەبدولخالەق ئەیازی ـ عەبدوڵلا سیراجی ـ ئۆرغان غالب ئەحمەد شەریفی ـ محەممەد ئێلخانی زادە ـ کەریم ئەسغەری رەشاد حوسێنی ـ عەبدوڵلا زێرین ـ دوکتۆر ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم ـ فەرەیدوون ریشقان ـ سەباح بەرزەنجی مەلارەشید قەرەنی زادە ـ مەلا عەزیز محەممەدپوور ـ حەلیل ئازادیخواز ـ محەممەد ناسر سیمای ـ فازل سەعید ـ محەممەد بەهرامبەگی .

سەید مستەفا زمزیری ـ حوسێن بەفرین ـ مەلا رشید بورهانی ـ رێبوار نەبەز ـ عەزیز عەزیز نژاد ـ قادر ئەحمەدی ـ نادر مستەفازادە ـ یۆسف فەتاحی قازی ـ رەسوول قادر نوور عەبدوڵلا مێمەندی پوور ئەحمەد مەولانی ـ مەلامحەممەد عومەری ـ عەدنان زەبیحی ک.د. ئازاد ـ مەلا مەحموود ئیبنولحەیات ـ سەلاح یوسفی حوسێن تەلەنگ ـ فایق یۆسفی ئەحمەد حاجی ئیسماعیل زادە بوران ـ عوسمان حەسەنی سمایل بەزاز ـ عەبدولقاسم بانە ـ جەلال قادر ـ محەممەد رەئووف تەوەکولی ـ رەسوول وەیسی ـ عەزیز کەیخوسرەوی گۆیژە زەنگەنە ـ مەزن زەنگەنە و ...

سەقز ـ هومایوون ئەحمەدی :

برای بەڕێز ، ئەم هەموو لوتف ودلسۆزییە هانمان دەدا حەول بدەین بلەی گۆوارەکەمان بتر بەرز بکەینەوە .


شیعرەکەت لاوازە .هیوادارین زیاتر حەول بدەی .

بەغدادە ـ سەیدجەماڵ شوکری :

کتێبی مێژووی لە بارەی کوردستاندا ، زۆرن و لە کتێبخانەش دەست دەکەون .

کورد گەلێکی ئارییە و بە دەسیسەی ئیستیعمار وبە هۆی نەزانی وجەیاڵەت، بەشێکی زۆری کەوتە بەردەستی تورکی عوسمانی وعەرەب .

پەندی سەرگۆڕ...



لەگەڵی یەکی زنجیرە چیای (ئاسلی) ، لە ناوچەیەکی سەرسنووری ئێران، بەردێکی تەختێک گەورە لە کەناری رووبارێک هەڵکەوتووە.

چەند ساڵێک لەمەوبەر یەکێک نووسینێکی لەسەر ئەم بەردە هەڵکەندووە تا ئێستاش بەچاکی دەخوێندرێتەوە، رۆژگار نەیسڕیوەتەوە ودیارە ناسڕێتەوە .

خەڵکی دەوروبەری ئەم چیایە ئەفسانەیەک لەبارەی ئەم بەردە دەگێڕنەوە ،دەڵێن گوایە کابرایەک لەژێر ئەم بەردە نێژراوە بەڵام کەس ناوی لەیاد نەماوە. کاتی خۆی راوکەرێکی بەناوبانگ بوو هیچ باڵندەودڕندەیەک لەبەردەستی قوتار نەدەبوو بەڵام لەبەر ئەوەی چاوچنۆک و بەرچاوتەنگ بوو هیچ پشوودانی نەدەزانی .

جارێکیان بە ژنەکەی گوت : "ئەمن بە کوشتنی بزنەکێوی یان دڵم داناکەوێ دەمەوێ بە زیندوویی بیانگرم !" .

چووەشاخان ونێری یەکێوی یەکی شاخ زلی کوشت و کەوڵی کرد وچووە نێو کەوڵەکەی و وای لێ هات کەس نەیدەزانی نێری بەکێوی نیە. کە خۆی بەم چەشنە گۆڕی بە دزە دزە لە کێوی یەک نزیک بۆوە . ئەورۆژە دنیا تەم ومژ بوو ،کێوی یەکان لە فێڵی نەدەگەیشتن ، هێندەی مابوو بکەوێتە نێو رەوەکەو دەستی خۆی بوەشێنێ لەو کاتەدا بە هەڵکەوت راوکەرێکی تریش لە چیای (ئاسلی) دەسووڕایەوە . تفەنگی بەدەستەوە بوو . کە چاوی بەو نێری بە گەورەیە کەوت زۆر شادودڵخۆش بوو . لە دڵی خۆیدا گوتی :

"ئەمکێوی بە زۆر زلە بە گوللەیەک ناکەوێ !" .

ئەوە بوو دووگوللەی گەورەی خستە بەرتفەنگەکەی و ئاگری دا . هاوارێکی بەسام لە هەوادا دەنگی دایەوە . راوکەر رایکردە سەر نێچیرەکەی ،بینی کابرایەکە خەڵتانی خوێن بووە .

راوکەر سامی لێ نیشت و هاواری کرد :

"ئەوە تۆچت لەخۆت کردووە تۆ بۆچی منت تووشی ئەم تاوانە کرد؟" .

کابرای نێوپێستی نێری یەکە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە وگیانی دا .

ئیتر کابرایان لەدەم رووبارەکە ناشت وئەوراوکەرەی کە کوشتبووی ئەم نووسینەی لەسەر کێلی گۆڕەکەی هەڵکەند


"ئەوەی پێستی خۆی بگۆڕێ دوو گوللەی بەردڵ دەکەوێ " .

بەردەکە ئێستاش لەدەم رووبارەکەیەوهەموو جارێ کە بۆراو دەچمە ئەم گەڵی یە نووسینەکەی سەری دووبارە دەخوێنمەوە .



گرانەتێ

"هێرش"



زانستی-تێکنیکی

گرانەتێ یا کەوتوویی نەخۆشی یەکی وەگر (موسری) و چلکن (عفوونی)ە. میکرۆبەکەی لەنێو چێشت وسەوزی و ئاودا دەژی. ئەم میکرۆبە بە زاردا دەچێتە نێو لەش. گرانەتێ زۆرتر لە بەهار وهاوین و پایزدا دادەکەوێ بەلاّم بە زستانیش دیتراوە. ئەم نەخۆشی یە لە هەموو تەمەنێکدا بەسەر مرۆڤدا دێ بەلاّم زۆرتر زارۆک ولاو دەیگرن.

نیشانەی گرانەتێ

ماندوویی، سەرئێشەی زۆر گرفتی (قەبز بوون) وجارو بارەش زگەشۆرە، خوێن رێژی دەم، ئاوسانی ریخۆڵە.

لەسەرەتای ئەم نەخۆشی یەدا دەرەجەی تێ دەگاتە (٣٨) و ژانەسەرو قەبزبوون وزگ چوون وکۆخەش دەست پێدەکا. دەتوانین بلێین گەورە وبچووک بە سێ جۆران تووشی ئەم نەخۆشینە دەبن:

١- عەوارێزی دەرگای هەزم، کە رەنگە نەخۆش تووشی تێ وزگەشۆرە ورشانەوە بێ.

٢- عەوارێزی ئەعساب، کە نەخۆش تووشی ژانەسەروگرفتی (قەبزبوون) دەبێ.

٣- عەوارێزی دەزگای هەناسەدان، کە کۆخە و برۆنشینی لەگەڵە.

لە هەرسێ جۆردا دەرەجەی تێ دەگاتە (٣٨) وهێدی هێدی دەچێتە سەر (٤٠). بە معایەنەی نەخۆشان دەرکەوتووە کە گازێکی زۆر لە نێوریخەلۆکە کۆدەبێتەوە وسپڵ (طحال)یش دەپەنمێ ولەئەندازی خۆی گەورەتر دەبێتەوە. لەئاخری هەفتەی هەوەڵدا، زگ و رانی نەخۆش زیپکە دەردەکا کە ئەویش وردە وردە لەبەین دەچێ. لەهەفتەی دووەمدا میکرۆبی گرانەتێ کە رەگەڵ رەوەندی خوێن کەوتووە لەوانەیە زۆرجێگای نێو دەزگای هەزم بریندار بکا. لەبەر ئەمە دەبێ چێشتی ئاوەکی بدرێ بە نەخۆش، چونکە خواردنی رەق یا پەیت دەبێتە هۆی خوێن رێزی یاکون بوونی ریخۆڵە.

عەوارێزی دیکەی نەخۆشی گرانەتێ بریتین لە:

ئاوسانی پەردەی دڵ، سەر ـ هەڵدانی زیپکەی کێماوی لە بەدەن یا مۆخی ئێسک، چلک و ژان کردنی گوێچکە وئێشانی گورچیلە.

ئەم نەخۆشی یە (١٥) تا (٢٠) رۆژان دەخایەنێ. هێندێک جاران پاشەوەی ئەم پەتایە بۆ دوکتۆر دژوارە ودەبێ خوێنی نەخۆشەکە تاقی بکرێتەوە.

گرتنەوەی گرانەتێ

١- گرتنەوەی راستەوخۆ.

٢- گرتنەوەی نا ڕاستەوخۆ.

راستەوخۆ

ئەو کەسانەی دەست لە

جل وبەرگ وجێگاوبان و شتومەکی ئالوودەی نەخۆش دەدەن،پێویستە بەرلەوەی کە دەستبۆ دەمیان بەرن بە ئاوی گەرموسابوون بیشۆنەوە .

ناڕاستەوخۆ

لە ولاتی ئێمە بۆ کوودی سەوزی وتەرەکاڵ و... زۆرتر کەلک لە پیسایی ئینسان وەردەگرن.دیارە پیسایی نەخۆشانیشی لەگەڵە وهەربۆیە سەوزی وتەرەکاڵ ئالوودە، دەبن وئەوکەسانەش کە بە نەشۆراوی دەیخۆن تووشی گرانەتێ دەبن .ئاوی پیسیش میکرۆبی گرانەتێی لەگەڵە ، چونکە هێندێک کەسی بێ خەبەر جل وبەرگ وقاپ وکەوچکی نەخۆش لەحۆگە و دەراوان دەشۆن .لەوانەیە شیری پاتاڵ وئاژاڵیش میکرۆبی ئەم نەخۆشی یەی لەگەڵدا بێ ، چونکە رەنگە دەستی شیردۆش ئالوودە بێ وشیرەکەش ئالوودە بکا . بەعزە شیرفرۆشێکی قازانج پەرستیش لەوانەیە ئاوی پیس بکەنە شیرەکە و دەرخواردی خەڵکی بدەن و نەخۆشیان بکەن .

پێشگیری

١ـ خۆبواردن لە خواردنی سەوزی وتەرەکاڵی نەشۆراوە ، بەتایبەتی لەکاتی بلاوبوونەوەی ئەم نەخۆشینەدا . سەوزی وتەرەکاڵ بەرلە خواردن دەبێ بەئاوی خاوێن بشۆرێتەوە ، پاش ئەمە چەند دەقیقەیەک بخرێتە نێو مەحلوولی پرمەنگەناتی دوپۆتاس ودوایی بە ئاوی خاوێن بشۆرێتەوە ، ئینجا کەلکی لێ وەربگیرێ . (.گرەمێک پرمەنگەناتی دوپۆتاس بۆ دە لیتر ئاو) .

٢ـ خۆبواردن لە ئاوی جۆگە وچەمی نێوشاروعەنبارا و. ئاوی کانی وئاوی دەستلێ نەدراو بێ زیانە . لەهەرەتی بلاوبوونەوەی گرانەتێدا واباشترە بۆشکاندنی تینوێتی ،چای کەمرەنگ یا ئاوی کولێوی ساردەوەبوو بخۆنەوە .

٣ـ دەبێ هەموو کەس نینۆکی خۆی بکاو دەست و چاو بەسابوون وئاو بشوا .

٤ـ ئەگەر لەماڵێکدا کەسێک تووشی ئەم نەخۆشی یە هات دەبێ تا زووە لەوانی دیکەی هەلاوێرن وقاپ وکەوچکی بۆ جودا بکەنەوە و جێگەکەی پاک وخاوێن رابگیرێ .

٥ـ لە هەموو شتێک باشتر ئەوەیە کە منداڵ بە دژی میکرۆبی گرانەتێ بکوترێ (واکسینە بکرێ) تا ئەم نەخۆشیە زۆر پەرە نەگرێ . واکسەنی گرانەتێ ئامێژەنی میکرۆبی تیفۆئیدوپاراتیفۆـ ئیدە کە بە گەرمایی زەبوون کراون .بەلام ئەگەر منداڵێک سیل و تێ و نەخۆشی قەند (دیابێت)و عەواریزی گورچیلە ودڵی هەبێ ،نابێ واکسەنی گرانەتێی لێ بدرێ .

٦ـ کە گرانەتێ بەسەر ماڵێکدا هات دەبێ دەستبەجێ بێهداری ئاگادار بکا تا پیاوی بێهداری بنێرن کەل وپەلی نێو ماڵەکە "ضدعفونی" بکەن .

چارە

نابێ چێشتی پەیت بدرێتە نەخۆشی گیرۆدەی گرانەتێ . تەنیا دەبێ شتی تراو بخوا.

کاتێک نەخۆش ژانەسەر و زگ ئێشەی بێ ئەگەر کیسەی سەهۆڵ لەسەر زگ وسەری دابندرێ .ئەگەر نەخۆش دڵی لەخێڵەکەوە بێ(زەعف بکا) وفشاری خوێنی کەمبێ دەکرێ لەدەوای تەقویەتی دڵ وەک (کامفر) کەلک وەربگرێ .ئەمڕۆ ئیدی گرانەتێ دەرمانی هەیە و نەخۆشان زوو خۆش دەکاتەوە .

دیاری

مەتەڵ

چەرم و ئاسن و کودولە
وێی دەخەن رەشی دوولا
سەرگەورە کردییە قوولە
" خەرەک "

بەخێشەوە بە مێشەوە
بە خالەقی دەروێشەوە
پەنجەی تەواو لە پاشەوە
پانیەی تەواو لە پێشەوە
" کوللە "

لە بەفری سپی ترە
لە قیلی رەشترە
لە وشتری بڵیندترە
لە پشیلەی نەویترە
" قەلەسابوونە "

لە ئاسمانێ تەبەق تەبەق
لەسەر عەرزێ کوچک و کەڵەک
بەخێر هاتی عەبا بەڵەک
" لەک لەک "

ئاردی هاڕیاو
ئاش نەدیتوو
" بەفر "

چوار مەڕ و شوانێک
حەوشێک و بانێک
" دەست "

هەر دەڕۆی و بەجێی دێڵی
هەر دەڕۆی و دەگەڵت دێ
" نیسی "

پەندی پێشینان

★ هەموو داعبا گۆشت خۆرە .
هەر ناوی گورگ بە دناوە .
★ شین و شایی دەستەوایە
★ ناکەسان مەکە بەکەس
کەسان مەکە بەناکەس
★ لە دووی چوان مەڵێ ئاخ
کوێرەکانییان مەکە باخ
★ سووک بڕۆ، سلامەت وەرەوە
★ سەر چاوەی چۆمی درۆ نزیکە
★ قەت خوێن نابێ بە ئاو
★ قەت رابردوو لە بیر مەکە
★ کەس بە خەیاڵ نەبووە بە ماڵ
★ هەر کە گلۆڵەت کەوتە لێژی
کەس چاکەت نابێژی
★ تا لەپی دەستت رەش نەبێ
تامی زارت خۆش نابێ
★ زەرەر لە نیوەش را
بگەڕێتەوە هەر باشە
★ میوان جێژنی خانە خوێی یە
★ دز بازاڕی ئالۆزی دەوێ
★ زمانە!، ئامانە!
هەتا ئەتۆم بی جیرانە!
ڕەحەتێ نابینم لەژیانە!
★ کەس دۆستی تێ شکاو نیە
★ هەر عەقڵەی لە خەسارێکی
★ گەورە ئاو دەڕژێنێ
چکۆڵە پێی تێدەنێ
★ زۆر گوتن قورئان خۆشە

* ئاگر ب ئاقی دتەمرە .
* ئاگر ئاقی نادە سەر شوون.
* ئاگر ب دارین هوور هلکە .
* ئاگر ل قورما دمینت.
* ئاگر هندی گەش بە ، گرار هندی خوەش دبە .
* ئاگر دۆست و دوژمنا ناس ناکە . .
* ئاگری گوڕ زوو دتەمرە .
* ئاگری کو دینەک هل کە ، سەد عاقل نەشین بقەمرینن.
* ئاگر هل نەکە دووکەلا وی بی بکەڤە چاڤی تە .
* ئاگر را نەلەیزە تی بشەوتی.
* "مومی" ئاگر بەردا کومی، خوەدا سەری زومی . .



کابرایەک دوو دوگمەی گەورە دەباتە لای خەیات و دەڵێ :
ـ کاکە زەحمەت نەبێ باڵتۆیەکم بۆ لەم دوگمانە بنێ !!

لێرەدا سپاسی کاک مەحموود شکاک نژاد ،جحشەمزاو ، دژوار خالید عەزیز ،عوسمان حاجی ،غەمبار ماژگەیی ،زریان محمد کاکەیی ،خوشکە ئەختەری شێخەلیسلامی، ئازاد عیسا سەید ئیسماعیل سدید شوکری وئەحمەد بەحری دەکەین کە بۆرازاندنەوەی ئەمبەشە یارمەتییان داوین.



کابرایەک دەچێتەلای سەرتاشێک ،سەری بتاشێ . کابرا ئەوندەی ئازار دەدا وئەملاو ئەولای سەری دەبڕێ لە تاوان نازانێ چی بەکابرا بلێ دوایە کابرای سەر تاش دەڵێ :

ـ کاکە بێ قەیدی بێ ئێوە چەند بران

دەڵێ :

ـ ئێمە ئێستا لە ماڵی خۆمان سێ براین ئەگەر منیش بە ساغی نەجاتم بێ دەبینە چوار .



زیندانی یەکەم :چەندساڵت زیندان بۆ براوەتەوە؟

زیندانی دووەم : هیچ سەعاتێکیشم زیندانی ناکەن

زیندانی هەوەڵ : ئەدی ئەگەر زیندانیت بۆ نەبڕاوە-تەوە بۆ لێرەی؟

زیندانی دووهەم : مەحکو-وم بە ئیعدام بووم !

دەگێڕنەوە لە ئاوایی‌یەک کابرایەک دوو تەغار گەنم بە یەکی دیکە قەرزدار بوو بەڵام لەوانە بوو حاشا بکا و نەیداتەوە . کابرای خاوەن قەرز لێ بڕاو دەبێ شاهیدێک بۆ خۆی پەیدا کا .جا بەو پێ وشوێنەوە وەڕێ دەکەوێ و دەگاتە لای دوستێکی و رووداوەکەی تێ دەگەیەنێ و ئەویش بەڵێنی پێ دەدا کە لەلای قازی شایەدی بۆ بدا . بەڵێ سەرت نەیەشێنم بەو جۆرە قەرزدار و خاوەن قەرز بەرەوبارەگای مەحکەمەی قازی وەڕێ دەکەون. قازی روو لە خاوەن قەرز دەکا و دەڵێ کوڕە ئەتۆ کە داوای گەنم دەکەی شایەدت هەیە . دەڵێ بەڵێ قوربان ئەوەتا شایەدم.قازی روو لە شایەد دەکا و دەڵێ بلێ بزانم ئەتۆ شایەدی ؟

شایەد دەڵێ : بەڵێ قوربان ئەمن شایەدم ، ئەو دوستەی من ٢ تەغاری جۆ داوە بەو کابرایە و ئێستا حاشای لێدەکا .

قازی دەڵێ:کوڕە ئەوە دەڵێی چی ؟ گەنم یا جۆ ؟

شایەد دەڵێ قوربان ئەمن شایەدم کارم بەوەی نیە. یانی نازانم گەنمە یا جۆ ؟





کابرای هەژار کوڕی بۆ دەرسی راهنمایی ناردە شار . کوڕە داب و نەریتی شارستانەتی دی و خوو وخدەی خۆی لەبیر چۆوە .هەرکە دەچۆوە دێ ،دەستی لە رەش و سپی نەدەدا و کاری نەدەکرد خۆی بادەدا و خۆی رادەدا ، دەیگوت : سیکلم !


بابی بەتاقی تەنێ هەموو کارێکی دەکرد .

رۆژێک گوێ درێژی کابرا مانی گرت ونەڕۆیی . کابراش توند نەقیزەکەی تێوەژاند و دەنگی دا :

هەچە هەم ..تۆیش سیکلی؟!

کۆنەهەواران

"عەدنان رەبیعی"



پاش مەرگی خاڵۆم شەرتم کرد ئیتر روو لە هەواری ئەوان نەکەمەوە وکۆنەهەواران نەبینمەوە .چون هەرگیز بەبیرمدا نەدەهات ئەو گوڵ و گوڵزازوکانی وچیاوهەرد و هەوارە شیوەن وگریانی تێکەوێ . من کەبەچاوی خۆم دیبووم گەورەپیاوانی ئەم مەڵبەندە لەدەوری کۆدەبوو ــ نەوەوویڕای قسەوباسی شیرین لەکانیاوی ساردی هەواران چا یان ساز دەکرد و دەیانخواردەوە وبەیین بەینیش قلیانیان دەکێشا . رۆژانی هەرەوەز یان گەلە دروێنەم دەهاتنە بەرچاو کە پیاوانی ئازاو لاوانی ئاوایی چەند بەخۆشی ئەو هەموو گەنمەیان درەو دەکرد و باخەیان دەبەست ،وکێشەیان دەکرد . ئەو کاتانەیان بە سیاچەمانە وگۆرانی وقسەی خۆش دەبردە سەر .

قووقەی کەڵەشێرو فرتەی مریشکم وەبیر دەهاتەوە کە پۆل پۆل جووچکەی جوانیان بەشوێنەوە لەدەوری کەوێڵ دەگەڕان .دەنگی هۆهۆ و بەربەری خاڵەی حووتیار ، قاسپە قاسپی کەوی نسار لە دەمەوبەیانی بەهاردا و..... هەواریان زیاتردەڕازاندەوە . گڤەگڤی چراتۆڕی شەوانە کەبە لقی دارەگێلاسی بەر کەوێڵەوە هەڵواسرابووەوشنەی بادەی لەراندەوە، کە بە تریفەی رووناکی دەوروبەرەی وەکوو رۆژ رووں دەکردەوە ، جێگای سەرنجی تایبەتی بوو .

شنەی بای بەیان ودیمەنی بەرزورازاوەی هەوارگە و حەوی شەوانە کەچاو دەبڕیتە ئاسمانی شین وپڕ ئەستێرە : هەموو جێی باسێکی جودان .

لەبارەی تەبیعەت وپاکی و خاوێنی ولەخۆ بوردوویی وئازایی پیاووژن ولاوانی ئاوایی تا بنووسرێ کەمنە . ئیتر لە شی کردنەوەی ئەو هەموو جوانی وپاکی یانەدا هەستی دەروونی من کەمە و قەڵەم لە عاستی شەرمەزارە .


پاش چوارساڵ،پێمنا بە جەرگی خۆمدا وقەرارم شکاند وبڕیارمدا کەبڕۆم وچاوێکم بەهەردوهەوارانی جارانی خاڵۆم بکەوێ .

رۆژێک بەرەو هەوار وەڕێ کەوتم . لەرێدا بیرم لەم شتانە دەکردەوە داخۆ پاش کۆچی خاڵۆ لەم چوارساڵەدا هەوار چی بەسەر هاتووە ! هەوەڵیں کات چی دەبینم .هۆهۆ وبەربەری مامەی حووتیار، قاسپەقاسپی‌کەوی نسار ، بارە بارەی مەڕوبزنی بەچە . گوڵ و گوڵزاری بەر کەوێڵ و ...... هەرچی نزیکتر دەبوومەوە حەموپەژارە پتر دایدەگرتم . چون قەت وەبیرم نەدەهات ئەم جێگایە بەم چەشنە ببینمەوە .

لەنەکاو ریزەچناری بەر هەوار دەرکەوتن.بەدیتنی گەڵای زەرد وداری وشک بەجێی سەورایی وچەتری جارانیان. چاوانم پڕبوو لەئاو . زامی دڵم کولایەوە .هەرچی دەچوومە پێشەوە بەو دیمەنانە زیاتر دڵتەنگ دەبووم .

ئەم شیعرەفۆلکلۆرەهەورامی یە ــ م بیرهاتەوە :

ئاروورام کەوتەن کۆنەهەواران
دماو بالاد تۆ وەشیمنەویاران



ئارووڕام کەوتەن هەوارەبەرزە
من لاوکی ش بەڕوویی دادعەرزە
ئارو لووانی کۆنە هەواران
شادی چەن سالەیم بەخەمویاران
و .....

هەر بەم خەیالانەوە دەڕۆیشتم تا گەیشتمە بەرکەوێلی هەواری خالۆم. بەلام ئەم هەوارە وهەواری جارانی خالم ئاسمان وزەوی یە. ئەمجار ئیتر لەهاژەی چراتۆڕو کۆڕ و قسەی خۆش وگۆرانی و .... باسێک نیە !

کە سەرم هەلێنا دیم ئێوارەیە و وردە وردە ئەستێرەکان بە ئاسمانەوە دەدرەوشێنەوە. مانگەشەو تریفەی رووناکی هەلدەڕشتە ئەوناوە.

کەورد بوومەوە، لەسەر لکی پاساری کەوێلی وێران بایەقوشێکی درێوو ناپەسەندم کەوتە بەرچاو. کەبە دەنگی ناخۆش دەیخوێند وپەردەی کپی شەوی دەدڕاند. بە چاوی کریان ودلی غەمگینەوە لە بەرانبەری دانیشتم و گوێم بۆ راگرت. ئەویش رووی تێ کردم وهەربە کۆکۆ هەلیدایە :

– کاکی رێبوار، ماندوو بەبی. چۆن بوو ریگات کەوتە ئێرە !

– ئەگەر بۆدیتنی ئێرە پیاوان وهەردوهەواروگولزاری ئێرە هاتووی جودا نەبهێنێ وفاجب بکێ !

– ئەگەر هاتووی چایی گەرم وئاوو دۆی سارد بخۆیتەوە ،شووتی وکالەک و حەیارۆ بخۆی،دەک بەزەهری مارت بێ !

– ئەگەر هاتووی سەیری تاوگە وشیناوەردودارستانی هەوار بکەی ئەوە خەیالی خاوە.

– لێرە جگە لە گەلای زەرد وداری رەش وسووتاو هیچی تر نابینی. لەجیاتی دەنگی کەلەشێرومامری ئاوەدانی ئێستا هۆ هۆی بایەقوشە !

– ئەگەر هاتووی پیاوان و لاوانی بەجەرگ وهەرەوەزیان بینی ،جگە لە پۆلە کۆتری مزگەوتی چۆل، کە لە حارە گەنمی سالاندا دەسوورێنەوە هیچی تر نابینی !

– ئەگەر هاتووی گێلاس و ھلالووک بخۆی،ئێستا دەنگی ئەوانە فرمێسکی چاوی رێبوارانی ئەم هەوارەیە کە بەرۆژا لێرەوە تێدەپەڕن !

– ئەگەر هاتووی لەهەواری خالۆ تاوێ بەخۆشی رای بوێری بەهەلە چووی ! چەند سالێکە ئەم کۆنە هەوارانە لەجێی هەو هەو و بەر بەری جووتیاران هۆ هۆی بایەقوشان دەنگ دەداتەوە. ئەمە چەند سالە شێری بێشەی ئەم هەوارە بارگەیان پێچاوەتەوە ولە دەشت ونسارو کانی و هەوار مال ئاوایی یان کردووە !

تاوێک بێ دەنگ بوو دیسان هۆهۆی کێشاوەوگوتی :

– ئەمە پەندی پێشینیانی کوردانە کە دەلێ

"یاگەی شابازا کوکوری موازا "

منیش ئەم شیعرە جوانەی مەلای جەباریم وەبیر هاتەوە کە دەلێ :

"هۆهۆی بایەقوش شەو وە هەردەوە
زام دەیرینان تازە کەردەوە "

حەوتوویی



دەستەی نووسەرانی سروە

یەکیک لەهاوکارەکانی "سروە" ماوەیەکە تووشی نەخوشی یەکی سەیروسەمەرە بووە. عەدەدی (۷)ی لی بوتە رمووزن! شەوانە هەر چاو لەسەریەک دادەنی (۷) وەک تیرە دوولکەژەهراوی یەکەی روستەم کە ئەسفەندیاری پی کوشت لەچاوی رادەچی! بولای هەر دوکتوریکیش دەچی دەست بەجی (۷) جوری ئازمایش و (۷) جور دەرمان و (۷) روژی حەسانەوە بودەنووسی. بەلام ئەمکارانە هەموو بی سوودن، (۷) دەست بەرداری نەبووە وخواردن وخەوی لەدەست ئەم ژمارەپیروزە لی هەلگیراوە!

ئەم هاوکارەخوشەویستە تا (۷) مانگ لەمەوبەر ساغ وسەلیم بوو. قەت نەیدەزانی نەخوشی چیە وهەمیشە بەکەیف ولەسەر باو بوو. (۷)مانگ لەمەوبەر هاوکاری خوی لەگەل دەستەی نووسەرانی سروە دەست پیکرد. بەرە بەرە لەکزی ولەحەری دا وتووشی پەریشانی وداتەکاوی هات وسەرئەنجام ئەم نەخوشی "لەحەوت ترسان"ە رووی تیکرد. واژەی "حەوت سەرزارەکی بەم نیشانەیە (۷) دەگوتری کە

لەریبووسی زمانی کوردیدا
دەکار دەهینری وهاوکاران
"فعل وسعەت وفاعیل" یان
لی سار کردووە وەک
"حەوناندن"، "بەحەویت"
"محەوەت" ورۆرشتی دیکەش!
دوکتورەکان دەلین بەخوشی
"لەتاریکی ترسان"، "لەمردن
ترسان"، "لەداهاتوو ترسان"
"لەئازارو بەخوشی ترسان"مان
هەیە بەلام بەخوشی "لە حەوت
ترسان" لەقامووسی پزیشکیدا
نەبووە ونەنیسراوە!

من دەزانم نەخوشی ئەم
هاوکارە چیە! یەکەم جار
چەند وتاری تایپکراومان
دابەدەستی وگوتمان لەسەر
ئەوبیتانەی کە پیویستە (۷)
دانی. ئەویش زوربەوردی
وتارەکانی خویندەوە و (۷)ی
لەجیگای پیویست دانا ودیسان
پییاندا چووە و ئەو
جیگایانەی کە لەبیرچووبوون
(۷)ی بودانان. پاش ئەوەی
گووارەکەمان لەچاپ هاتەدەر
وخوشی کەئەم ژمارەیە
هەلەی کەمە، چاوەروانی
نامەی دوستان بووین. نامە
یەک بەدووی یەکدا هاتن
دوستیک نووسیبووی:
"بابە ئیوە لە سروە
چ کارەن! ئەم ژمارەیەم
خویندەوە (۷) هەزار (۷)ی کەمە
و..." یەکی دیکە نووسیبووی
"وتارەکەی من (۷۷۷)حەوتی
کەوتووە!" برادەریک لە
کرماشانەوە نووسیبووی(۷۷۷۷۷)
حەوت کەوتوون!"

پاش بلاوبوونەوەی ئەم
ژمارەیە لەگەل "دەستەی
نووسەران" کەلەسەریەک حەوت
کەسین پەیمانمان بەست کە
هەموو هیزوتوانا وهوشی
خومان کوکەینەوە ونەهیلین
چی دیکە خوینەرانی خوشەویست
گلەیی (۷)مان لی بکەن.
بوژمارەی دوایی هەر وتارەی
(۷) جار لە لایەن ئەم حەوت
ئەندامەوە خویندرایەوە!
هەزاران(۷) لەسەر هەزاران
بیت وواژە هەلرژان. پیمان
وابوو ئیتر تەواوە. "سروە"
ئەمجار بی هەلە دەبی و
دەتوانین بەسەربەرزی یەوە
لەگەل خوینەران رووبەروو
بین.

پاش (۷۷)روژ ئەم ژمارەش
لەچاپ دەرچوو. وەک هەمیشە
نامە،یەک بەدوای یەکدا
هاتن. یەکەم نامەمان کردەوە
وبە سەرنجەوە خویندمانەوە.
پیتان وایە چی نووسیبوو!
فەرموون!

".... نازانم بوچی هەلەو
قرتاندن و... لەم گووارە
نابری. لەموتارەدا کە بوم
ناردوون،چاپتان کردووە لە
(۷۷) جیگا (۷) دانەندراوە!
لەوەش خراپتر (۷)واژە رستە
لەقەلەم کەوتوون!!" چەند
نامەی دیشمان بەترس ولەرزەوە
خویندەوە لەهەموواندا هاواری
(۷) بووا" بەمجورە وردە وردە
ترس لە (۷) گیان ولەشی
هەموومانی داگرت، بەلام ئەم
ترسە لە هاوکارەکەماندا لە
هەموومان زیاتر بوو. هەر
جیگایەک رووی تی دەکەین
باس باسی کەمبوونی حەوتە!
زۆرکەس پیمان دەلین، "ئیوە
حەوت زەلام،لە "سروە" چ دەکەن!
ئەو حەوتانە بودەخون!؟ بەم
جورە،نەخوشی "لە حەوت
ترسان"یان "حەوتوویی" وەک
کەوتوویی هەرەشە لەسلامەتی
هەر حەوتمان دەکا وهەرئیستا
یەکیک لە هاوکارەکانمان
تووشی هاتووە! دوکتورەکانیش
هیچ دەرمانیکمان پی نادەن
ناچار هەموو روژی بەخومان
ومال ومندالمانەوە ئەمدوعایە
دەکەین:


"ئەی خودای (۷) تەبەقەی
عەرزوعاسمانان بوخاتری
گەورەیی خوت ماشینیکی چاپ
بەنسیب "سروە" بکەی کەخوی
(۷) لەسەر پیتەکان دابنی و
ئەم حەوت مەزلوومەی
"سروە" لەچەنگ ئەم هەمحوو
گلەیی وبناشتەی خوینەرانی
بەریز رزگار بکەی! ئامین
"یارب العالمین!".

تی بینی:
لەترسی هاوکارە
لەحەوت ترساوەکەمان
ئەم وتارە بی (۷) چاپکرا.
تکایە حەوتهەزار نامەی
پر لە گلەیی مان بومەنیرن!




جەدوەل

تێبینی . لەپڕ کردنەوەی ئەم جەدوەلەدا هەموو ئوسوولی ڕێنووسی کوردی بەپێی ڕێنووسی هەڵبژێردراوی ئەم گۆڤارە ڕەچاو کراوە حسکە لەدوەی نیشانەی (٧) دانەنراوە . واتا ئەکەر بۆ وێنە وشەی (شر، کول، زۆر، شێر و . .) ی تێدا بێ بە شکڵی (شر، کول، رور ، سیر و . .) دەنووسرێ



١ـ خۆی بە پێغەمبەر دەزانی و نۆشیروان کوشتی ـ گراوی مەم ٢ ـ شاعیرێکی کورد کەناوی فەقێ قادرەو شیعری "پیرەدار"ی گوتووە ـ پەرەنگ وپوولەکەی کۆبەی کەوا ٣ـ ئافەتی هەنگ ـ زێڕو زێو ـ کەس وکار ٤ـ خمی شین ـ ئامرازێکی پرسیار ـ پلاوی بێ سەلە ـ دەفروئامانی لێ سازدەکرا ٥ـ دووپاتی بکەیەوە بەبانگ وسەلا دەگری ـ دۆستی خاوێن ـ دووجار پیتێک ـ گەلەپا تاڵ ٦ـ نیوەی ماوە ـ ئاوێنەی فکروهەست وخەیاڵ ـ تەکبیر ٧ـ گیای گێرەکراو ـ خێوی جوانی ـ جێ ٨ـ بووکی تازە ـ نێرەبەراز ٩ـ "شریت" یشی پێدەڵێن ـ راواندن ـ کوڵ ـ ١٠ـ تاری یەکەی بەخێروبێرە ـ داوا ـ سرک ورەوەک ـ ١١ـ دەغلێکە ـ دەریای عەرەبان ـ داردەری دەکا ـ سەوز ١٢ـ وەک ئەوە ـ بەد ـ ئاوەزوفام ـ بنۆس و عیللەت ١٣ـ زیت وژیر ـ مێلاقی پێ هەڵداوەسن ـ مەڵبەند وناوچە ـ ١٤ـ رووبارێکی گەورەی دراوسێمان ـ هەم ناوی گوڵە هەم ناوی کچ ـ بەکارێز چاری دێ ١٥ـ کەوتووی گرێ لێ براو ـ پۆرگی سووتان ـ سەم .

١ـ دەڵێن کوڕی برایمپاشای یەمەنە ـ مەودای نێوان دووسەری هێڵ ٢ـ گەلە کۆمەگ ئاژەڵدار بەهاران رووی تێ دەکەن ٣ـ تێشووی زستان ـ کەوی ـ نای تورکی ٤ـ ژمارەیەکە ـ بەرهەمێکی مامۆستا هێمنی نەمر ٥ـ ئێل وعەشیرە ـ لەگەڵتان نەبێ نابێ بەکر ـ خواردنی کەم نایشکێنێ ـ هێڕی نێوک کەوتوو ـ ئەگەر بیدەیەوە نەتداوەتەوە . ٦ـ خانموخاتوونی ماڵ ـ روانین ٧ـ گریانی بەقەستی ـ تژی ٨ـ خوو ـ هەڵڕژاو ـ پاڵەوانی فارسان ٩ـ قەفەس ـ بێ باوک وسێوی ١٠ـ سەروبنی تەماتە ـ شارێکە لەجنووبی کوردستان مەهابادی چووە ـ قین وتووڕەیی ١١ـ دەموکات ـ لەبن لەهجەی سنەدا هەیە ـ قەڵاتی مێران ١٢ـ دەنگی گوللەومێشوولە ـ تەڕ نیە ـ لق وپۆ ١٣ـ برین ـ باسکلاوەکەی خۆشترە ـ سووک وچرووک ١٤ـ سی سەراوبێ ـ لەمپەرە بەناوبانگەکەی فەرانسە ـ تەشتی گلێنە ١٥ـ چلێس ـ بەیچەڵ وئەستێور ـ پەز .



لەنێو ئەوکەسانەیدا کەپڕکراوەی دروستی ئەم جەدوەلەمان بۆبنێرن بەپێی قورعە یەک کەس بە بەرندە دەناسرێ .جایزەی بەرندەی جەدوەل بریتی یەلە ساڵێک ئابوونمانی گۆواری سروە .بەرەندەی جەدوەلی ژمارە ٦ خوشکە شیرین بابان بوو .

پڕکراوەی جەدوەلی (٧)

تەنگەژە

خەزەڵ وەرێنە ، پاییزە
گوڵ ژاکاوە ، بولبول زیزە

هەڵی کردۆتێ ڕەشەبا
لک دەشکێنێ گەڵا دەبا

پەل وگەڵای دەسەردارا ن
بوونە پێ شێلی ڕێبواران

هەرچی دەنازێ بە بەری
شەختە دێ ودەگاتە سەری

خۆش ئاوازەکان بێدەنگن
کەسک وسوورەکان بێ ڕەنگن

بێری بێزار بوونە لەڕان
شەوێن بەجێ ماون بێ شوان

هەوار پەپووی لێ دەخوێنێ
بێ خێوە بەردی پالێنێ

هەور لووتی داژەنیوە
تەماڵی بەتەم تەنیوە

بۆوەی دنیا بکاتە خەو
حوکمی داوەتە دەستی شەو

گیاندار هەموو لێک نەبانن
تاساوی سامی زستانن

پاییز قاسیدی زستانە :
"بەڕەی هەژار لە دڕانە"

جا بە قەولی کوردە دەڵێ
زستانیشی بێتە گەڵێ

تەیرو تووران ڕەق هەڵێنێ
سنووری خونچە بشکێنێ

شیناوەرد شپرێو وشڕکا
بگرێ ،ببڕێ ، بکوژێ ، قڕکا


خۆر لە نێو هەوران بنێژێ
پزوو و ڕنووان دابڕێژێ

بووکی پەردوو پەردووگیر کا
زاوا لە هەیبەتان پیرکا

بە چلوورە وسەهۆڵ بەندان
تیر هەڵبەستێ لەسەر دوندان

پیرە لەک لەک چلوو بڕکا
کۆرپەی ساوا کوت وپڕکا

خۆبە زۆری داسەپێنێ
کۆشکی ئاواتێک بڕمێنێ



ح. ڕەشیدی زەرزا



دژوارە کەس خۆ ڕاگرێ
دژ بە سەرما پێ داگرێ

لەبەر ئەو هێرشە نەبەزێ
بەم زەبرە جەرگی نەتەزێ

بەڵام بێتوو کەسێک نەمرێ
بەری ئەو هەڵمەتە بگرێ

هەتا بەم تەنگانە ڕادێ
بەهاری فەرعانەش دادێ

